# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٨)- (٢٧)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٥


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا**

## پرۆژەی " دڵنیایی تەندروستی " لە وەزارەتی تەندروستی تەواو بووە و لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە، هیوادارین لە پەرلەمانیش دەنگی لەسەر بدرێت و ببێتە یاسا




**کێشەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە بایەخ بە تەندروستیی گشتی نەدراوە و ئەوەی لە کەرتی تەندروستی هەمانە، تەنیا خزمەتگوزاریی پزیشکییە و خزمەتگوزاریی تەندروستی نییە**

**لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش سیستمی دکتۆری خێزانمان نییە، هەتا ڕێنیشاندەری نەخۆش بێت، لە بنکەی تەندروستییەوە تا دەگاتە نەخۆشخانەکان، یان وەرگرتنی کاتی بینین بۆ لای دکتۆرێکی پسپۆڕ**

**لە کوردستان نزیکەی ٤٠٠٠ تووشبووی نەخۆشیی تالاسیما هەن، خەرجیی هەر نەخۆشێک لەسەر حکومەت ١٠٠٠ دۆلارە و لە ئێستادا سەنتەرەکانی ئەم نەخۆشییە کەموکورتییان نییە**




# بینینی باراک ئۆباما
# لە ٢ی ئایاری ٢٠١٥ بۆ جاری سێیەم

## ١٤٦

بەر لە سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا لە ٢ی ئایاری ٢٠١٥دا، بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا سەبارەت بە پرس و بابەتەکان و ئەجێندای سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا، ڕۆژی ٢٠ی نیسانی ٢٠١٥ لەگەڵ پارت و لایەنە کوردستانییەکان کۆ بوومەوە کە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و حزبی شیوعیی کوردستان و حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و نوێنەری حزبە تورکمانەکان و نوێنەری حزبە مەسیحییەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا کرا، لە بەشێکی دیدارەکەدا بەوردی باسم لەو هۆکارانە کرد کە هانی هەرێمی کوردستان دەدەن ڕێگەی تر بگرێتە بەر و بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە و لێم پرسین: ئەگەر دەرفەت هەبێت، بابەتی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا باس بکەم، یان نە؟ هەموویان بابەتەکەیان زۆر پێ خۆش بوو، پشتگیریی ئەو پێشنیارەیان کرد. لە کتێبی (بۆ مێژوو)دا بەوردی باس لە بابەت و ئەنجامی سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا کراوە.[1]

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا. چاپی یەکەم، هەولێر ئەیلوولی ٢٠٢٠ لاپەڕەی ٦٦ بۆ ٦٩.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ تاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا

# پڕۆژەی ″ دڵنیایی تەندروستی ″ لە وەزارەتی تەندروستی تەواو بووە و لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە، هیوادارین لە پەرلەمانیش دەنگی لەسەر بدرێت و ببێتە یاسا

❞
کێشەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە بایەخ بە تەندروستیی گشتی نەدراوە و ئەوەی لە کەرتی تەندروستی هەمانە، تەنیا خزمەتگوزاریی پزیشکییە و خزمەتگوزاریی تەندروستی نییە

❞
لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش سیستەمی دکتۆری خێزانمان نییە، هەتا ڕێنیشاندەری نەخۆش بێت، لە بنکەی تەندروستییەوە تا دەگاتە نەخۆشخانەکان، یان وەرگرتنی کاتی بینین بۆ لای دکتۆرێکی پسپۆڕ

❞
لە کوردستان نزیکەی ٤٠٠٠ تووشبووی نەخۆشیی تالاسیما هەن، خەرجیی هەر نەخۆشێك لەسەر حکومەت ١٠٠٠ دۆلارە و لە ئێستادا سەنتەرەکانی ئەم نەخۆشییە کەموکورتییان نییە



## بازنەی گفتوگۆ لە دەستپێکی ساڵی سێیەمیدا

# کۆمەڵگەی تەندروست لەسەر بنەمای متمانەبوون بە یەکتری بونیاد دەنرێت

ئەم گفتوگۆیە «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا»، یەکەمین گفتوگۆی ساڵی سێیەمی بازنەی گفتوگۆیە، ئەزموونی دوو ساڵی ڕابردووی ئەم پرۆژەیە، ئەوەی بۆ سەلماندین کە گفتوگۆ بەرهەمدار نابێت، ئەگەر لەسەر بنەمای «متمانە، ڕاستگۆیی، ئاکار» ئەنجام نەدرێت.

گرفتی سەرەکیی کۆی کێشەکانی جیهان لە ئێستادا «نەمانی متمانە»یە لە نێوان ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە دەیانەوێت یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکەن، هەربۆیە ڕێك دەکەون و بەیاننامەش دەردەکەن و ئیمزاشی لەسەر دەکەن، بەڵام دواتر پێوەی پابەند نابن و بە بیانووی جۆراوجۆر ئەوەی خۆیان ئیمزایان لەسەر کردووە، هەر خۆیان پێشێلی دەکەنەوە، ئەمەش ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە متمانە بوونی نەما «ڕاستگۆیی و بنەما ئاکارییەکان»یش بێ مانا دەبن، هەربۆیە ئەگەر ئەم ئاراستەیە وەك پێوەرێك شۆڕ بکەینەوە بۆ سەر ئاستی دەوڵەت و حکومەتەکانیش، دەبینین گرفتی هەرە سەرەکیی کەڵەکەبوونی کێشەکان، لێکتێنەگەیشتن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر هەمووشی لەیەك خاڵدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئەویش «نەمانی متمانە»یە لە نێوان ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە گفتوگۆ دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

لە ئەزموونی دوو ساڵی ڕابردووی بازنەی گفتوگۆدا کە ٢٤ پرس و بابەتی گرنگ، ناونیشانی گفتوگۆکانی ئەم بازنەیە بوون، بەرهەمی ئەم گفتوگۆیانە کە زیاتر لە ٣٠٠ دەستەبژێری لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و ڕەوەندی کوردی تێدا بەشداربوون و، بە ڕێگەی ڕاپرسییەکان و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان بە سەدان هەزار هاووڵاتیی کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە، بێجگە لەوەی هەموو مانگێك زۆر بە پوختی و پرۆفیشناڵانە وەك ڕاپۆرتێکی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بۆ ڕای گشتی بڵاو کراوەتەوە، لە هەمان کاتدا هەر شەش گفتوگۆی وەرزێك کراوەتە دوو کتێب و بە هەردوو زمانی «کوردی و عەرەبی» لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا دابەش کراوە و، بەشداربووانی گفتوگۆکان لەلایەن بەشی ڕۆشنیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێزیان لێ گیراوە و خەڵات کراون.

ئەو پرس و بابەتانەی بازنەی گفتوگۆ دەیانخاتە ناو گفتوگۆ ڕاشکاوەکانیەوە و هەوڵ دەدات بیروبۆچوونی جیاوازی «لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەستەبژێر و ئەکادیمست، نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی کوردستان» پێکەوە گرێ بداتەوە، بۆ ئەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستان بدۆزێتەوە، جگە لە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك، هیچ بەرژەوەندییەکی دیکە لەبەر چاو ناگرێت، بۆیە کاتێك هەر ٢٥٠٠ لاپەڕەکەی چوار کتێبەکەی بازنەی گفتوگۆ دەخوێنیتەوە، دەبینیت «دژی هیچ لایەنێکی سیاسی و



# د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و
ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

دامەزراوەی حوکمڕانی نییە، بەڵام ڕەخنەی جددی لەسەر کۆی هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و کۆی پرۆسەی حوکمڕانیی هەولێر و بەغدای هەیە، لە هەمان کاتیشدا میکانیزمی گونجاویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش دەکات.

بازنەی گفتوگۆ، تەنیا پلاتفۆرمی گفتوگۆی ڕاشکاوانەیە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە، کە دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان کارەکانی دەست پێدەکات، ئەمەش بەو مانایەی بازنەی گفتوگۆ تەنیا سەکۆیەك نییە بۆ گەیاندنی زانیاریی ناو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، بەڵکو مەتبەخێکە تیایدا زانیاریی ناو بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەکاتە کەرەستەیەکی خاو بۆ دروستکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەی گرنگ، کە دەبنە هەوێنی دروستکردنی بڕیاری دروست بۆ حوکمڕانیی باش، ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزارەن و دروست.

لە گفتوگۆی ئەمجارەدا کە لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان لە بەردەستاندایە بە ناونیشانی «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا» کە بەرپرسانی باڵای تەندروستی و هەروەها پسپۆڕانی بواری تەندروستیی گشتی و چەندین پزیشکی نۆژدار و نوێنەری ڕێکخراوەکانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەشدارییان تێدا کردووە، من باسی کۆی ناوەرۆکی گفتوگۆکە ناکەم کە زۆر دەوڵەمەندە، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە خاڵێکی زۆر گرنگ کە هەموو لایەك لەسەری هاوڕا بوون، ئەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا «سیستمی تەندروستی نییە و ئەوەی هەیە تەنیا خزمەتگوزاریی پزیشکییە»، هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا بە یاسا و بە سیستم ڕیفۆرمێکی گەورە لە کەرتی تەندروستیدا بکرێت و هەردوو کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت پێکەوە ڕێك بخرێنەوە». خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دیسان لەم گفتۆگۆیەدا زۆر ڕاشکاوانە بەشداربووان هەڵوەستەیان لەسەر کرد، ئەوەیە کە «حزبە سیاسییەکانی کوردستان هیچ بەرنامە و بۆچوون و ڤیژنێکی دروستیان لەسەر ڕیفۆرمی کەرتی تەندروستی نییە، سەیرە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم بایەخە گەورەیەی بە خزمەتگوزاریی تەندروستی داوە!».

هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە سیستمی تەندروستی لە ناو پرۆسەی سیاسیی وڵاتێکدا، کە تیایدا هەموو ڕەخنەکان ڕووبەڕووی پارتی فەرمانڕوا دەبێتەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە و، ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە کە سەرۆکەکەی جێگری سەرۆکی هەمان پارتە و، وەزارەتی تەندروستی کە وەزیرەکەی کادری هەمان پارتە، لەوانەیە ئەگەر بەم ئاراستەیە ببینین جێگەی هەڵوەستە بێت، بەڵام ئەو دیوە نادیارەی کە کادرانی پێشکەوتووی پارتی دەیبینین و لای خەڵك شاراوەیە، ئەو پەیامە بەرزەی سەرۆك بارزانی-یە کە لە کۆبوونەوەیەکی زۆر تایبەتی حزبیدا پێی گوتین: «بۆ من کوردستان و بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە» بازنەی گفتوگۆش تەرجەمەی ئەم پەیامە پیرۆزەیە.

بیست و پێنجەمین بازنەی گفتوگۆ

# خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا



ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥، بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك، بیست و پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئامادە بوون، وەك یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی تازە باس لە ڕەهەندە گشتییەکانی وەرزی تازەی بازنەی گفتوگۆ کرا و، چەندین پرسی گرنگی تایبەت بە ژیانی هاووڵاتیان و پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرا، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەو پرسانەی گفتوگۆیان لەسەر کرا، هەموویان گرنگ و پەیوەندیدار بوون بە ژیانی هاووڵاتیانەوە، بەڵام سەرەنجام لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا، گفتوگۆی ئەمجارە لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت»دا بێت و، لە ٢٠ی کانوونی ٢٠٢٥ لە هۆڵی بەش بەڕێوە بچێت و، پێش کۆبوونەوەکە بڕیار بدرێت ئەم ئامادەکارییانە بکرێت:

- ڕاپرسییەکی سەرتاسەری لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.
- ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و ڕاشکاوانە ڕای هاووڵاتیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە وەربگیرێت.
- ئەم بەڕێزانەش بۆ گفتوگۆکە بانگهێشت بکرێن:

١- د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- د.تاهیر هەورامی، گەورەڕاوێژکاری نەشتەرگەری.

٣- د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕ و تایبەتمەند لە تەندروستیی گشتی.

٤- د.چرۆ حەمە غەریب، پسپۆری تایبەتمەند لە متمانە و پرسی هاووڵاتیان بە نەخۆشخانەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

٥- د. هۆشیار عیسا سدیق، پزیشکی نەشتەرگەریی گشتی.

٦- د. زۆزان عەبدولڕەحمان فارس، پسپۆڕ و تایبەتمەند لە نەخۆشییەکانی ئافرەت و منداڵ بوون.

٧- ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمای کوردستان.

٨- د.هیوا ئالەیی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی دەشتی هەولێر.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

« پ.د. نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».



## ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ

# خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا

ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی سێرڤەر ئۆنلاینی (Kobotoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دراوە. ١،١٩٢ هاووڵاتی لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە ڕێژەی ٤٦٪، لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەروەها لە ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بە ڕێژەی ٢١٪، پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بە ڕێژەی ٣٣٪ نموونەی ڕاپرسییەکە بوون و لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و ماسنجەر، تیلیگرام، وەتسئەپ و ڤایبەر)ـەوە لینکی پرسیارەکانیان بۆ نێردراوە و لە ماوەی ٢٠٢٥/١/١٠ تا ٢٠٢٥/١/١٨ وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

ئامانجەکانی ڕاپرسییەکە بریتی بوون لە:

- هاووڵاتیانی هەرێم تا چەند متمانەیان بە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟
- بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی زیاتر ڕوو لە کامە کەرت دەکەن؟
- لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی کامەیان زیاتر ڕازین؟

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە سەبارەت بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەر دوو کەرتەکە بەمجۆرە ڕای خۆیان دەربڕیوە:

سەردانیکردنی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان: گشتی ٢٥٪، تایبەت ٣٠,٤٪، هەردووکیان ٤٢,٣٪، هیچیان٢,٣٪.

گوێگرتن بۆ سکاڵای نەخۆش و کەسوکارەکەی: گشتی ١٢,٩٪، تایبەت ٥٠,٨٪، هەردووکیان ١٣,٣٪، هیچیان ٢٢,٩٪.


متمانە بە ئامێرەکانی پشکنین و نەشتەرگەری: گشتی ٢١,١٪، تایبەت ٥٢,٣٪، هەردووکیان ١٣,٤٪، هیچیان ١٣,٣٪.

ڕەچاوی پاکوخاوێنی وەك پێویست: گشتی ٧,٦٪، تایبەت ٦٥,٢٪، هەردووکیان ١٥,٠٪، هیچیان ١٢,٢٪.

دابینکردنی خواردنی باش: گشتی ٢٤,١٪، تایبەت ٣٦,٧٪، هەردووکیان ١٢,٨٪، هیچیان ٢٦,٥٪.

ڕێکخستنی کات ڕێوشوێنەکانی بینینی نەخۆش: گشتی ٦,٥٪، تایبەت ٦٦,٩٪، هەردووکیان ٧٪، هیچیان ١٩,٥٪.

پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی هۆڵی نەشتەرگەری: گشتی ١٠,٢٪، تایبەت ٦٣,٨٪،




هەردووکیان ١٤,٧٪، هیچیان ١١,٤٪.

دابینکردنی ئەمبولانس: گشتی ٢٨,٠٪، تایبەت ٣٤,٢٪، هەردووکیان ٢٢,٧٪، هیچیان ١٥٪.

پابەندن بە کاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی: گشتی ٩,٨٪، تایبەت ٥٧٪، هەردووکیان ١١,٣٪، هیچیان ٢١,٨٪.

تۆمارکردنی زانیارییەکانی نەخۆش بە دروستی و لە کاتی خۆیدا: گشتی ١٠,٧٪، تایبەت ٥٣,٩٪، هەردووکیان ١٩,٦٪، هیچیان ١٥,٨٪.

ڕێزگرتن لە نەخۆش: گشتی ٦,٠٪، تایبەت ٦٦,٣٪، هەردووکیان ١١,٦٪، هیچیان ١٦,١٪.

بەدەنگەوەهاتنی نەخۆش لە لایەن پزیشك و کارمەندانەوە: گشتی ٧,٥٪، تایبەت ٦٧,٥٪، هەردووکیان ١٣,١٪، هیچیان ١١,٩٪.

بەدەنگەوەچوون و چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی تەنگەتاو/تەواری: گشتی ٢٢,٣٪، تایبەت ٤٤,٥٪، هەردووکیان ٢٢,١٪، هیچیان ١١,٢٪.

دەستکەوتنی دەرمانی پێویست: گشتی ٣,٨٪، تایبەت ٧٨,٢٪، هەردووکیان ٧,٣٪، هیچیان ١٠,٧٪.

متمانە بە دەرمانی دەرمانخانە: گشتی ٢٥,٧٪، تایبەت ٣٠,٨٪، هەردووکیان ١٥,٣٪، هیچیان ٢٨,٣٪.

لە کامیاندا ژیانی نەخۆش زیاتر لە دەستێکی ئەمیندایە؟ گشتی ٢٣,٠٪، تایبەت ٣٣,٧٪، هەردووکیان ٨,٢٪، هیچیان ٣٥,١٪.

پشکنین/داوەرمانی زیادە و زێدە مەسرەفیکردن بە نەخۆش: گشتی ٦,٠٪، تایبەت ٧١,٧٪، هەردووکیان ١٧,٤٪، هیچیان ٤,٩٪.

پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی: گشتی ٢٣,٠٪، تایبەت ٢٠,٦٪، هەردووکیان ١٣,٨٪، هیچیان ٤٢,٦٪.


بەدواداچوون بۆ سکاڵاو داواکارییەکانی هاووڵاتیان: گشتی ١٤,٨٪، تایبەت ٢٦,٠٪، هەردووکیان ٩,٤٪، هیچیان ٤٩,٨٪.

لە نێو زانیارییەکانی سەرەوەدا ئەوەی مایەی


هەڵوەستەیە، ئەوەیە، کە بە ڕای نزیکەی ٥٠٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە هەردوو کەرتی تەندروستیدا بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاووڵاتیان ناکرێت؛ بە بۆچوونی نزیکەی ٤٣٪شیان هەردوو کەرت پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی نین؛ ٣٥٪یان وای نابینن، کە لە هەردوو کەرتدا ژیانیان لە دەستێکی ئەمیندا بێت؛ ٢٨٪شیان متمانەیان بە دەرمانی دەرمانخانەکانی هەردوو کەرتی تەندروستی نییە.

ئەمانە بە هەر ئەندازەیەك بێت، ئاماژەی لاوازیی متمانەی نموونەی ڕاپرسییەکەن بە خزمەتگوزارییەکانی هەردوو کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین، کە وەك نموونەی ڕاپرسییەکە بەیانیان کردووە، بەدواداچوونی زیاتر بۆ سکاڵای هاووڵاتیان و نەخۆش و کەسوکارەکەی، کەمێك متمانەکردنی زیاتر هەیە بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان و داودەرمانیان و دەستکەوتنی دەرمان، زیاتر بەدەنگەوەچوونی نەخۆش و تۆمارکردنی زانیاری، پابەندبوون بە کات و ڕێوشوێنەکان، پاکوخاوێنی و متمانەکردن بە ئامێرەکانی پشکنین و نەشتەرگەریی نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەراورد بە نەخۆشخانە حکوومییەکان. هۆکارەکەی مەرج نییە باشتربوونی کوالێتیی کەرتی تەندروستیی تایبەت بێت، بەڵکو دەشێ کەمیی هەندێك جۆری دەرمان و ستاف و کەلوپەلی تایبەت لە بوارێکی پزیشکی و ئەو کەموکوڕییانەی لەو کەرتەدا هەن، هاووڵاتیان ناچار دەکەن، ڕوو بکەنە کەرتی تایبەت؛ دەنا ئەگەر نەخۆش، ئەوەی کە چاوەڕوانە لە کەرتی تایبەتدا بۆی بکرێت، لە کەرتی گشتیدا بۆی بکرێت، ڕەنگە ڕوو نەکاتە کەرتی تایبەت؛ مەگەر ئەوانە نەبێت، کە تووشی پەتای چاولێکەری بوون؛ یا ئەوانەی بەکاربەری ڕواڵەتین و دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی/باری سۆسیۆ-ئیکۆنۆمی خۆیان نیشانی خەڵکی بدەن. تا ئێستاش نزیکەی نیوەی نەخۆش بۆ وەرگرتنی چارەسەری ڕوو لە نەخۆشخانە حکوومییەکان دەکەن. بێگومان بەرەوپێشبردنی ئەو کەرتە وا دەکات، زیاتر جێی متمانەی نەخۆش بێت، قەرەباڵغیی نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش دەرخەری ڕۆڵی ماددەیە لە وەرگرتنی چارەسەر و خزمەتگوزاری تەندروستی؛ نەك متانەکردنی زیاتر بەو کەرتە؛ ئەمەش هەروەك لە داتاکانی شێوەداتای خوارەوەدا دیارە، نموونەی ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی ٦٢٪ لە کەرتی تایبەتدا ئیستغلال کراون، هێشتاش بە ڕێژەی ٢٦٪یان ئەگەر تەنانەت دەوڵەمەندیش بن، هەر ڕوو دەکەنە نەخۆشخانە حکوومییەکان، چارەکێکیشیان دەچنە دەرەوەی وڵات بۆ وەرگرتنی چارەسەر.


له نەخۆشخانە و نۆینگەکانی کام کەرتی تەندروستیدا
زیاتر ئیستغلالی نەخۆش دەکرێت




خۆت یان کەسێکتان نەخۆشییەکی هەبێت یان پێویستی
بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەك هەبێت و باری داراییتان باش بێت،
لە کوێ چارەسەر وەردەگرن؟





هەر بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە، متمانەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی وەك پێویست نییە بە جۆرێك، کە بە ڕێژەی ٦٩٪یان پێیانوایە دکتۆرەکان لەبەر کارکردن لە کەرتی تایبەت، نەخۆشخانە حکوومییەکانیان پشتگوێ خستووە، لەبەر ئەوەی بە ڕێژەی ٥١٪یان دەڵێن، پزیشك و کارمەندەکان بۆیە لە نەخۆشخانەی حکوومی بایەخ بە نەخۆش نادەن، تا بچنە نەخۆشخانە تایبەتییەکان.





لەڕووی متمانەكردن بە دەرمان و بوونی ستیكەر و نرخ بەسەریانەوە، نموونەی ڕاپرسییەكە بە ڕێژەی ٤٤٪یان دەڵێن، جار هەبووە دەرمانیان كڕیوە، بێ ئەوەی ستیكەر و نرخی بەسەرەوە بووبێت. بە ڕێژەی ٣٦٪یان دەڵێن، دیقەتیان نەداوە؛ نزیكەی ڕێژەی ٢٠٪یان دەڵێن، ستیكەر و نرخیان بەسەرەوە بووە.

لەڕووی چاودێریكردنی هەردوو كەرتی تەندروستییەوە لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، بە ڕێژەی ٤٦٪یان دەڵێن، نەخێر، بە ڕێژەی ٤٣٪یان دەڵێن، تا رادەیەك، بە ڕێژەی نزیكەی ١١٪یان دەڵێن، بەڵێ، بەوا واتایەش كەم نین ئەوانەی لەمبارەیەوە لە ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی نارازین. جا ڕەنگە هۆكاری ئەمە یان بێ ئاگایی هاووڵاتیان بێت لە كارو چالاكییەكانی وەزارەت لەمبارەیەوە؛ یان كەموكوڕیی وەزارەت بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی لەڕووی چاودێریكردنەوە؛ ڕەنگە بڵاوكردنەوەی داتا و زانیاریی پێویست لەمبارەیەوە، وەڵامێكی دروستتری ئەم پرسە بداتەوە.



ڕەنگە هەر بوونی ئەم قەناعەتە بێت لای زیاتر لە سێ لەسەر چواری نموونەی ڕاپرسییەکە تا بە هەر ڕاددەیەك بێت پێیانوابێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەرتی تەندروستیی گشتیی فەرامۆش کردووە؛ لە بەرامبەردا هانی فراوانکردنی کەرتی تەندروستیی تایبەت دەدات.

تۆش هاوڕایت لەگەڵ هەندێك كەس، كە دەڵێن حكومەتی هەرێم كەرتی تەندروستیی گشتی فەرامۆش كردووە و هانی فراوانبوونی كەرتی تەندروستیی تایبەت دەدات؟




**ئەنجامگیری:**

مەرج نییە ڕووکردنە کەرت و نەخۆشخانەکانی ئەهلی، نیشانەی ئەوە بێت، کە ئەو کەرتە لە کەرتی حکوومی باشتر و زیاتر جێی متمانەیە، بەڵکو ڕەنگە کەمیی هەندێ پسپۆڕی و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی، هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ناچاری ڕووکردنە کەرتی تایبەت و دەرەوەی وڵاتیش بکەن. بۆیە دەکرێ پەرەپیدانی کەرتی تەندروستیی گشتی، کە ڕایەڵەکی گرنگ و سەرەکیی پەیوەندی و متمانەی هاووڵاتیانە بە حکومەت، ئەگەر بەرەوپێش ببرێت و باشتر بەپێی پێوەرەکانی کۆنترۆڵی جۆری کارەکانی بکات، تەکانێك بداتە تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگە و، بەر بە بەهەدەردانی سامانی دارایی و مرۆیش بگرێت؛ ئەمەش بەو پێیەی مەرج نییە هەر دابینکردنی چارەسەر و دەرمان زامنی تەندروستییەکی باشی گشتی بن، بەڵکو پەرەپێدانی هۆشیاریی تەندروستی، کۆڵەگەیەکی سەرەکیی خۆپاراستنە لە جیاتی وەرگرتنی چارەسەر. ڕۆڵی سۆشیال میدیاش لەم بارەیەوە نابێت نادیدە بگیرێن؛ ئەگەرچی سۆشیال میدیا هەندێك جار ڕۆڵی سانسۆری گشتی دەبینێ، بەڵام بوارێکی سەرەکیی ڕێکلامکردنی ناڕاستەوخۆیە و کەرتی تایبەت بۆ دروستکردنی وێنای گشتی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە مادییەکانیان، زۆر سوودی لێوەردەگرن.



رِاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتۆگۆ

# پرۆژەی دڵنیایی تەندروستی هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ریزبەندی پێشەوەی خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیان دێت، بەو پێیەی راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، تەنانەت یەکێك لەو پێوەرە سەرەکییانەی حوکمڕانیی باشی پێ دەناسرێتەوە، بوونی خزمەتگوزارییەکی باشە، کە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان خزمەتگوزاریی تەندروستیی باش و پێشکەوتوو پێشکەش بکات.

سێکتەری تەندروستی پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیان و سەلامەتیی مرۆڤەوە هەیە. جیهانی پێشکەوتوو لە گۆڕانکاریی بەردەوام و خێرادایە و، نەخۆشی و چارەسەرییەکانیشی بەردەوام لە گۆڕانکاریدان. لە هەرێمی کوردستان وێڕای ئەو چاکسازییانەی لە کەرتی تەندروستی جێبەجێ کراون، کەچی هێشتا هاونیشتمانییان گلەییان لە خراپیی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و گرانیی نرخی دەرمان هەیە.

بۆ ئەوەی باشتر هەڵوەستە لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ گفتوگۆی ئەمجارە «خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بازنەی گفتوگۆ بە هاوکاریی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن، راپۆرتێکی مەیدانی لە سەرانسەری پارێزگا و یەکەی ئیدارە سەربەخۆکان ئامادە کردووە و تیایدا راوبۆچوونی هاووڵاتیانی لەسەر شەقام و شوێنی کارەکانیان وەرگرتووە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی بازنەی گفتوگۆیان داوەتەوە.



# هاووڵاتیان وای دەبینن جیاوازییەکی زۆری خزمەتگوزاریی تەندروستی، لە نێوان نەخۆشخانە حکوومی و ئەهلییەکان هەیە

○○○

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت چۆن هەڵدەسنگێنن؟ هاووڵاتیەك دەڵێت: «پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەراورد بە نەخۆشخانە حکوومییەکان لەئاستێکی باشتردایە، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی نرخێکی زۆر بەرزە، بۆ ئەمەش باس لە بەسەر هاتێك دەکەم: یەکێك لە هاووڵاتیانی گوندەکەمان بە هۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە بە ناچاری و بە خێرایی بەو شەوە گەیاندیانە نەخۆشخانەیەکی حکوومی لە ناو سەنتەری شاری دهۆك، بەڵام تەنیا دوای یەك کاتژمێر بۆمان دەرکەوت کە نەك هەر نەخۆشخانەکە بێسەروبەر و پاکژ نییە، بەڵکو ئاستی فریاکەوتنی پزیشکەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیشی وێران بوو، بۆیە بە ناچاری هەر هەمان شەو نەخۆشەکەمان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبە،ت لەوێ چیمان بینی؟ نەخۆشخانەیەکی خاوێن و پێشکەوتوو کە نموونەی مەگەر هەر لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا هەبێت. لەوێ پزیشك و کارمەندەکان خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی باشیان پێشکەش کرد، بەڵام کاتێك بەیانی ویستمان نەخۆشەکە بهێنینە دەرەوە، تووشی شۆك بووین لەلای ژمێریارەکە بۆ ئەو نرخ و تێچوونە بەرزە. ئەمە بارگرانییەکی زۆر لەسەر هاووڵاتیان و خێزانەکانیان دروست دەکات، تەنانەت زۆرجار لەبەر قسەی خەڵك و عەیبە بە ناچاری خێزانەکان ئەگەر باری داراییشیان باش نەبێت، ئەوا بەهۆی خراپیی ئاستی نەخۆشخانە حکوومییەکانەوە ڕوو لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دەکەن.


**دکتۆر کامەران قەرەداغی**

**پزیشکی ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی سنگ:**

# ئاستی خزمەتگوزاری و دڵسۆزی و شارەزایی پزیشکەکان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان زیاتر و باشترە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت

○○○

وەك پزیشكێك لە نەخۆشخانەیەكی حكوومی لەناو شاری سلێمانی كار دەكەم. من ڕاوبۆچوونێكی پێچەوانەم هەیە و پێم وایە ئاستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دڵسۆزی و شارەزایی پزیشكەكان لە نەخۆشخانە حكوومییەكان باشترە، بەڵام لێرەدا لە نەخۆشخانە حكوومییەكان پزیشك پێویستی بە هەندێك ئامێر و تەكنەلۆژیای نوێ و پێشكەوتوو هەیە، كە لە نەخۆشخانە حكوومییەكاندا نییە. بۆیە بەناچاری نەخۆش هانا بۆ نەخۆشخانە ئەهلییەكان دەبەن، زۆرجاریش بە هۆی لۆدی بەرز و قەرەباڵغییەوە چارەسەری نەخۆش لەسەر حیسابی دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەكەیە، یەكێك لەو كەموكورتییانەی لەناو نەخۆشخانە حكوومییەكان هەیە، نەبوونی ئەو ئامێر و پێداویستییە پێشكەوتووانەیە، ئەمە بە بەرنامە بێت، یان بەبێ بەرنامە بێت، ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە. ئەوەتا هەموو پشكنین و و ڕەنینێك لەناو نەخۆشخانەی حكوومیدا نییە، كەچی ئەم ئامێرە پێشكەوتووانە لە نەخۆشخانە ئەهلییەكاندا هەیە. بەڕێز سەرۆكی حكومەت و وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەرە گشتییەكانی تەندروستی لەپارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان هەموویان ئەم ڕاستییە دەزانن، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لەو نەخۆشخانە ئەهلییانە خاوەندارێتی بۆ كەسانی دەستڕۆیشتوو دەگەڕێتەوە و كۆمپانیا و بزنێسكارانی گەورە و تەنانەت سیاسەتمەدارەكانیشمان لە پشتیانەوەن و پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵیاندا هەیە، ئەمە وای كردووە خۆیان لە جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی تەندروستی و دیاریكردنی نرخەكان بدزنەوە و كارەكەیان كردووەتە بابەتێكی تەواو بازرگانی، لەلایەكی دیكەوە بوونی پڕوپاگەندە و هەواڵی ناڕاست و نادروست، گوایە ئاستی نەخۆشخانە حكوومییەكان ئەوەندە خراپە، نابێت كەسەكانت لەم نەخۆشخانانە نەشتەرگەرییان بۆ بكەیت. ئەم پڕوپاگەندە و درۆیە كە بە بەرنامەدارێژراو دەكرێت، ئەوەندەی دیكەی نەخۆشی ناچار كردووە، ڕوو لە نەخۆشخانە ئەهلییەكان بكەن و ئەوەش بارگرانی بۆ نەخۆشەكان دروست كردووە. لە كاتێكدا نە كەرەستە و نە ئامێری نەخۆشخانە حكوومییەكان ژەنگ لێی داوە و نە ئەم نەخۆشخانانە نەشتەرگەرییەكانیان ئەوەندە خراپە، نەخۆش تووشی شكست و مردن بكەن. بەداخەوە خەڵكی بەلاڕێدا براون و وایان تێگەیاندوون چارەسەر لە نەخۆشخانەی حكوومی نییە، لە كاتێكدا هەر ئەو پزیشكەی ئێوارە لە نەخۆشخانە ئەهلییەكان نەشتەرگەری دەكات و لە نۆرینگەكان پێشوازی لە نەخۆش دەكات، هەمان ئەو پزیشكەیە كە بەیانیان لە نەخۆشخانە حكوومییەكان هەمان كار دەكات.



ئارام حوسێن محەمەد
مامۆستا لە سنووری پەروەردەی ناوەندی هەولێر:

# دڵنیایی تەندروستی تەنیا چارەسەری بنەڕەتییە بۆ کەمکردنەوەی بارگرانیی تێچوونی بەرزی خزمەتگوزاریی تەندروستی

ooo



کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ڕیزبەندی پێشەوەی پێویستی و خواستی هاووڵاتیان دادەنرێت، بۆیە دەبێت حکومەت گرنگییەکی تایبەتی بەم کەرتە بدات و گرفت و کێشەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بنەڕەتی چارەسەر بکات. لە هەموو دنیای پێشکەوتوو لە ڕێگەی پرۆژەی دڵنیایی تەندروستییەوە خەرجی و تێچوونی زۆری چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەریی و پێداویستییەکانی هاووڵاتیانیان دابین دەکرێت، ئێمەش پێویستە ڕێگا و شێوازە پێشکەوتووەکان بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکانمان بگرینەبەر و ڕوو لە دابینکردنی دڵنیایی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانمان بکەین. هاووڵاتیان و خێزانەکانیان لە ڕێگەی تەرخانکردنی ڕێژەیەك لە مووچە و داهاتی مانگانەیانەوە دەبنە خاوەن دڵنیایی تەندروستی و بارگرانیش لەسەر حکومەت و خێزان و هاووڵاتییەکەش دروست نابێت، تەنانەت لەکاتی کەوتنەوەی کارەساتی کتوپڕ، یان نەخۆشیی گران و قورس، بەو بیمەیە هاووڵاتیان چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. لە زۆر وڵات سەردان و پشکنینی شەش مانگی و ساڵانەش بۆ نەخۆشەکە کە خاوەنی بیمەیە بووەتە ئیجباری، ئەمەش هوشیارییەکی باشە تاوەکو پێش ڕوودانی نەخۆشیی قورس و کتوپڕ، یان تەشەنەکردن و زۆر تێکچوونی تەندروستیی کەسەکە، سەردانی پزیشك بکات. لەم ڕێگایەوە حکومەت ڕاستە تێچووە بەرزەکانی نەشتەرگەری و سەردانی نەخۆش و وەرگرتنی چارەسەر و دەرمان لەئەستۆی خۆی گرتووە، بەڵام لە بەرانبەر بەخشینی بڕە پارەیەکی مانگانەی خودی نەخۆشەکە خۆیەتی، چونکە چارەسەرییەکانی نەخۆشییە قورس و گرانەکان و بەردەوامەکانی وەکو پەستانی خوێن و شەکرە و دڵ و گورچیلە لە هەموو دنیادا بەرز بووەتەوە. کۆمپانیاکانی دەرمان بەهۆی گۆڕین و پێشخستنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانیان بەردەوام نرخەکانیان بەرز دەکەنەوە. ئەم ڕێگا چارەسەرە زۆر گرنگە، چونکە خراپیی باروگوزەران و داهاتی خەڵك و بوونی ئاوارە و پەناهەندەیەکی زۆر و کرێکارانی بیانی هەموو وا دەکەن، لۆد لەسەر نەخۆشخانە حکوومییەکان زۆر بەرز بێت .

گرفتێکی دیکەی نەخۆشخانە حکوومییەکان، کەمی، یان دەوام نەکردنی پزیشکەکانە بە بەردەوامی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان، بەتایبەتی ئەو پزیشکانەی پسپۆڕ و شارەزان لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك دەوام دەکەن، ئەمەش وادەکات خەڵکی ڕوو بکەنە نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکان، واتە لە هەرێمی کوردستاندا پزیشك بەیانیان هەندێك جار لە نەخۆشخانەی

حکوومییە و ئێوارانیش لە نەخۆشخانەی ئەهلی، یان لە نۆرینگەکەیەتی، زۆر جاریش بە بیانووی بوونی نۆرە و سەرەی زۆر دوور بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکوومییەکان، نەخۆش ناچار دەبێت، ڕوو لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکات، ئەمەش لەسەر حیسابی بارگرانییەکی زۆرە، چونکە بە هۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی لەسەر بوودجە و مووچە سەپێنراوە، خەڵکێکی زۆر لەناو خێزانەکاندا بێکارن، بەتایبەتی لەناو توێژی گەنجەکان، ئەمەش وای کردووە، خێزانەکان توانای چارەسەریان لە نەخۆشخانەی ئەهلی و دابینکردنی نرخی گرانی دەرمانەکانیان نەمێنێت، بۆیە دەبێت هانا بۆ بیمەی تەندروستی ببەین، کە چارەسەری بنەڕەتیی زۆر لە کێشە و گرفتەکانی بەردەم کەرتی تەندروستی دەکات.

سەبارەت بە بابەتی کوالیتی و نرخی دەرمانیش کە ئەمڕۆ بووەتە یەکێك لەو بابەتە هەستیار و گرنگانەی قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێت و بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هاووڵاتیانەوە گلەیی و ڕەخنەیان لەسەر گرانی و کوالیتی و بێسەروبەریی دەرمان هەیە، پێویستی بە ڕێکخستن و چارەسەرکردن هەیە. واتە پێویستە دەزگاکانی چاودێری و بەدواداچوون بە ئەرکی سەرشانیان هەڵسن و سزای توندی ئەو دەرمانخانانە بدەن، کە گەمە بە نرخ و کوالیتیی دەرمانەوە دەکەن، لەمەش گرنگتر دەبێت کۆنترۆڵی کۆمپانیاکانی دەرمان و کۆگاکان بکرێت، چونکە لەوێوە دەرمان دەدرێت بە دەرمانخانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای خۆشحاڵییە کە زۆریی دەرمانخانەکان و دامەزراندنی زنجیرە دەرمانخانەی بەناوبانگ، جۆرێك لە کێبڕکێی دروست کردووە بۆ پێشکەشکردنی دەرمانی باش و کوالیتی بەرز و بگرە دابەزینی نرخەکانیش، هەرچەندە مەرج نییە کاتێك نرخی دەرمانێك نزم بێت، کوالیتییەکەی باش بێت، چونکە لە هەموو جیهاندا ئەو دەرمانانەی کۆمپانیا بەناوبانگەکان دروستیان دەکەن و لە ناو بازاڕەکاندا متمانە و ناوبانگییەکی باشیان هەیە، بەردەوام نرخەکانی لە سەرچاوە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنانەوە ڕوو لە گرانبوونە».

# نرخی بەرزی نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت تەواو بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان دروست کردووە



هاونیشتمانییەکی دیکە سەبارەت بە نرخی نەشتەرگەرییەکان و پزیشکەکانی نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت دەڵێت: «من سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کە ژمارەیەکی زۆری نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی دامەزراندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پزیشکەکان بە بیانووی قەرەباڵغی و نەبوونی کاتیانەوە، هەر گرنگی بە نۆرینگە و نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەدەن، بۆیە ئامادە نین نەشتەرگەرییەکان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان ئەنجام بدەن و لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت ئەنجامی دەدەن. لێرەدا گرفتەکە ڕوودەدات. بڕوا بکەن، نەخۆشخانەی وا لە شاری دهۆك هەیە، تەنیا مانەوەی نەخۆش بۆ یەك شەو و ڕۆژێك بە یەك ملیۆن دینارە، ئەی خوا هەڵناگرێت، خۆ ئەگەر نەخۆش ٢٠ ڕۆژ بمێنێتەوە، ئاخۆ چ بارگرانییەکی قورس دەکەوێتە سەرشانی؟ نەخۆشخانە ئەهلییەکان بێ ویژدانانە بەر دەبنە نەخۆش و پارەیەکی زۆری لێ وەردەگرن. بۆیە داوا لە سەرۆکی حکومەت و خودی وەزیری تەندروستی دەکەین، سنوورێك بۆ ئەم بێ ویژدانی و ڕووتانەوەی نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دابنرێت و کار و دەرچوونی لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوون زیاتر بکەن و نرخی نەشتەرگەری و مانەوەی نەخۆشیش بە یاسا دیاری بکرێت».

**ئەفراسیاب موسا**

**بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی پارێزگای دهۆک:**

# له ٢٠٢٤ زیاتر له دوو ملیۆن نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی پارێزگای دهۆکیان کردووه و ٥٠٠ هەزار نەخۆش ماونەتەوه و ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار پشکنینی تاقیگەشمان ئەنجام داوه

ooo



حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری دامەرزانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانەوە کەمتەرخەم نەبووە، ئەوەی هەیە لۆد و پاڵەپەستۆیەکی زۆرە لەسەر نەخۆشخانەکانی حکوومی، هاووڵاتییەکی زۆر سەردانی نەخۆشخانە حکوومییەکان بەتایبەتی لەناو سەنتەری شاری دهۆک دەکەن، بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆک کە لە زۆربەی قەزاو ناحیەکانیدا نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی هەیە، بەڵام نەخۆشەکان هەمووی سەردانی نەخۆشخانەکانی ناو سەنتەری پارێزگاکە دەکەن.

لە ساڵی ٢٠٢٤ زیاتر لە دوو ملیۆن نەخۆش سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی لەناو سەنتەری شاری دهۆک و قەزا و ناحیەکانیان کردووە و ٥٠٠ هەزار نەخۆش لە نەخۆشخانە گشتییەکانمان ماونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار پشکنینی تاقیگەیی و بە سەدان ڕەنین ئەنجام دراون.

من پێم وانییە ئاستی نەخۆشخانە حکوومییەکان لاواز بێت ئەوەی گرفتە تەنیا بوونی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش و ئەو لۆدەیە کە کەوتووەتە سەر شانیان، بەتایبەتی نەخۆشخانە پسپۆڕییەکان و ئەوانەی ناو سەنتەری پارێزگاکە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا هەنگاوی زۆر باش نراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نەخۆشخانە حکوومییەکان، بگرە هەنگاوی باش نراوە بۆ دامەزراندن و پێشخستنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی قەزاو ناحیەکانیش، وەزارەتی تەندروستی بۆ کەمکردنەوەی ئەم لۆدەی سەر نەخۆشخانە حکوومییەکانی ناو سەنتەری شارە گەورەکان، چەندین نەخۆشخانەیی قەرەوێڵەیی لەناو سەنتەری قەزاکاندا دروست کردووە. سەبارەت بە دەرمانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەرمانەی لەناو دەرمانخانەی نەخۆشخانە حکوومییەکان نەمابێت، لە بازاڕدا پەیدای کردووە و بە خۆڕایی بەنەخۆش دراوە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار نەخۆش خۆی داوای ڕەچەتەیەك دەکات، بۆ ئەوەی لە دەرەوە دەرمانەکانی پێ بکڕێت، چونکە زۆرجار نەخۆش بە دوای دەرمانی گرانتر و کوالێتیی بەرزدا دەگەڕێت، کە زۆرجار ئەو مارکە و جۆری دەرمانە لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا نییە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە لە ٦٠٪ی ئەو ڕەچەتەیەی پزیشك دەینووسێت بۆ نەخۆش، لەناو نەخۆشخانە حکوومییەکاندا هەیە و نەخۆش بە خۆڕایی وەریدەگرێت».



### عەمار کامل دەرمانساز:

# هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی دەرمان کەمکردنەوەی ژمارەی کۆمپانیاکانی دەرمانە

○○○

بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە پەیامنێرەکەی بازنەی گفتوگۆ ڕاوبۆچوونی کارمەندێکی دەرمانخانەیەکی وەرگرت و بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی: «خەڵکی هەژارە، بۆیە دەبێت ئێمە لە چەندین کۆمپانیای جیاوازەوە چەند جۆرێك دەرمان بهێنین، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتانی دەوروبەرمانەوە بەرهەم دەهێنرێن و تاکو دەگاتە دەستی هاووڵاتیانمان باج و خەرجیی زۆری ناچێتە سەر و نرخەکەی هەرزانترە لە دەرمانە ئەوروپییەکان، بۆیە دەرمانمان هەیە بە تەنیا ٢٥٠ دینار و هەشمانە هەمان دەرمان لەسەرووی ١٠٠ هەزار دینارە، هەندێك دەرمانیش هەیە، بۆ نەخۆشیی گران لە سەرووی ١٠٠٠ دۆلارن، تەنانەت هەندێك دەرمان و سرنج هەیە، بەئاسانی ناتوانرێت دەست بکەوێت، چونکە هێنانی ئاسان نییە و مۆڵەتی نییە، بۆیە تەنیا بە ڕێگەی نایاسایی دەتوانرێت بهێنرێت و لەم حاڵەتەشدا نرخەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە».

ئەو هاووڵاتییە بەتەمەنانەی کە تووشی نەخۆشیی درێژخایەنی وەکو پەستانی خوێن و نەخۆشیی شەکرە بوون، دەڵێن: «ئەو دەرمانانەی زۆر بەکاردێت، نرخەکانیان بەرزە، چونکە مارکەی باش لە نەخۆشخانە حکوومییەکان دەست ناکەوێت»، کێشەی ئەوەشیان هەیە، جۆر و مارکەی دەرمانەکان ناوبەناو دەگۆڕدرێت و دەرمانە نوێیەکە گرانتر پێیان دەفرۆشرێت. دەرمانخانەکانیش گلەیی و گازندەی خۆیان هەیە.

هەروەها بابەتی نرخ و کوالێتی پەیوەندیی بە جۆر و کوالێتیی دەرمان و کۆمپانیاکانەوە هەیە، بەوەی ژمارەی کۆمپانیاکانی دەرمان کەم بوونەتەوە و نرخەکان لە کۆگاکانەوە بەرز کراونەتەوە، ئەو نرخەش بەو ڕاددەیە زۆرە گران نەبووە کە باس دەکرێت. بۆیە ئەو دەرمانسازە جەختی لەوە کردەوە کە «بەپێچەوانەوە دەرمانخانەکان بە ویژدانەوە دەرمانەکان بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن و نرخ و کوالێتیش بەو شێوە مەترسیدارە نییە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باس دەکرێت، چونکە بابەتی کوالێتی و نرخی دەرمان پەیوەندیی بە جۆر و کوالێتی و نەوعییەتی مارکە و کۆمپانیاکانەوە هەیە».



**ئارام بەکر**

**مامۆستا لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هەولێر:**

# گرفتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا تەنیا کوالێتی نییە، بەڵکو جیاوازی و بەرزیی نرخیشە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتدا

○○○

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان خراپ نییە و زۆر جار نەخۆشمان بردووەتە فریاگوزاریی خێرا و پزیشکی دڵسۆز و بەتوانای لێبووە. تەنانەت مانەوەی نەخۆش لە بەشەکانی نەخۆشخانە حکوومییەکان بە تێچوونێکی ڕەمزی و کەمە، ڕاستە پڕوپاگەندەیەکی وا دروست بووە، گوایە ئەگەر نەخۆش نەبرێتە نەخۆشخانەی ئەهلی، یان لە نەخۆشخانی ئەهلی نەشتەرگەریی ئەنجام نەدەیت، ئەوا گرنگی بە نەخۆشەکە لە نەخۆشخانەی حکوومی نادرێت، ئەم پڕوپاگەندەیە هەڵەیە، هەرچەندە هەندێکجار پزیشکی وا بێویژدان هەیە، نەخۆشەکەی ناچار دەکات نەشتەرگەرییەکەی لە نەخۆشخانەی ئەهلی ئەنجام بدات، بەمەش نەخۆش ناچار دەبێت ڕوو لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکات و بارگرانی لەسەری دروست دەبێت. ئێ خۆ لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش کەموکورتی هەیە و کێشەی ئیداری و پاکوخاوێنی و دەرمان و نرخ و خراپیی کوالێتی و ...هتد زۆرن. ڕەنگە ئەم کێشەیە لەوەوە سەریهەڵدابێت کە نەخۆشی و مرۆڤ و کەرتی تەندروستی بەردەوام لە گۆڕانکاریدان و ئێمەش دەبێت بەپێی نەخۆشییەکان و خواستی نەخۆشەکان و بگرە نوێبوونەوەی ڤایرۆسەکان و خۆمان نوێ بکەینەوە و پێداویستییەکانی پزیشکی لە نوێکردنەوەی بەردەوامدا بن. ئەوەتا لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە زۆر بابەت هەیە، پێویستی بە پێشخستن و گۆڕانکاریی لە چارەسەری پزیشکیی کلاسیکی هەیە، کەرتی تەندروستییش بە هاوشانی زۆربەی کەرتەکانی دیکە لە پەرەپێدانی بەردەوامدایە و ڕەنگە زۆر پزیشك و کارمەندی تەندروستی لەو پێشکەوتنانەی سەردەم بێئاگا بن، هەندێك جاریش بە هۆی قەیرانی داراییەوە، نەتوانراوە

ئامێری پزیشکی و پشکنین و تیشکی پێشکەوتوو بهێنرێتە نەخۆشخانە حکومییەکان، گرفتەکان تەنیا کوالێتی خزمەتگوزاریی تەندروستی نییە، بەڵکو لە بابەتی دەرمانیش جیاوازی و بەرز و نزمیی زۆر لە نرخ و کوالێتی هەیە. بە دەیان کۆمپانیای جۆراوجۆر دەرمان دەخەنە ناو بازاڕەکانی کوردستان و نەخۆشەکانیش سەریان لێ شێواوە و نازانن کام دەرمان باشە بەکاری بهێنن، هەرچەندە منیش لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونەدام کۆمپانیا بەناوبانگەکانی دەرمان لە جیهاندا نرخی دەرمانەکانیان بەرزترە لەو کۆمپانیانەی کە زۆر بەناوبانگ نین، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی نرخی دەرمان و کوالێتیی دەرمان تا ڕاددەیەك لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لە ڕێگەی تیمە گەڕۆکەکانیانەوە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ بکەن و سەقفێکی نرخ بۆ دەرمانەکان دابنێن، بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی نەخۆشێکی زۆر پێویستیانە، وەکو دەرمانەکانی دابەزینی پەستانی خوێن و ڕاگرتنی ئاستی بەرزیی شەکرە و چارەسەری ئەنفلۆنزا و نەخۆشیی دیکەی وەکو شێرپەنجە و گورچیلە و حەساسییەت.

هەموومان لەسەرە ئەوە کۆکین کە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و هێنانی ئامێری پزیشکیی پێشکەوتوو ئەنجامدانی تاقیگە پشکنینەکانی پزیشکی لە ئاست ستانداردی نێودەوڵەتیدا نییە، تەنانەت نرخەکانیش لە جیهاندا ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بەڵام خۆ نابێت نرخەکانی هەرێمی کوردستان لە کەرتی پزیشکی بەراورد بکەین بە نرخی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی کە داهاتی تاکەکەسییان بەرزە و بگرە بیمە و چاودێریی تەندروستییان هەیە.

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە پێویستە لە کۆلێژی پزیشکییەوە هوشیاری لای قوتابییەکان دروست بکرێت، ئەویش ویژدان و پیرۆزیی پیشەی پزیشکییە و گەڕانەوەی متمانە و ڕێز و خۆشەویستییە لە نێوان پزیشك و نەخۆش، پزیشك توێژێکی هەستیار و سامانێکی نەتەوەییە و نابێت ڕێگە بدرێت کەسانێك ئەم پیشەیە لەکەدار بکەن و بیکەنە کەرتێکی بازرگانی.



# یاریکردن بە کوالێتی و نرخی دەرمان لە دەرمانخانەکان لە کۆنترۆڵ دەرچووە

سەبارەت بە نرخ و کوالێتی دەرمان لە دەرمانخانەکان، هاووڵاتییەك لە وەڵامی پرسیاری بازنەی گفتوگۆ دەڵێت: «دوای ئەوەی سەردانی دەرمانخانەیەکی نزیکی ئەو نۆرینگە پزیشکییەم کرد، کە سەردانم کردبوو، نرخی دەرمانەکان ئەوەندە گران بوون، بە ناچاری بە خاوەن دەرمانخانەکەم وت، ناچارم بچمەوە ماڵەوە پارەی زیاتر لەگەڵ خۆم بهێنم، ئەمە بیانوو بوو، بۆ ئەوەی لە دەرمانخانەیەکی دیکە نرخەکەی پرسیار بکەم، ئەوە بوو تەنیا لە چەند مەترێکی دوور لەو دەرمانخانەیەوە نرخەکانم لەگەڵ دەرمانخانەکەی دیکە بەراورد کرد، بینیم ٢٥ هەزار دیناری کەمتر بوو».



## پ.د. تاهیر هەورامی

گەورە ڕاوێژکاری نەشتەرگەریی گشتی:

# ئەگەر هاووڵاتی بە ڕێگەی سیستمی دڵنیایی تەندروستی بڕێکی کەم پارە بدات، خزمەتگوزارییەکە بە هی خۆی دەزانێت و ڕێزی دەگرێت

**پ.د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی بووە لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پێش ئەم پۆستەش ڕاوێژکاری نەشتەرگەریی گشتی بووە لە وەزارەتی تەندروستی. لە ساڵی ١٩٨٠ بەکالۆریۆسی پزیشکی و نەشتەرگەریی گشتیی لە زانکۆی مووسڵ وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٨٩ دیپلۆمی باڵای لە نەشتەرگەریی لە بەغدا بەدەست هێناوە و لە ساڵی ١٩٩١ بۆردی عەرەبی بۆ نەشتەرگەریی گشتی لە شاری پزیشکی «مدینە الطب»ی بەغدا بەدەست هێناوە. لەسەر ئاستی زانستی چەندین پۆستی گرنگی هەبووە، لەوانە «سەرۆکی بەشی نەشتەرگەریی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی، ئەندامی ئەنجومەنی مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەری پرۆگرامی خوێندنی نەشتەرگەری بووە لە فاکەڵتی پزیشکیی کوردستان»، لەمەش زیاتر سەرپەرشتیی قوتابیانی بۆردی کوردستانی و عەرەبی بۆ نەشتەرگەری کردووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی» کە پرسێکی زۆر گرنگە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، هەر لە ئەمریکاوە تا دەگاتە ئەورووپا و کێشەی گرنگی تێدایە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە تا بتوانرێت خزمەتگوزاریی تەندروستی بە شێوەیەکی ئایدیال و نموونەیی پێشکەش بکرێت، ئەمەش بوودجەیەکی هێجگار گەورەی پێویستە. ئەم بوودجە گەورەیە هێشتا بۆ دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا دابین نەکراوە، ئینجا بۆ هەرێمێکی وەك ئەم هەرێمەی ئێمە زۆر زەحمەتە. بەڵام بەراورد بەو بوودجە کەمەی لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هەرێمی کوردستان لە بەردەستماندا بووە، وای دەبینم لە بواری تەندروستیدا کاری

زۆر باشمان کردووە، بەڵام دووبارە جەختیش لەوە دەکەمەوە کە کەموکورتیشمان زۆرە، کە لێرەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی دەکەم:

• لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، سیستمی دڵنیایی تەندروستی (Health insurance) مان نییە، کە ئەم سیستمە نەبێت، هاووڵاتی ناتوانێت بەشداریی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانە بکات کە حکومەت پێشکەشیان دەکات.

• لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سیستمی «ئاراستەکردنی نەخۆش (Referral System) مان نییە. هەر بۆ نموونە: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا «دکتۆری خێزان»مان نییە، هەتا ئەم دکتۆرە ئاراستەی نەخۆش بکات و بینێرێت بۆ بنکەی تەندروستی، یان بینێرێت بۆ سەنتەرێکی تەندروستی، بۆ ئەوەی کاتێکی دیاری بۆ وەربگرێت و پزیشکی پسپۆڕ نەخۆشەکە ببینێت و نەخۆشییەکەی بۆ دەستنیشان بکات و پاشان چارەسەری بۆ دیاری بکات.

• لە هەرێمی کوردستان ئەوەی پێی دەگوترێت GMC، واتە ئەنجومەنی گشتیی پزیشکی «General Medical Council»مان نییە، هەتا هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای پزیشکەکان بکات. هەر بۆ نموونە، کاتێك پزیشکێك تەمەنی هەڵدەکشێ، پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بزانرێت، ئایا ئەم دکتۆرە لەم تەمەنەشدا دەتوانێت وەك پێشوو خزمەت بکات؟ یان ئایا ئاستی زانیارییەکانی لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکاندا بەردەوام تازە کراوەتەوە، یان نا؟ بۆیە ئەگەر توانای بەسەرچوو بێت، ئەوا مانەوەی لە کاری پزیشکیدا لەوانەیە مەترسی دروست بکات.

• سەبارەت بە مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەرمان، زۆر بە ڕاشکاوانە ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە هەزاران دووکانی لاکۆڵانمان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ تایبەتمەندییەکی پزیشکی و تەندروستی ئەنتی بایۆتیك (antibiotic) بە خەڵك دەفرۆشن. ئەگەر سەرنج بدەین، لە هیچ وڵاتێکی ئەم دنیایە ڕێگە نادەن دەرمان بەبێ ڕەچەتەی دکتۆر لە هیچ دەرمانخانەیەك بفرۆشێت، بەڵام لە کوردستان دەتوانیت بە عەلاگە هەموو جۆرەکانی دەرمان لەو دووکانە لاکۆڵانانە بکڕیت.

• مەسەلەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی ئەمبولانس، کە دەتوانیت پەیوەندی بە ژمارە «١٢٢» بکەیت و ئەو خزمەتگوزارییە بگاتە دەستی هاووڵاتیان، ئەم خزمەتگوزارییە گرنگە ئێستا لە هەرێمی کوردستان تووشی جۆرێك لە ئیفلیجبوون بووە. لە دوای ساڵی ٢٠١٠، کە ئەو کات وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووم، ڕێکخراوێکی ئەمریکی بە ناوی «USAID» هات و خولێکی بۆ ڕاهێنانی ستافی ناو ئەمبولانس کردەوە، ئەمەش بەو حیسابەی کە پێویستە هەموو ئەمبولانسێك، بێجگە لە شۆفێرەکەی، دەبێت دوو کەسی دیکەش لە ناو ئەمبولانسەکەدا بێت بۆ ئەوەی چاودێریی نەخۆشەکە بکات تا دەگاتە نەخۆشخانەکان. ئەم خولی ڕاهێنانە لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگای «هەولێر، سلێمانی، دهۆك» ژمارەیەك لە کارمەندان خولیان بۆ کرایەوە. ئامانجمان ئەوە بوو، لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی پەرە بە خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی ئەمبولانس بدەین و بە شێوەیەکی سەنتەراڵی، هەر نەخۆشێك لە سەرتاسەری هەرێم پێویستی بەو خزمەتگوزارییە بێت، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەمبولانسی بۆ دابین بکرێت، بەڵام بە هۆی دەستتێوەردانی حزبی، ئەم خزمەتگوزارییە پووکایەوە. ئەو کارمەندانەی نێردرابوون بۆ ئەو خولە، لەلایەن حزبەکان و بە «تەزکیە» (ناوچە و کۆمیتە) دەستنیشان کرابوون، بۆیە دوای ئەوەی خولەکەیان تەواو کرد و پارەی خۆیان وەرگرت، ئیتر تاقەتیان نەبوو کارەکەی خۆیان بکەن و لە ناو ئەمبولانسەکاندا خزمەتگوزاریی سەرەتایی بدەن بە نەخۆشەکان تا دەیانگەیەننە نەخۆشخانەکان. لەسەر ئەم پرسە، تەنانەت دوای ئەوەی خانەنشینیش بووم، هەر هەوڵمدا و کۆڵم نەدا.

ڕۆژێکیان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن چارەسەری نەخۆشێکم دەکرد، کارمەندێکم بینی کە دەمناسی، خۆم ناردبووم بۆ ئەوەی ئەو خولە ببینێت، لێم پرسیك «تۆ چی دەکەی لێرە؟ ئەی من تۆم نە نارد بۆ ڕاهێنانی ناو ئەمبولانس؟» پێی گوتم: «دوای ئەوەی لە خولەکە هاتمەوە، خۆم گواستەوە بۆ کۆگای نەخۆشخانە.» هەموو ئەمانەش بە دەستتێوەردانی حزبی لە خزمەتگوزاریی تەندروستی دروست دەبن.

• سەبارەت بە دابینکردنی ئامێری پزیشکی،

**هەرێمی کوردستان ئەوەی پێی دەگوترێت GMC، واتە ئەنجومەنی گشتیی پزیشکی «General Medical Council»مان نییە، هەتا هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای پزیشکەکان بکات**

**لە هیچ وڵاتێکی ئەم دنیایە ڕێگە نادەن دەرمان بەبێ ڕەچەتەی دکتۆر لە هیچ دەرمانخانەیەک بفرۆشێت، بەڵام لە کوردستان دەتوانیت بە عەلاگە هەموو جۆرەکانی دەرمان لەو دووکانە لاکۆڵانانە بکڕیت**

**زۆر جار خۆم چووم بۆ پشکنین لە نەخۆشخانەکان، ئامێری تیشکیی «CT scan» لێ بووە لە هەفتەیەکدا تەنیا دوو ڕۆژ (شەمە و دووشەمە) بەکار هێنراوە، باقی ڕۆژەکانی هەفتە دەرگای لابۆری تیشکەکە داخراوە**

**ئەگەر ئامێری «MRI» تەنیا پێنج خولەک کارەبای لەسەر بکوژێتەوە، دەبێت دووبارە گازی «هیلیۆم»ی تێ بکەینەوە کە بەهاکەی ٥٠٠ هەزار دۆلارە**

**بە پێی ستانداردی جیهانی نەخۆشخانەیەک کە سەد قەرەوێڵەی هەبێت و ڕۆژانە کەمتر لە ٥٠ نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەکان هەبن، دەبێت ئەو نەخۆشخانەیە دابخرێت»**

کە ئێمە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە و هەر دەڵێین «با ئامێری پزیشکی زیاتر دابنێین»، ئەوانەی بە کردەیی لەم بوارەدا کاردەکەن، باش دەزانن کە دابینکردنی ئامێرەکانی تیشك، وەك «pet scan، CT scan، mri»، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئامێرانە زۆر قورسن. هەر بۆ نموونە، کاتێك ئەم ئامێرانە دەکڕن، تەنیا گەرەنتیی چوار ساڵی لەگەڵدایە، کاتێك ئەم ماوەیە تەواو دەبێت، ئۆتۆماتیکی ئەم ئامێرە ڕادەوەستێت و دیسان پێویستی بەوەیە تازە بکرێنەوە «update» بکرێنەوە و ساڵانە پارەیەکی زۆر بدەینەوە بەو کۆمپانیایەی لێمان کڕیوە. ئەو کارمەندەی لەسەر ئەو ئامێرانە ئیش دەکەن، ڕەچاوی پارەی ئەم ئامێرە ناکەن کە بە چەند کڕاوە و دەبێت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بە شێوەیەك کاری لەسەر بکرێت کە بەهاکەی دەست بخاتەوە. ئامێری تیشکی لەم جۆرە دەبێت لە ڕۆژێکدا ١٨ کاتژمێر کار بکات، بۆ ئەوەی تێچووی کڕین و چاککردنەوەی خۆی دابین بکاتەوە. زۆر جار خۆم چووم بۆ پشکنین لە نەخۆشخانەکان، ئامێری تیشکیی «CT scan» لێ بووە لە هەفتەیەکدا تەنیا دوو ڕۆژ (شەمە و دووشەمە) بەکار هێنراوە، باقی ڕۆژەکانی هەفتە دەرگای لابۆری تیشکەکە داخراوە. ئەوە لەبەر چاو نەگیراوە بە زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار کڕدراوە و ساڵانە بۆ نوێکردنەوەی کۆدەکەی «up-date» پێویستی بە ٢٠٠ هەزار دۆلارە. ئەوە لەبەر چاو ناگرن، ئەگەر ئامێری «mri» تەنیا پێنج خولەك کارەبای لەسەر بکوژێتەوە، دەبێت دووبارە گازی «هیلیۆم»ی تێ بکەینەوە کە بەهاکەی ٥٠٠ هەزار دۆلارە.

- جۆرێك لە مامەڵەی ناستاندەرد لەگەڵ دامەزراوە تەندروستییەکان دەکرێت. هەر بۆ نموونە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیمان هەیە، بەڵام «بەپێی ستانداردی جیهانی نەخۆشخانەیەك کە سەد قەرەوێڵەی هەبێت و ڕۆژانە کەمتر لە ٥٠ نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەکان هەبن، دەبێت ئەو نەخۆشخانەیە دابخرێت». ئەمەش لەبەر ئەوەیە بوودجە و تێچووی ئەو نەخۆشخانەیە زۆر زیاتر لەسەر حکومەت دەکەوێت، وەك ئەوەی حکومەت پارە بۆ ئەو نەخۆشە تەرخان بکات، بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت چارەسەر وەربگرێت. ئێستا ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم ستاندارەدەدا نەخۆشخانەی ڕزگاریی شاری هەولێر بە نموونە وەربگرین، کە نەخۆشخانەیەکی «٤٠٠ قەرەوێڵەیی»ـە، دەپرسم: ئایا ئێستا ٣٠٠ نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەکانی ئەو نەخۆشخانەیە هەیە؟ من دڵنیام نییە، لەبەر ئەوەی نەخۆشەکان دەچنە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت، حکومەتیش دەبێت بوودجەی تەواو بۆ ستاف و پزیشك و کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیە دابین بکات، کە دەبێت خزمەتی نەخۆشەکانی سەر ٤٠٠ قەرەوێڵە دابین بکەن.
- لە هەرێمی کوردستان تۆمارکردنی دەرهاویشتەی نەخۆشیی نەخۆش لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە کە پێی دەگوترێت «medical documen-tation» پەیڕەو ناکرێت و نییە، کە ئەمە وانەیەکە لە کۆلێژی پزیشکی و، خۆم ئەو وانەیە دەڵێمەوە. بەپێی ئەم سیستمە لە بواری پزیشکیدا، تەنیا نەخۆشەکە خۆی دەبێت هەموو شتێك لەسەر نەخۆشییەکەی خۆی بزانێت، بەڵام لە کوردستان کاتێك نەخۆش دێت بۆ لای پزیشك شەش کەس لەگەڵ خۆی دێنێتە ژوورەوە و پێیان دەڵێن «فەرموون ئێوە بچنە دەرەوە، با تەنیا نەخۆشەکە خۆی، یان کەسێکی زۆر نزیکی لەگەڵدا بێت»، دەڵێن ئاساییە ئێمە هەموومان خزم و کەسوکاری یەکین. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە دروستی نەتوانرێت ئەم سیستمە گرنگە لەگەڵ نەخۆشەکەدا پیادە بکرێت.
- سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەسەر ئاستی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، گرنگە پرۆگرامی حکومەت بەو ئاراستەیە بێت پشتگیریی کەرتی تایبەت بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ دەگێڕێت لە پێشکەوتنی بواری خزمەتگوزاریی پزیشکی و هێنانی هەندێك «پسپۆڕی دەگمەن». هەر بۆ نموونە، هەندێك نەخۆشی هەیە لە مانگێکدا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان چوار نەخۆش پێویستی بەوەیە نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، ئێ باشە خۆ بۆ چوار نەشتەرگەری حکومەت ناتوانێت نەخۆشخانەیەکی گەورە دروست بکات و ستاف و بوودجەی گەورەی بۆ دیاری بکات، ئەم پرسە زۆر گرنگە. من جارێکیان لەگەڵ شاندێکی

پزیشکی سەردانی شاری کرماشانمان کرد، لەوێ باسی ئەوەیان کرد کە پسپۆڕ و تایبەتمەند بۆ نەخۆشییەکانی «گوێی مامناوەند middle ear specialist) لە وڵاتێکی گەورە و فراوانی وەك ئێران، تەنیا لە نەخۆشخانەکانی تاران هەیە، بە هەمان شێوە لە عێراقدا بۆ نەخۆشییەکانی تۆڕی چاو (Retinal diseases) تەنیا لە نەخۆشخانەی «ئیبن هەیسەم» لە بەغدا پسپۆڕی هەبوو. بۆیە دەکرێت ئەم پسپۆڕییە دەگمەنانە بە ڕێگەی کەرتی تایبەت دابین بکرێت کە بۆ حکومەت زۆر قورسە دابینیان بکات.

● لە وڵاتی ئێمە، هاووڵاتیان بەشداری لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا ناکەن.

سەبارەت بە متمانەی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە بە پزیشك و خزمەتگوزاریی تەندروستی لەو وڵاتی خۆماندا، بەڕاستی زۆر گرنگە هاووڵاتیان متمانەیان بە پزیشك و نەخۆشخانە و ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکییانە هەبێت، کە لە وڵاتی خۆمان هەیە. ئێستا لە کوردستان پزیشکی زۆر پسپۆڕ و لێهاتوومان هەیە، هەر یەکەیان ئەگەر بچنە وڵاتی ئەورووپی، یان ئەمریکا، دوای ئەوەی بڕوانامەکەی هاوتا دەکرێت، ڕاستەوخۆ کلینیکی خۆی دەکاتەوە و لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە کاری خۆی دەکات، بەڵام بەداخەوە لێرە هەر دەڵێن «دکتۆر و پزیشکەکانی خۆمان هیچ نازانن و دەبێت بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی دەرەوەی وڵات بکەین». ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتی خۆمان خزمەتگوزاری و چارەسەری زۆر باش بە ئاستی ستانداردی جیهانی لەبەردەستە.

● هەندێك ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر پزیشکەکانی ئێمە دەگیرێتە بەر، لە جێگەی خۆیدا نییە. ئێستا من لێرە قسە دەکەم، یەکێك لە پزیشکەکانم لە بەندیخانەیە لەبەر ئەوەی نەخۆشێك کۆچی دوایی کردووە. لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، کە ئەو کات من لە شاری پزیشکی «مدینة الطب»ی بەغدا کارم دەکرد، فەرمانێك لە سەرۆکایەتیی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە هاتبوو کە مردن قەدەغەیە (ممنوع الوفاة). هەر بۆیە پزیشکانی ناو نەخۆشخانەکان هەر کە هەستیان دەکرد نەخۆشێك نزیك دەبێتەوە لە سەرەمەرگ، بە پەلەپەل دەیاننارد ەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانە نەمرێت و پاشان پزیشکەکە بەرپرسیاریەتی بکەوێتە ئەستۆ. ئێستا لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستانیش خەریکە وای لێدێت. بۆیە ئەمە ترسێکی لای پزیشکەکانی ئێمە دروست کردووە، کە نەتوانن بە هەمـوو توانای خۆیان خزمەت بکەن. پرسیار دەکەم: ئایا کاتێك هاووڵاتیانی کوردستان نەخۆشێکی خۆیان بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی بۆ ئێران و هیندستان دەبەن، ئەگەر نەخۆشەکەیان لە ژێر نەشتەرگەری کۆچی دوایی بکات، دەتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ دکتۆری ئەو نەخۆشخانانە بکەن؟ بۆیە دەبێت ئەمە چاوی پیدا بخشێندرێتەوە.

لە دواییدا جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، کە دیاردەیەك بۆ تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ حکومەت هەیە، کە ئەمیش دەرهاویشتەی خراپی حکومەت و ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقە، کە بەهۆی ئەو چەوساندنەوە و غەدرەی دژی ئێمە دەیکرد، هەموو کات حکومەتمان وەك دوژمن سەیر کردووە و هەتا ئێستا ئەم دیاردەیە لە ناو ئێمەدا بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوە. بۆیە زۆر گرنگە هەموو هەوڵەکان بخەینە گەڕ کە هاووڵاتی بەشدار بێت لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکە و حکومەتەکەش بە هی خۆی بزانێت. دووبارەی دەکەمەوە، بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا زۆر گرنگە. کاتی خۆی لە دوای ساڵی ١٩٩١، کاتێك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەهاتن بۆ ئەوەی یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان بدەن، بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی گوندێکیان دروست دەکرد، ئەم ڕێکخراوە دەیگوت، بوودجەی ئەم پرۆژەیە هەر چەندێك بێت، ئێمە ٩٠٪ی دابین دەکەین، بەڵام ١٠٪ دەبێت خۆتان دابینی بکەن. لێمان دەپرسین، کاتێك ئێوە ٩٠٪ی بوودجەی پرۆسەکە دابین دەکەن، بۆ ئەو بڕە کەمەش دابین ناکەن؟ لە وەڵامدا پێیان دەگوتین «ئەگەر خۆیان ئەو بڕە کەمە دابین نەکەن، ئەوا پرۆژەکە بە هی خۆیان نازانن و ناپیارێزن، بەڵام کە ئەوەیان دا، پرۆژەکە بە هی خۆیان دەزانن و دەیپارێزن». بۆیە ئەگەر هاووڵاتی بە ڕێگەی سیستمی «دڵنیایی تەندروستی» بڕێکی کەم پارە بدات، خزمەتگوزارییەکە بە هی خۆی دەزانێت و ڕێزی دەگرێت».

زۆر گرنگە هاووڵاتیان متمانەیان بە پزیشك و نەخۆشخانە و ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکییانە هەبێت، کە لە وڵاتی خۆمان هەیە

لە کوردستان پزیشکی زۆر پسپۆڕ و لێهاتوومان هەیە، هەر یەکەیان ئەگەر بچنە وڵاتی ئەورووپی، یان ئەمریکا، دوای ئەوەی بڕوانامەکەی هاوتا دەکرێت، ڕاستەوخۆ کلینیکی خۆی دەکاتەوە



**د. عەبدولفەتاح هەورامی**

پسپۆڕ و تایبەتمەندی تەندروستیی گشتی:

# لە هەرێمی کوردستاندا سیستمی تەندروستیمان نییە و ئەوەی هەمانە خزمەتگوزاریی تەندروستییە

پ.ی.د. عەبدولفەتاح هەورامی، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سلێمانی و پسۆڕ و تایبەتمەند لە بواری تەندروستیی گشتی «Public Health»، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری هەماهەنگیی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە و، بەڕێوەبەری بۆردی زانستیی لووتکەی تەندروستیی کوردستان —KHS-»، نوێنەری لووتکەی تەندروستیی جیهانە لە کوردستان و، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی «لووتکەی تەندروستیی عێراق — IHS»، لە بواری تەندروستیی گشتی، بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆڕبەندی نێودەوڵەتی کردووە و، چەندین توێژینەوەی زانستی پێشکەش کردووە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕیفۆرمی تەندروستیی گشتییە لە کوردستاندا. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەنگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، پرێزەنتەشێنێکی زانستی ئامادە کردبوو، کە بە داتا و ئامار، گرفت و کێشەکانی بواری تەندروستیی گشتیی کوردستانی دەستنیشان کردبوو، بەمجۆرەش دید و تیڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەی زانستیی خۆی خستەڕوو.




## ١

## تەندروستیی گشتی

ئەگەر سەیری ئەم سلایدە بکەین کە بە گەورەیی نووسراوە تەندروستیی گشتی «Public Health»، کێشە گەورەکەی ئێمە «تەندروستیی گشتییە، نەك خزمەتگوزاریی پزیشکی»، لە کەرتی تەندروستیی تایبەت، تەنیا «خزمەتگوزاریی پزیشکی هەیە» و خزمەتگوزاریی تەندروستی بوونی نییە.

خزمەتگوزاریی پزیشکی وەك دڵۆپێك ئاوی ناو پەرداخێك ئاوی پڕ وایە، بۆیە ئەگەر کۆی ئاوی پەرداخەکە خزمەتگوزاریی تەندروستی بێت، ئەوا تەنیا دڵۆپەکە خزمەتگوزاریی پزیشکییە.

کێشەی قووڵی ئێمە لەناو تەندروستیی گشتیدایە و لەسەر ئاستی جیهان بایەخێکی گەورە و گرنگ لەسەر ئەم پرسە هەیە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە لە کوردستان، تەنیا وەك خاڵێکی بچووك سەیر دەکرێت و بایەخی سەرەکی خراوەتە سەر خزمەتگوزاریی پزیشکی، ئەمەش وای کردووە، کە ئێمە لە کوردستان تەنیا سیستمی «خزمەتگوزاریی پزیشکی»مان هەبێت و «سیستمی تەندروستی»مان نەبێت.

چوارچێوەی کاری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی «WHO»، شەش کۆڵەگەی سەرەکی بۆ «سیستمی تەندروستی» دیاری کردووە، کە بریتین لە «پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، هێزی کاری تەندروست، سیستمی زانیاریی تەندروستی، گەیشتن بە خزمەتگوزاریی سەرەکیی پزیشکی، بوودجە، سەرکردە - حوکمڕانی». لەم چارتەدا ئەو خزمەتگوزارییەی دەگات بە هاووڵاتیان، خاڵی یەکەمە، ئەوانی دیکە هەموویان خزمەتی خاڵی یەکەم دەکەن کە «گەیاندنی خزمەتگوزارییە» بە هاووڵاتیان.










## ٢
## تەندروستیی گشتگیر و ڕەهەندەکانی تەندروستیی باش


کاتێك پێناسەی سیستمی تەندروستی دەکەین، ئەوا سیستمە پێشکەوتووەکانی جیهان جەخت لەسەر هەشت ڕەهەندی تەندروستیی باش «Di-mensions of wellness» دەکەنەوە، هەر بۆیە کاتێك باسی سیستمی تەندروستی دەکەین، ئەوا ئەم سیستمە هەموو بوارەکانی تەندروستی، وەك «تەندروستیی سۆزداری، تەندروستیی ئەقڵی، تەندروستیی سۆزداری، تەندروستیی ڕۆحی، تەندروستیی دارایی، تەندروستیی کار، تەندروستیی کۆمەڵایەتی، تەندروستیی فیزیکی»لەخۆ دەگرێت.

ئەوەی تا ئێستا لە وڵاتی ئێمە کاری لەسەر کراوە، بە تەنیا ڕەهەندی «تەندروستیی فیزیکی» بووە و ڕەهەندەکانی دیکەمان فەرامۆش کردووە، بۆیە ئەمەش دیسان دەبێتەوە خزمەتگوزاریی پزیشکی، نەك سیستمی تەندروستی.

## ٣
## ڕێژەی ڕەهەندەکانی تەندروستی لەناو بازنەی سیستمی تەندروستیدا

لەم سلایدە کە وێنای «بازنەی سیستمی تەندروستی» دەکات، هێجگار گرنگە، هەتا لە ڕێژەی ڕەهەندەکان تێنەگەین، لە گرنگیی سیستمی تەندروستی تێناگەین. ئەم ڕەهەندانە سیستمی تەندروستیی کۆمەڵگە تازە و ئەبدەیت دەکاتەوە، لەم دابەشکردنەی ناو ئەم بازنەیە دەبینین، ڕێژەی «تەندروستیی فیزیکی» تەنیا ١١٪ـە، ئەمەش واتە لەناو سیستمی تەندروستیدا خزمەتگوزاریی پزیشکی تەنیا ١١٪ی پێکدەهێنێت، تەندروستیی جینی و بایۆلۆژی ٢٢٪ی پێکدەهێنێت، تەندروستیی کۆمەڵایەتی ٢٤٪ی پێکدەهێنێت، ئاکاری تەندروست کە پەیوەندی بە ئاکاری مرۆڤەوە هەیە لەگەڵ تەندروستیی خۆی، ڕێژەی ٣٦٪ پێکدەهێنێت. لە هەموویان کەمتر «ژینگەی فیزیکی - Physi-cal Environment» ڕێژەی ٧٪ پێکدەهێنێت.

هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین و ئەوەی ئەم بازنەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، ئەوەیە کە گەورەترین هەڵەی کوشندە لە سیستمی تەندروستیی کوردستان ئەوەیە تەنیا بایەخ بە خزمەتگوزاریی پزیشکی و چارەسەری دەرمان دەدەین، کار لەسەر خۆپاراستن « prevention» ناکەین.




٤

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووریی گشتی ڕەهەندەکانی ژینگە و کەلتوور


ئەگەر چاوێکی خێرا بەم سلایدە بگێڕین، دەبینین ئەم سلایدەش وەك ئەوەی پێشوو، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە چۆن کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد دەنرێت؟ لەم سلایدە ئاماژە بە «خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی - Health Care Services» کراوە. خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی لەم شوێنانەوە دەست پێدەکات «ماڵ، ئاو و ئاوەڕۆ، کارکردن و شوێنی کارکردن، ژینگەی کارکردن، ئاستی خوێندن، کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراك». ئەگەر سەرنج لەم بوارانە بدەین کە ئاماژەیان پێکراوە، هەموویان دەبنە سەرچاوەی هۆکاری خراپبوونی تەندروستی، لە ئێستادا سەدان نەخۆشی بە هۆی ئاو و شلەمەنییەکانی دیکەوە هاتوونەتە کوردستان و چەندین نەخۆشی بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و خواردنەوە بڵاو بوونەتەوە.

تەندروستی پەیوەندی بە شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و پەیوەندی بە شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و تەنیا بریتی نییە لە خزمەتگوزاریی پزیشکی و چارەسەر، بەڵکو بازنەیەکی فراوانترە و ڕاشکاوانە دەڵێم: «کۆمەڵگە و تاکی تەندروست بە وەزارەتی تەندروستی دابین ناکرێت، پێویستی بە هەماهەنگیی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەوە هەیە». یەکێك لەو نەخۆشییە باوانەی کوردستان کە «نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن»ـە، ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ڕیشەیی بۆ بدۆزینەوە، دەبێت لە پەروەردەوە و ناو ماڵەکانمانەوە دەستی پێبکەین، لەبەر ئەوەی ئەم دوو شوێنە ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکەن. بۆچی ئێمە ئێستا چاودێریی خوێنبەرەکانمان ناکەین، هەتا دەگیرێن و تووشی نەخۆشیی دڵ دەبین، ئەنجا دەچین بە دوای چارەسەرکردندا دەگەڕێین؟

**گەورەترین هەڵەی کوشندە لە سیستمی تەندروستیی کوردستان ئەوەیە تەنیا بایەخ بە خزمەتگوزاریی پزیشکی و چارەسەری دەرمان دەدەین، کار لەسەر خۆپاراستن « prevention» ناکەین**

**سەدان نەخۆشی بە هۆی ئاو و شلەمەنییەکانی دیکەوە هاتوونەتە کوردستان و چەندین نەخۆشی بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و خواردنەوە بڵاو بوونەتەوە**


Linking PHC, UHC and the SDGs




## ٥

## گرێدانەوەی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی و چاودێریی تەندروستیی گشتگیر، بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامەوە

دابینکردنی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی «Primary health care»، ئامانجەکانی سیستمی تەندروستی گرێ دەداتەوە بە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوامەوە ( SDG ). لەم چوارچێوەیەدا ئێمە کێشەی قووڵمان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودیریی تەندروستیدا هەیە، بۆیە ئەمە گرێ دەدەمەوە بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆ گەیشتن بە دابینکردنی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی و چاودێریی تەندروستیی گشتیر، وڵات پێویستی بە پەرەپێدانی بەردەوام «sustainable development» هەیە، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاستەی کۆمەڵگەکەمان ژیانێکی خۆشگوزەران و تەندروستی بۆ دابین بکرێت، کە بریتین لە «نەمانی هەژاری و برسێتی، کواڵێتیی بەرزی پەروەردە، یەکسانیی ڕەگەزی، ئاوی پاکی خواردنەوە و سیستمی ئاوەڕۆ، کاری شایستە و گەشەی ئابووری، ڕێکخستنەوەی ژێرخانی پیشەشازی و داهێنان، کەمکردنەوەی نادادپەوەری، ئاسانکاریی بەردەوام لە کۆمەڵگە و شارەکاندا، بەکاربردن و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانە، پاکڕاگرتنی ژینگە، مامەڵەی دروست لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکان، ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوا، هەماهەنگی و ئامانجی هاوبەش، پارێزگاریکردن لە سیستمی ژینگەی زەوی بە بەردەوامی»، ئەم ئامانجانە کە بریتین لەو ئامانجانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەردەوام دەسنیشانی کردوون، دەبنە بنەمایەك بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی و بەرهەمهێنانی تەندروستییەکی گشتگیر لە کۆمەڵگەدا.





## ٦

### بەبێ بوونی پزیشکی خێزانی سیستمی تەندروستی سەرکەوتوو نابێت

هەتا لەسەر سیستمی پزیشکیی خێزانی لە کوردستان کار نەکەین، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، سیستمی تەندروستیی ئێمە چاك بێت. هەر سیستمێکی تەندروستی، سیستمی پزیشکیی خێزانی تێدا نەبێت، شکست دەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیستمی پزیشکیی خێزان کار لەسەر هەر چوار ڕەهەندەکەی تەندروستی دەکات، بەپلەی یەکەم کار لەسەر خۆپاراستن دەکات، ئەوجا چارەسەر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیستمی دکتۆری خێزان چاودێریی پێکەوە گرێدارو «Connected Care» دابین دەکات. ئەم سیستمە وەك دامەرزاوەیەك لە سلێمانی هەر بەناو دانەیەکمان هەیە، لە هەولێر دانەیەك، یان دووانمان هەیە، بەڵام تەنیا بینا و کەلوپەلن و کاریان پێناکرێت. بۆیە ئەگەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بە پڕۆگرامی تەندروستیی گشتی «Health Care»، بڕوانا کەم ١٠٪ی مەرجەکانی ئەم چاودێرییە تەندروستییە پێکەوەگرێدراوەی جێبەجێ کردبێت.

**هەتا لەسەر سیستمی پزیشکیی خێزانی لە کوردستان کار نەکەین، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، سیستمی تەندروستیی ئێمە چاك بێت**

## Evaluation of components of primary health care




**Evaluation of Main Component of Health Services for a Total of 68 Primary Healthcare Centers (PHCCs).**

### ٧
### هەڵسەنگاندن بۆ پێکهاتە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی

کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ پێکهاتە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەو کاتە کێشە گەورەکانی سیستمی تەندروستیی خۆمان هەست پێدەکەین. من سەرپەرشتیی تێزی دکتۆرای قوتابییەکی خۆمم دەکرد کە «هەڵسەنگاندنی بۆ پێکهاتە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان» لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە ئەنجام دابوو. بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە پشتی بە تازەترین پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی چاودێریی تەندروستی بە ڕای زانستی بەستبوو کە تا ئێستا لە عێراقدا بۆ هەڵسەنگاندن بەکار نەهاتووە، بە جۆرێك ئەم پێوەر و پرسیارنامەیە ٢٠ پرۆگرام لە خۆی دەگرێت. ئێمە لەم ٢٠ پرۆگرامە تەنیا توانیمان دەیان بخەینە ناو هەڵسەنگاندنەکەوە، چونکە ١٠ پێوەریان لە مەڵبەند و دامەزراوەکانی ئێمە بوونیان نییە، ئەمەش دروست وەك ئەوە وایە، قوتابییەك لەبری ئەوەی لەسەر ڕێژەی ١٠٠٪ بچێتە ناو تاقیکردنەوەکان، بەناچاری لەسەر ڕێژەی ٥٠٪ تاقیکردنەوە ئەنجام بدات، ئەو ١٠ پرۆگرامەشی هەڵسەنگاندمان بۆ کردووە، ئاکامەکەی بەو جۆرە کە لە سلایدەکە دەیبینین، تەنیا ٤٣٪ی نەخۆشخانەکانی ئێمە خزمەتگوزاریی «non communicable disease service» هەیە، کە پەیوەستە بە دڵ و بۆرییەکانی خوێن و ئێمە دەڵێین بەس هەیە و یەکێکە لە هۆکارەکانی مردنی نەخۆش لە کوردستاندا، ئێمە ئەم پرۆگرامە جێبەجێ ناکەین بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکان چۆڵ بن، بەڵکو وازمان لێ هێناوە، بۆ ئەوەی بەردەوام نەخۆشخانەکانمان پڕ بن.

### ٨
### ئاستی خۆپاراستن و ڕۆڵی چاودێریی تەندروستیی گشتی

ئەمە ئەو پرسەیە کە دەبێت زۆر بە جددی ئاگاداری بین و کاری لەسەر بکەین، خزمەتگوزاریی تەندروستی دابەش دەبێت بەسەر چوار بەشدا کە بریتین لە:

١- خۆپاراستنی پێشینە - primordial prevention.

٢- ڕێوشونی دیاریکراو بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان - specific measurement reduce risk.

٣- خۆپاراستن لە سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشی - secondary prevention.

**تێچووی مانەوەی یەک نەخۆش لەسەر حکومەت بۆ یەک شەو ٣٠٠ دۆلارە، تەنیا یەک پشکنینی سۆنەر، تێچووەکەی لەسەر حکومەت ٢٥٠ هەزار دینارە**

٤- ڕێگرتن لە دەرهاویشتەکان و پەککەوتەیی - prevent complications and disability.


لە کۆنگرەی پاری لوتکەی تەندروستیی جیهانی لە بەرلین، توێژینەوەیەك پێشکەش کرا و تیایدا دەڵێت «ئەگەر لەسەر هەردوو ئاستی (خۆپاراستنی سەرەتایی و ڕێوشوێنی دیاریکراو بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان)، تەنیا یەك دۆلار خەرج بکرێت، ئەوا لەسەر دوو ئاستەکەی دیکەی خۆپاراستن کە بریتین لە (ناسینەوە و چارەسەرکردن و ڕێگرتن لە دەرهاویشتەکان و پەککەوتەیی)، ٥٤ دۆلار قازانج دەکەیت». هەر بۆیە سیستەمە هاوچەرخە تەندروستییەکانی وڵاتانی جیهان، سەرەتا کار لەسەر دوو هەنگاوی یەکەم دەکەن، لەبەر ئەوەی زۆر باشترە و تێچووی کەمترە.

لە ساڵی ٢٠١٣ توێژینەوەیەکمان کرد بۆ تێچووی یەك نەخۆش کە یەك شەو لە نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی دەمێنێتەوە. بۆمان دەرکەوت، تێچووی مانەوەی یەك نەخۆش لەسەر حکومەت بۆ یەك شەو ٣٠٠ دۆلارە، تەنیا یەك پشکنینی سۆنەر، تێچووەکەی لەسەر حکومەت ٢٥٠ هەزار دینارە.

لە ساڵی ٢٠١٣ کاك نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی «ڕەجەب ئارداغی» کرد کە سەردانی کوردستان بکات. ئارداغ بە «باوکی ڕیفۆرمی کەرتی تەندروستیی تورکیا» ناسراوە، یەکێکە لە کەسە دیارەکانی جیهان لە بواری تەندروستیدا و، سیستمی کەرتی تەندروستیی تورکیا بەدەست پاشاگەردانییەکی گەورەوە دەیناڵاند، ئارداغ توانی ڕیفۆرمێکی زۆر باشی تێدا بکات و بەرەو پێشەوەی ببات.

لەم سەردانەیدا ئێمە (د.سامان بەرزنجی کە ئەو کات بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بوو، د.میران کە ئەویش ئەو کات بەڕێوەبەری تەندروستیی گشتی سلێمانی بوو و من نوێنەرایەتیی بەڕێزیانم دەکرد، لەگەڵ دوو ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ کاك د.ڕێکەوت کە وەزیری تەندروستی بوو)، پێکەوە لەگەڵ ئارداغ سەردانی چەند دامەزراوەیەکی تەندروستیمان لە هەولێری پایتەخت کرد. ئەوکات مانگی ڕەمەزان بوو، چووین بۆ یەکێك لە چێشتخانەکانی هەولێر بۆ ئەوەی بەربانگ بکەینەوە، پێش ئەوەی بەربانگ بکەینەوە، کەمێك کاتی مابوو، لێمان پرسی: «چۆن توانیت ئەو ریفۆرمە گەورەیە لە کەرتی تەندروستیی تورکیا بکەیت؟» لە وەڵامدا گوتی: «ئازایەتییەکە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی وڵات دەگەڕێتەوە، نەك من، ئەو سەرەتا پێی گوتم، ئەگەر بمانەوێت لە کەرتی تەندروستی ڕیفۆرم بکەین، دەبێت لە تێڕوانینی سیاسەتمەدارەکانەوە بۆ کەرتی تەندروستی دەست پێبکەین و ئەوان بە شێوەیەکی بەهێز پاڵپشتیمان بکەن، لەبەر ئەوەی کێشەی سەرەکیی ئێمە لە تێڕوانینی سیاسەتمەدارەکانەوە بۆ تەندروستی دەست پێدەکات، کە ئەو تێڕوانینەمان گۆڕی، دەتوانین ڕیفۆرمێکی سەرکەوتووش ئەنجام بدەین».

ئێمەش لە کوردستان هەمان کێشەمان هەیە. سێ کەرتی سەرەکی ئاستی پێشکەوتن و متمانەی




هاووڵاتیان بە حکومەت دیاری دەکات، کە بریتین لە «ئابووری، پەروەردە، تەندروستی».

ئەمساڵ وەك پسپۆڕێکی بواری گشتی، بانگیان کردم بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی پێنج حزبی سیاسی بۆ تەندروستیی کوردستان بکەم، بەڕاستی کە سەیری بەرنامەکانیانم کرد، گریانم دەهات. زۆر زۆر خراپ بوون. ئەوەی سەلماند هەتا ئێستا پرسی تەندروستی لەناو حزبەکانی ئێمە بایەخی نییە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بیری لەوە کردووەتەوە، زۆر بە ڕاشکاوی و شەفافانە و دوور لە تێڕوانینی حزبی و میدیایی، ئەم پرسە گرنگانە گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.



د. چرۆ حەمە فەرەج، یەکێکە لەو توێژەرانەی کە کاری ڕاشکاو و مەیدانی لەسەر متمانە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان بەرامبەر بە کەرتی تەندروستی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا کردووە. لەسەر ئەم پرسە ماوەی چوار ساڵ لەسەر ئاستی تیۆری و مەیدانی کاری کردووە و پاشان وەك تێزی دکتۆرا، ئەم توێژینەوەیەی پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کردووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بەم جۆرە هەڵوەستەی لەسەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خزمەتگوزاریی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت کرد و، بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی خستە ڕوو.

## د. چرۆ حەمە فەرەج

پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر متمانە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان بەرانبەر کەرتی تەندروستی:

# ڕێژەی ئەو هاووڵاتییانەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشی پشت بە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەبەستن لە ئاستێکی زۆر باشدایە

ئەوەی لە گفتوگۆکەمدا دەیخەمە ڕوو، بەشێکە لەو ئەزموونەی کە ماوەی چوار ساڵ بۆ ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەم کارم لەسەر کردووە و، تایبەتە بە «متمانە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان بەرامبەر نەخۆشخانە حکومییەکان». لە ناو نەخۆشخانە حکومییەکاندا کاری تیۆری و مەیدانیم لەسەر کردووە و بەو ئاکامانە گەیشتم کە ئێستا لێرە بە پوختی دەیانخەمە ڕوو:

- لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو و قەیران بووەتەوە و کاریگەریی لەسەر هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە هەبووە، بە کەرتی تەندروستییشەوە، بەڵام ڕێژەی ئەو هاووڵاتییانەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشی پشت بە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەبەستن، لە ئاستێکی زۆر باشدایە، تەنانەت ئێستاش خەڵك متمانەیەکی باشی بەم کەرتە هەیە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیشیان لە ئاستێکی بەرزدایە.
- خاڵە بەهێزەکانی نەخۆشخانە حکومییەکان یان کەرتی تەندروستیی گشتی، بە پلەی یەکەم لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کارکردن لە

نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتیدا بەردەوامە، هەر بۆیە بەردەوام ئیشکردنی ئەو نەخۆشخانانە سەرباری هەموو قەیرانەکان، خاڵی بەهێزی متمانەی خەڵکە بە کەرتی تەندروستیی گشتی.

• خاڵێکی دیکەی کەرتی تەندروستیی گشتی لەوەدایە کە تێچووی چارەسەر لە ئاستی گیرفانی خەڵکەکەدایە و بەراورد بە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت، تێچووی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی حکومەتدا زۆر زۆر کەمە.

سەبارەت بەو دوو خاڵەی کە بە خاڵی ئەرێنی بۆ کەرتی تەندروستیی گشتی لە قەڵەم دەدرێن، ئەمە ئاکامی دیراسەتێکی وردی مەیدانییە لە ناو نەخۆشخانەکاندا، کە هەتا چەند بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان سەردانی نەخۆشخانەی حکوومی یان نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دەکەن. لەم دیراسەتەدا کە بە شێوەی مەیدانی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ٦٣٧ نەخۆش کردووە و لە نەخۆشخانەکان لەگەڵیاندا ماومەتەوە، لە کۆی ئەم ژمارەیە، ٢٣٧ کەسیان بەو جۆرە وەڵامیان داوەتەوە کە بەردەوام سەردانی نەخۆشخانە حکوومییەکان دەکەن و هەرگیز سەردانی نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتیان نەکردووە. خاڵێکی دیکە کە خەڵکانێکی دیکە لە ناو نەخۆشخانەکاندا قسەم لەگەڵ کردوون و پرسیاری ئەوەم لێ کردوون «ئەگەر تۆ ئاستی داراییت بەرز بێت و بتوانیت لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت چارەسەری خۆت بکەیت، هەر سەردانی نەخۆشخانەی کەرتی گشتی دەکەیت، یان دەچیت بۆ نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت؟» لە وەڵامدا پێیان گوتووم «ئەگەر نەخۆشخانە حکوومییەکان بەردەوام کراوە بن و پێداویستییەکانی چارەسەر هەبێت، من هەر چارەسەری نەخۆشخانە حکوومییەکانم لا پەسەندترە و هەرگیز بیر لە چارەسەری نەخۆشخانە تایبەتەکان ناکەمەوە.»

بێگومان، هەر لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندمان بۆ لایەنە نەرێنییەکانی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی کردووە، کە ئەم لایەنە نەرێنییانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە متمانە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان بێنێتە خوارەوە، لەوانە:

١- ئەو خەڵکەی بەشداریی توێژینەوەکانیان کردووە، گلەییان لە کەموکورتی لە بواری دابینکردنی دەرمان لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا هەبووە، کە وەك پێویست دەرمان بۆ نەخۆش دابین ناکرێت.

٢- کەموکورتی لە ئامێری پزیشکی و بەردەوامی و چاککردنەوەی ئامێرەکان هەیە، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك ئامێرێکی پزیشکی تێك دەچێت، یان لە کار دەکەوێت، زوو چاك ناکرێنەوە.

٣- بایەخ نەدان بە سەرچاوەی مرۆیی (پزیشك و کارمەندانی تەندروستی). ئەو کاتەی لە نەخۆشخانەکاندا خەریکی توێژینەوەکەم بووم، دوو خانمم لەگەڵ بوو، کە بە شێوەی خۆبەخش لە نەخۆشخانەکان کاریان دەکرد. بەڕاستی کەسانێکی زۆر وریا و چالاك بوون و ببوونە کۆڵەگەیەکی زۆر سەرەکی بۆ کاری ڕۆژانەی نەخۆشخانە و سەرپەرشتیکردنی نەخۆشەکان. لە ئێستادا ئەو خۆبەخشانە بوونەتە پێویستییەك و ئەزموونی تەواویان پەیدا کردووە، بۆیە نابێت دەستبەرداریان بین و دەبێت دایانبمەزرێنن، ئەگەرنا نەمانی ئەو خۆبەخشانە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر ئەدای کارکردنی نەخۆشخانەکان دروست دەکات.

سەرەڕای بوونی ئەم لایەنە نەرێنییانە لەسەر نەخۆشخانە حکوومییەکان، بەڵام هێشتا لای هاووڵاتیان متمانە و بەرپرسیاریەتییان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بەرزترە. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نەخۆشخانە حکوومییەکان و نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت تەواوکاری یەکترن و، هەردوولایان خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشی هاووڵاتیان دەکەن، بەڵام ئەگەر بایەخی زیاتر بە نەخۆشخانە حکوومییەکان بدرێت و ئەو کەموکورتییانەی لە بواری دەرمان و ئامێری پزیشکی هەیە، چارەسەر بکرێت، هەروەها سەرچاوەی مرۆیی تەواو لە «پزیشك و کارمەندانی تەندروستی» دابین بکرێت، ئەوا خەڵك هێندەی متمانە و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە نەخۆشخانە حکوومییەکان هەیە، ئەوەندە بە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت نییەتی.

**هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو و قەیران بووەتەوە و کاریگەریی لەسەر هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە هەبووە، بە کەرتی تەندروستییشەوە**

**خاڵە بەهێزەکانی نەخۆشخانە حکوومییەکان یان کەرتی تەندروستیی گشتی، بە پلەی یەکەم لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کارکردن لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتیدا بەردەوامە**

**کەموکورتی لە ئامێری پزیشکی و بەردەوامی و چاککردنەوەی ئامێرەکان هەیە، ئەمەش بەو مانایەی کاتێک ئامێرێکی پزیشکی تێک دەچێت، یان لە کار دەکەوێت، زوو چاک ناکرێنەوە**



**د. هشیار عیسا سەدیق**

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە نەشتەرگەری گشتی:

# لە سنووری پارێزگای دهۆک ٢٢١٣ پزیشکمان هەیە، نزیکەی ٧٠٠ پزیشکیان پسپۆڕن و ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێت باشترین خزمەت پێشکەشی هاووڵاتیان دەکەن

د. هشیار عیسا سەدیق، هەڵگری بڕوانامەی بۆردە لە نەشتەرگەریی گشتی و یەکێکە لە دکتۆرە بە ئەزموونەکانی بواری نەشتەرگەریی گشتی لە نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆك، هەروەها خاوەنی کلینیکی تایبەتی خۆیەتی لە نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت لە دهۆك. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت»، باسی لە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانە کرد، کە ڕۆژانە نەخۆشخانە حکوومییەکان پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکەن و، بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆ گرنگە لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی». بەڕاستی ئەمە پرسێکی گرنگە و دەبێت زۆر بە ڕاشکاوی و جددی قسەی لەسەر بکرێت.

ئەگەر لە ئەزموونی کاری ڕۆژانەی خۆمەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانە بکەم کە ڕۆژانە پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێن، من نۆژدارم لە نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆك، کە گەورەترین نەخۆشخانەی ئەو پارێزگایەیە. لە ناو ئەم نەخۆشخانەیەدا بەشی ڕاوێژکاری هەیە، کە ڕۆژانە زیاتر لە ٧٠ نەخۆش تەنیا سەردانی بەشی نۆژداری دەکەن. ئەم ژمارەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە، ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە نەخۆشخانە حکومییەکان پێشکەش دەکرێت بەرزە و خەڵك متمانەی پێیەتی، ئەگەرنا ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش ڕۆژانە سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکانیان نەدەکرد.

هەر لە نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆك، ڕۆژانە لە دەوامی بەیانیان ٢٥-٣٠ نەشتەرگەریی مەزن و مامناوەند ئەنجام دەدەین، لە دەوامی ئێوارانی نەخۆشخانەش دیسان بە شێوازی «نیمچە تایبەت» نزیکەی ١٠-١٥ نەشتەرگەری ئەنجام دەدەین. ئێمە بەشێك لە نەخۆشەکانمان لەو نەخۆشخانەیەدا نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام دەدەین، بەتایبەتی لەو ڕۆژەی بۆمان دانراوە، نەشتەرگەری ئەنجام بدەین و هەر نۆژدارێك ڕۆژێکی بۆ دانراوە کە نەشتەرگەری ئەنجام بدات. بەڵام دانانی مەوعید بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دوورە و دەگاتە نزیکەی چەند مانگ. بۆیە ئەگەر نەخۆشێك پێویستی بەوە بێت بەپەلە نەشتەرگەری بۆ بکەین، لە نەخۆشخانەی تایبەت بۆی دەکەین و دوای ناخەین، ئێستاش لە دهۆك ١٥ نەخۆشخانەی تایبەتمان هەیە کە دەتوانین نەشتەرگەری تێدا ئەنجام بدەین.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە و ئەو دکتۆرە بەڕێزانەش ئاماژەیان پێکرد، دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نموونەیی و پرفێکت، پێویستی بە تەرخانکردنی بوودجەیەکی زۆر گەورە هەیە. بەڵام بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نییە ئەو بوودجە گەورەیە بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان بکات.

بەڕێز د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی کە لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵمان بەشدارە، ئاگادارە کە پێش دە ساڵ بەردی بناغە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی فریاگوزاری بۆ پارێزگای دهۆك دانرا، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە کارکردن لەو نەخۆشخانەیەدا ڕاگیراوە. ئەمەش وای کردووە کە هەموو شاری دهۆك ئیعتمادیان لەسەر نەخۆشخانەی گشتیی ئازادی بێت، ئەمەش لۆدێکی گەورەی دروست کردووە و نەخۆشخانەکە ناتوانێت هەموو خزمەتگوزارییەکی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکات. ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی خەڵك بە ناچاری ڕوو لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بکەن.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر زۆر خراپ لەسەر کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی دەگێڕن، تەنیا چاویان لەسەر ئەوەیە کێشەیەکی بچووك هەبێت و زۆر گەورەی بکەن و لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بیکەنە کێشەیەکی گەورە. هەروەها لە لایەن هەندێك پیاوانی ئایینی، بەتایبەتی لە گوتارە ئایینییەکانیاندا هێرشی توند دەکەنە سەر پزیشکەکان. ئاشکراشە گوتاری پیاوانی ئایینی لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی زۆر جیاواز و نەرێنی لەسەر تەندروستی دەهێنێتە ئاراوە.

لە ئێستادا لە سنووری پارێزگای دهۆك ٢٢١٣ پزیشکمان هەیە، نزیکەی ٧٠٠ پزیشکیان پسپۆڕن. بۆیە ئەگەر لەو دەڤەرە بواریان بۆ بڕەخسێنرێت و هەندێك نەخۆشخانەی دیکە دروست بکرێن، ئەوا ئەو توانایە هەیە کە بتوانن خزمەتی باشتر بکەن و خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن.

**ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە نەخۆشخانە حکومییەکان پێشکەش دەکرێت بەرزە و خەڵك متمانەی پێیەتی، ئەگەرنا ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش ڕۆژانە سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکانیان نەدەکرد**

**دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نموونەیی و پرفێکت، پێویستی بە تەرخانکردنی بوودجەیەکی زۆر گەورە هەیە. بەڵام بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نییە ئەو بوودجە گەورەیە بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان بکات**

**پێش دە ساڵ بەردی بناغە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی فریاگوزاری بۆ پارێزگای دهۆك دانرا، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە کارکردن لەو نەخۆشخانەیەدا ڕاگیراوە**



د. زوزان عەبدولڕەحمان فارس

پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و منداڵی بلووری:

# ئەو نەخۆشەی لە دەوامی بەیانیان فریای نەکەوین، لە دەوامی ئێواران بە پارەیەکی زۆر کەمتر لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام دەدەین

د. زوزان عەبدولڕەحمان فارس، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و منداڵی بلووری و نەزۆکی. پسپۆڕی و تایبەتمەندیی لە نەزۆکی و منداڵی بلووری (IVF) لە بەریتانیا وەرگرتووە و، پسپۆڕی و تایبەتمەندیی لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوونی لە میسر وەرگرتووە و، ئێستا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی شاری دهۆکە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا خستە ڕوو.

خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەتایبەتی خزمەتگوزاریی حاڵەتەکانی فریاکەوتن بە شێوەیەکی گشتی، لەلایەن نەخۆشخانە حکوومییەکانی کەرتی گشتییەوە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێن. ئەوجا ئەو حاڵەتە فریاکەوتنانە ڕووداوەکانی «هاتوچۆ، تەقەکردن، سووتان و.. هتد»، هەروەها ئەوانەش کە پەیوەندیدارن بە باری خراپ و تەنگاویی ئافرەتان و منداڵبوون، هەموویان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی خزمەتگوزاریی تەندروستییان پێشکەش دەکرێت.

خزمەتگوزارییەکی دیکەی گرنگی تەندروستی» بەرنامەی نیشتمانیی ڤاکسین»دانە و هەمووی لە کەرتی گشتی پێشکەش دەکرێن .

لەلایەکی دیکە لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا «کلینکی ڕاوێژکاریی ئێواران» هەیە، کە نۆژداری تایبەتمەندی لێیە و، هەروەها تاقیگەی پشکنین و سۆنار و تیشك و دەرمانخانە هەیە و نرخەکەی بەراورد بە کەرتی تایبەت نزیکەی ٧٠٪ کەمترە.

**لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا «کلینکی ڕاوێژکاریی ئێواران» هەیە، کە نۆژداری تایبەتمەندی لێیە و، هەروەها تاقیگەی پشکنین و سۆنار و تیشك و دەرمانخانە هەیە و نرخەکەی بەراورد بە کەرتی تایبەت نزیکەی ٧٠٪ کەمترە**

سەبارەت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییش، ئەوەی لە دەوامی بەیانیاندا فریای بکەوین، نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام دەدەین، ئەگەر نەخۆشێك حاڵەتی خراپ بێت و تەنگاو بێت، ئەوا پێشی دەخەین و نەشتەرگەرییەکەی لە کاتی خۆیدا بۆ دەکەین. ئەوەشی فریای نەکەوین، لە دەوامی ئێواران بە پارەیەکی زۆر کەمتر لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت، نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام دەدەین.

هەندێك نەخۆشی دیکە هەن پێویستییان بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام ئەگەر نەشتەرگەرییەکەیان دواش بکەوێت، کاریگەریی نابێت، بۆیە کاتیان بۆ دیاری دەکەین و لەو کاتەی بۆیان دیاری دەکەین، نەشتەرگەرییان لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا بۆ ئەنجام دەدەین. هەندێك کەس دێن نەخۆش نین، بەڵام دەیانەوێت بۆ جوانکاری نەشتەرگەری ئەنجام بدەن، ئەمەیان لە سیستمێکی کەرتی تەندروستیی گشتیی هیچ وڵاتێکدا نییە کە نەشتەرگەری بۆ جوانکاری ئەنجام بدرێت.

**لە سیستمێکی کەرتی تەندروستیی گشتیی هیچ وڵاتێکدا نییە کە نەشتەرگەری بۆ جوانکاری ئەنجام بدرێت**

سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت پێشکەش دەکرێن، نرخی نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت هێندە گران نییە، بەڵام لەوانەیە باری ئابووریی خەڵك هاریکار نەبێت، بۆ نموونە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی «هەڵگرتنی ڕەحم – رفع الرحم» لە کوردستان نرخی نزیکەی ١٠٠٠ دۆلارە، بەڵام لە تورکیا ٥٠٠٠ دۆلارە، نموونەیەکی دیکە منداڵی بلووری لە کوردستان لە کەرتی گشتی ٥٠٠٠ دۆلارە، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان ١٥٠٠٠٠ دۆلارە.

**نرخی نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت هێندە گران نییە، بەڵام لەوانەیە باری ئابووریی خەڵك هاریکار نەبێت**

سەبارەت بە دەرمان، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاری زۆر باش لەسەر ڕیفۆرم لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستیی پزیشکی لە کوردستان «KMCA» کراوە.

هەندێك دەرمان کە نرخی گرانە، ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە وڵاتی ئێمە. لە بەریتانیا ئەمەیان بە سیستمی «VPAS-UK» دەکەن، کە بەپێی ئەم سیستمە وەزارەتی تەندروستی و دەستەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی بەریتانی، لەگەڵ دەستەی پیشەسازیی دەرمان ڕێککەوتنێك دەکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی خێرا و بە نرخێکی گونجاو دەرمان بگاتە دەستی هاووڵاتیان. بۆیە دەبێت ئێمەش لە هەرێمی کوردستان هەوڵ بدەین لە ڕێگەی سیستمێکی هاوشێوەی بەریتانیاوە، نەك تەنیا کێشەی گرانیی هەندێك دەرمان چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بە نرخێکی هەرزان بگاتە دەستی هاووڵاتیان، بەڵکو دەتوانین هەر بە سیستم پشکنینەکانی «تیشك، لابۆرەکان» بە ڕێگەی سیستمەکە (GetDescribe) چاودێریی هەبێت و هەر کەسێك بە شێوازێکی ڕێکوپێك کاری خۆی بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامانجی ئێمە تەنیا ئەوە نییە بە تەنیا خزمەتگوزاریی باش بگاتە هاووڵاتیان، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە خزمەتگوزاریی زۆر باش بە خێرایی بگاتە هاووڵاتیان و تێچووەکەشی لەسەر حکومەت کەمتر بێت. دەبێت هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەم ئاکامە و ڕێکخستنی کۆی بوارەکان بە سیستم بەردەوام بێت.

**ئامانجمان ئەوەیە خزمەتگوزاریی زۆر باش بە خێرایی بگاتە هاووڵاتیان و تێچووەکەشی لەسەر حکومەت کەمتر بێت**



## ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا

سەرۆکی ئەنجومەنی  باڵای تووشبووانی تالاسیمای کوردستان:

# ئەو پشکنینانەی کە پێویستە تووشبووانی تالاسیما لە تاقیگە گشتییەکاندا بەبێ بەرانبەر ئەنجامیان بدەن، هەندێکیان لە تاقیگە گشتییەکاندا نین

**ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمای کوردستان و بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری تالاسیمای هەولێرە. ئەم ئەنجومەنە کۆمەڵەکانی «دهۆك، سلێمانی، هەولێر، ئاکرێ، ڕانیە، خانەقین» و هەردوو نووسینگەی تالاسیمای «کۆیە و سۆران» لەخۆ دەگرێت. ئەنجوومەنەکە سەرپەرشتیی ٣٦٠٠-٤٠٠٠ تووشبووی نەخۆشیی تالاسیما دەکات. بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکانی ئەم ئەنجومەنە، مەرجە خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی تووشبووی تالاسیما بێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بەمجۆرە باسی لەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانە کرد کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تووشبووانی ئەم نەخۆشییە دابینی کردووە و، پێداویستییەکانیشی خستەڕوو.**

جێگەی دەستخۆشییە بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەم گفتوگۆ گرنگەیان ڕێکخستووە لەسەر پرسی «خزمەتگوزاریی تەندروستی». هەروەها سوپاسیان دەکەین کە تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمایان لەبیر نەکردووە، چونکە ئەوان نەخۆشییەکی درێژخایەن و قورسیان هەیە و بەردەوام پێویستیان بە چەندین خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە.

ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیما لە کوردستان لە نێوان ٣٦٠٠-٤٠٠٠ نەخۆشدایە. سەرەڕای ئەوەی من سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمام، بەڵام

لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری تالاسیمای هەولێرم، قسەکانم زیاتر لەسەر تووشبووانی تالاسیمای هەولێر چڕ دەکەمەوە، کە پێموایە بارودۆخی تووشبووانی تالاسیما لە هەولێر ئاوێنەیەکە بۆ تێکڕای تووشبووانی تالاسیما لە کوردستان.

ئێمە لە هەولێر ١٢٠٠ تووشبووی نەخۆشیی تالاسیمامان هەیە، بە جۆرەکانی تالاسیمای گەورە، مامناوەند و سێکل سێڵ تالاسیمیا (sick-le cell thalassemi). ئەم جۆرانەی نەخۆشییەکە بەردەوام پێویستیان بە خوێن هەیە. لە سەنتەری تالاسیمای هەولێر ٩٣٥ نەخۆش بەردەوام پێویستیان بە خوێنە، کە مانگانە پێویستیان بە ١٢٠٠ پاکەت خوێن هەیە. خۆشبەختانە ئەم خوێنە لەلایەن بانکی نەخۆشخانەوە دابین دەکرێت. مەسروفی مانگانەی نەخۆشێك بە هەموو پێداویستییەکانیەوە وەك «کڕینی کیس، دەرزیی دیفیراسیرۆکس (Deferasirox)، حەبی ئێکسجەید (EXJADE)، هەروەها تەواوی ئەو پشکنینانەی بۆ نەخۆشەکان پێویستن، لەسەر حیسابی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگاتە ١٠٠٠ دۆلار.

لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ئێمە وەك سەنتەری تالاسیمای هەولێر، لە ڕووی «پێداویستیی پزیشکی، سەرچاوەی مرۆیی، پزیشك و کارمەندانی تەندروستی» هیچ کەموکورتییەکمان نییە، بەڵام چاومان لەوەیە کە خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ تووشبووانی تالاسیما دابین بکرێت. جەنابی کاك مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم دواییە سێ بڕیاری گرنگی بۆ تووشبووانی تالاسیما دەرکرد:

١- ١٠٠ نەخۆشیی تالاسیما بۆ چاندنی مۆخ ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت.

٢- هەر تووشبوویەکی تالاسیما پێویستی بە هەر جۆرە پشکنینێك بێت، دەبێت بەبێ بەرانبەر لە تاقیگە گشتییەکاندا بۆی ئەنجام بدرێت.

٣- زیاتر لە یەك ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی دەرمان و پزیشکی.

ئەم خزمەتگوزارییانە لە سەنتەرەکەمان بۆ تووشبووانی تالاسیما پێشکەش دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم و بەڕێز د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی لێرە ئامادەیە، ئەوەیە کە هێشتا نازانین هۆکاری چییە کە ناردنی ئەو ١٠٠ تووشبووەی تالاسیما نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردن.

پرسی ئەو پشکنینانەی کە پێویستە تووشبووانی تالاسیما لە تاقیگە گشتییەکاندا بەبێ بەرانبەر ئەنجامیان بدەن، لە هەندێك حاڵەتدا کێشەی تێدەکەوێت، هەندێك جار هەندێك لەو پشکنینانە لە تاقیگە گشتییەکاندا نین. من خۆم کچێکی تووشبووی تالاسیمام هەیە، لەو ماوەیەدا پێویستی بە چوار پشکنین هەبوو، کە لە سەنتەرەکەی خۆمان نەبوو. چووم بۆ تاقیگەی ناوەندی بۆ ئەوەی پشکنینەکانی بۆ بکەم، بەڵام تەنیا دوو پشکنینیان لەوێ هەبوو، دوو پشکنینەکەی دیکەم لە دەرەوە و لە کەرتی تایبەت کرد.

تێچووی پشکنینەکانی تووشبووانی تالاسیما گرانە. لەوانەیە تا ڕادەیەك بۆ من کێشە نەبێت، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە کە زۆربەی خێزانەکان کە نەخۆشی تووشبووی تالاسیمایان هەیە (بە ڕێژەی ٨٠٪)یان هەژار و نەدارن و ناتوانن پشکنینەکان لە کەرتی تایبەت ئەنجام بدەن. ڕاستە ئێمە سوپاس بۆ خوا بەشی زۆری پشکنینەکانمان لە سەنتەرەکەی خۆمان ئەنجام دەدەین و تا ڕادەیەك پێویستمان بە کەرتی تایبەت نییە، مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە لای خۆمان نەکریت.

پرسێکی دیکە کە ئێستا لە میدیا و سۆشیال میدیا وروووژێندراوە و باسی دەکرێت، ئەوەیە کە دەگوترێت تاقیگە گشتییەکان دەدرێنە کەرتی تایبەت. من لەو بڕوایەدا نیم ئەم هەواڵە ڕاست بێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەنگۆیە ڕاست بێت، ئەوا گرنگە تاقیگەی سەنتەری تالاسیما حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت و نەدرێتە کەرتی تایبەت.

کێشە و کۆژانی تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیما زۆر گەورەیە، هەر بۆیەشە ئەگەر کەسێك خۆی، یان منداڵێکی تووشبووی نەخۆشییەکە نەبێت، لە کۆمەڵەکانی تالاسیما نابێتە ئەندام. ئێمە سوپاسگوزاری وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێرین کە هەمیشە دەرگایان واڵا بووە بۆ پێشوازی لە تووشبووانی تالاسیما. داوایان لێ دەکەین لە پرسی ناردنە دەرەوەی ئەو ١٠٠ نەخۆشەی تالاسیما بۆ دەرەوەی وڵات، یارمەتیمان بدەن، بێجگە لەمە هیچ کێشە و کەموکورتییەکی دیکەمان نییە.

**لە هەولێر ١٢٠٠ تووشبووی نەخۆشیی تالاسیمامان هەیە، بە جۆرەکانی تالاسیمای گەورە، مامناوەند و سێکل سێڵ تالاسیمیا**

**لە سەنتەری تالاسیمای هەولێر ٩٣٥ نەخۆش بەردەوام پێویستیان بە خوێنە، کە مانگانە پێویستیان بە ١٢٠٠ پاکەت خوێن هەیە**

**وەک سەنتەری تالاسیمای هەولێر، لە ڕووی «پێداویستیی پزیشکی، سەرچاوەی مرۆیی، پزیشک و کارمەندانی تەندروستی» هیچ کەموکورتییەکمان نییە**

**زۆربەی خێزانەکان کە نەخۆشی تووشبووی تالاسیمایان هەیە (بە ڕێژەی ٨٠٪)یان هەژار و نەدارن و ناتوانن پشکنینەکان لە کەرتی تایبەت ئەنجام بدەن**



## د. هیوا كەریم ئالەیی

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی دەشتی هەولێر:

# ئەگەر باری دەروونیی خێزانێک ئارام و سەقامگیر بوو، کەمتر تووشی نەخۆشی و کێشەی تەندروستی دەبێت

**د. هیوا كەریم ئالەیی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی دەشتی هەولێرە، كە نزیكەی ٤٠ بنكەی تەندروستیی ئەو ناوچەیە لەخۆ دەگرێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان كەرتی گشتی و تایبەتدا»، زیاتر هەڵوەستەی لەسەر پێداویستی و كەموكورتییەكانی خزمەتگوزاری لە ناوچەكانی دەرەوەی شارە گەورەكان كردو، بەمجۆرە لەسەر كێشەكانی بنكە تەندروستییەكانی دەرەوەی شاری هەولێر، دید و بۆچوون و تێڕوانینەكانی خۆی خستە ڕوو.**

جێگەی دەستخۆشییەكی گەورەیە كە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەم گفتوگۆ ئاستبەرزەی بۆ قسەكردن لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی» ڕێك خستووە، كە زۆر بە ڕاشكاوانە لەسەر كێشە و گرفتەكانی ئەم كەرتە گرنگە، كە پەیوەندیی بە ژیانی هەر تاكێكی كۆمەڵگەوە هەیە، بەو ئاستە شەفاف و ڕاشكاوانەیە گفتوگۆی لەسەر دەكرێت.

هەر بۆیە من لێرەدا نامەوێت وەك پزیشكێك یان كارمەندێكی وەزارەتی تەندروستی قسە لەسەر ئەم پرسە گرنگە بكەم، بەڵكو هەوڵ دەدەم وەك لینكێك كێشە و گرفتی ئەو خەڵكانە باس بكەم، كە سەردانی بنكە تەندروستییەكان دەكەن و هێشتا نەگەیشتوونەتە نەخۆشخانەی ناو شارەكان.

سەرەتا نەخۆشی لە ژینگەی ناو خێزانەوە دەست پێدەكات، هەر بۆیە ئەگەر باری دەروونیی خێزان ئارام و سەقامگیر بوو، ئەوا كەمتر تووشی نەخۆشی و كێشەی تەندروستی دەبێت. لەو كاتەوەی لە كەرتی تەندروستیدا دەستم بە كاركردن كردووە وەك پزیشك، لە بنكە تەندروستییەكانی دەوروبەری شار دەستم بەكار كردووە. ئەوەی كارم لەگەڵ كردووە، بە زۆری خەڵكی سەر بە چین و توێژە هەژار و نەدارەكەی كۆمەڵگە بوون.

لەم گفتوگۆیەدا چەند جارێك جەخت لەسەر گرنگیی «دڵنیایی تەندروستی» (Health insurance) كرایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیمەی تەندروستیمان نییە، ناتوانین خەڵك هان بدەین كە زیاتر بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی ڕوو لە نەخۆشخانەكانی كەرتی تایبەت بكەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت خەڵك سوودی زیاتر لە نەخۆشخانەكانی كەرتی تایبەت وەربگیرێت، ئەوا دەبێت پەنا بۆ سیستمی بانكی ببەین، بەتایبەتی لە ئێستادا كە فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان كارتی بانكییان هەیە و لە ڕێگەی بانكەوە مووچە وەردەگرن، بۆیە دەتوانرێت بە ڕێگەی ئەو سیستمە بانكییە قەرز بدرێتە فەرمانبەران بۆ ئەوەی بتوانن بۆ نەشتەرگەری و چارەسەر سوود لە نەخۆشخانەكانی كەرتی تایبەت وەربگرن، بەمەش ئەو لۆدە گەورەیە لەسەر نەخۆشخانە حكومییەكان هەڵدەگیرێت.

بۆ گرنگیدان بە بنكە تەندروستییەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری لەو بنكانەدا، ئەگەر ئاستی خزمەتگوزاریی پزیشكی بەرز بكەینەوە، ئەوا هاووڵاتی زووتر چارەسەری خۆی دەكات، زووتر چاك دەبێتەوە و ناچار نابێت پەنا بۆ نەخۆشخانەی ناو شارەكان ببات. پێش ئەم گفتوگۆیە، سەردانی بنكەی ڕاژانم كرد لە بنەسڵاوە، كە بنكەیەكی ڕاوێژكاریی تەندروستییە، لەم بنكەیە دكتۆری پسپۆڕ هەیە، بەڵام ئامێری سۆنەرەكەیان زۆر كۆنە و لەوانەیە كوالێتی

پشکنینی وەك پێویست نەمابێت، بەتایبەتی لە پشکنینی سۆنەر بۆ ئافرەتان کە ئەگەر پشکنینەکە ورد نەبێت، ئەوا لەوانەیە کێشەی تەندروستی بۆ ئافرەتەکە دورست بکات، دوای ئەو سەردانەم کۆبوونەوەم لەگەڵ ٤٠ بنکەی تەندروستیی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی دەشتی هەولێر هەبوو، لە هەندێك لەو بنکانە تاقیگەی پشکنین هەیە، بەڵام توانای پشکنینی ڕێژەی شەکرەی نەخۆشێکی شەکرەی نییە. هەموو لایەك دەزانین ئامێری ئەوتۆ بۆ نەخۆشخانەکان دابین دەکرێت کە بەهاکەی ملیۆن یان چەندین ملیۆن دۆلارە، بەڵام کێشەی تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تەندروستی کە زیاتر لە ٤٠ بنکەی تەندروستی هەیە، بە دەهەزار دۆلار چارەسەر دەکرێت، کەچی خەمساردیی تێدا دەکرێت و بۆی دابین ناکرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، یەکێك لە بەڕێوەبەرانی بنکە تەندروستییەکان پێشنیاری ئەوەی کرد کە پسوولەی پشکنینی نەخۆشی شەکرە بکەین بە دوو هەزار دینار، بۆ ئەوەی بتوانین کەرەستەی پێویست ئامادە بکەین و باشتر ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەشی هاووڵاتیان بکرێت. لە بەرانبەردا، بەڕێوەبەری بنکەیەکی دیکە وەڵامی دایەوە و پێی گوت: «باری دارایی خەڵکی دەوروبەر بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزمدایە، لەوانەیە خانمێك لەپڕ منداڵەکەی پێویستی بە بنکەیەکی تەندروستی هەبێت و پارەشی لەبەردەستدا نەبێت، لەو کاتەشدا بە ناچاری ڕوو دەکاتە بنکە تەندروستییەکە، چۆن دەتوانیت پسوڵەیەکی بدەیتێ بە دوو هەزار دینار، کە لەوانەیە ئەو ٢٥٠ دینارەش پێی نەبێت، کە ئێستا دەبێت لێی وەربگیرێت». بۆیە لەم پرسەدا و وەك لە ماددە ٣١ی دەستووری عێراقیشدا هاتووە کە دەبێت هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان بە خۆڕایی بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێن، هەر خاوەن کارێك، یان کۆمپانیایەك بیەوێت بزنێسی پزیشکی لە کەرتی تەندروستیدا بکات، پێوستە لەژێر چاودێریی وەزارەتی تەندروستی و بەپێی یاسا ئەو کارە بکات.

لەو ماوەیەی ڕابردوودا توانیمان سێ چوار کورسیی کلینکی پزیشکی ددان بۆ بنکە تەندروستییەکان دابین بکەین، بەڵام پێویستیان بە کەرەستە و ئامێرەکانی پزیشکی ددان هەبوو، بۆ ئەم پرسە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ هەتا گەیشتە ئەوەی بۆ کڕینی ئەو کەرەستە و ئامێرانە تەندەرین بکرێت، بەڵام کە سەیر کرا، ئەو کەرەستە و ئامێرانە لە ناو ستیکەرەدا نییە، نەمانتوانی دابنیان بکەین، پەیڕەوکردنی ستکیتەر بۆ کڕینی کەرەستە و ئامێری پزیشکی شتێکی زۆر باش و تەندروستە، بەڵام دەبینین کلینکەکانی پزیشکی ددان لە کەرتی تایبەت بە هۆی ستیکەرەوە لە دەستکەوتنی ئەو کەرەستە و ئامێرە بێ بەش نەبوون و زۆر بە ئاسانی دەستیان پێی دەگات و کاری خۆیان دەکەن، بۆیە ڕەخنەی ئێمە لەسەر ئەوەیە بۆچی دەبێت بۆ کلنیکی پزیشکی ددان لە کەرتی تایبەت ئاسایی بێت، بەڵام بۆ کەرتی گشتی لە ماوەی شەش مانگدا نەتوانین ئەو کەرەستانە دابین بکەین، بۆیە کاتێك لیستی ستیکەر دادەنرێت ئەوە ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە دەبێت وەك ڕێنمایی هەندێك ئاسانکارییش پێشکەش بکات.

خاڵێکی دیکە کە دەتوانم بە گەشبینییەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر باش نەخۆشخانە حکومییەکان جێگەی متمانەی هاووڵاتیانن. ئێمە لە هەولێر نەخۆشخانەی فریاکەوتتنی ڕۆژهەڵاتمان هەیە، هەروەها نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاواشمان هەیە، ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە کوالیێت بەرزەی لە ڕۆژئاوا پێشکەش دەکرێت لە کوالیتی ڕۆژهەڵات بەرزترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی هەردوو نەخۆشخانەکە، من سەردانی نەخۆشخانەی ڕۆژئاوام کردووە، ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە ئاست بەرزانەی لەو نەخۆشخانەیەدا پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێن، لە هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری هەولێردا نییە. ئەو کەرەستانەی لە هۆڵی نەشتەرگەریی ئەو نەخۆشخانەیەدا بەکاریان دەهێنین، هەموویان کەرەستەی کوالێتی بەرز و ئامێرەکان براندی جیهانین..

جێگەی خۆیەتی لەسەر باشیی نەخۆشخانە حکومییەکان ئاماژە بە هەردوو نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆك و نەخۆشخانەی گوڵان لە ئاکرێ بکەین، من خۆم سەردانی هەردوو نەخۆشخانەیەم کردووە و خزمەتگوزارییەکانیان لەگەڵ کەرتی تایبەت بەراورد ناکرێن و کوالێتی خزمەتگوزارییان زۆر بەرزترە.

سەبارەت بە دابینکردنی دەرمان، بە تایبەتی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەڕاستی زۆر بەباشی ڕێك خراوە و ڕیفۆرمی تێدا کراوە، نەخۆشەکان فۆرمیان بۆ دروست کراوە و لەکاتی خۆیدا بە شێوەیەکی یەکسان بەسەریاندا دابەش بکرێت.

لە دوماهیدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی کە لە سەرەتا ئاماژەم پێکرد و دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە ئامانجی یەکەمی سیستمی تەندروستیی سەرکەوتوو ئەوەیە، ڕێگر بێت لەوەی خەڵك نەخۆش بکەوێت، یان هەر لە سەرەتاوە نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت، نەك سیستمەکە لە دەرمان و چارەسەردا بچووك بکرێتەوە. ئەم هەنگاوەش لە بایەخدان بە بنکە تەندروستییەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە هاووڵاتی کە هەست بە نەخۆشی دەکات، یەکەم شوێن سەردانی ئەو بنکە تەندروستییانە دەکات، ئەگەر لەوێ بە چارەسەرێکی سەرەتایی چارەسەر کرا، ئەوا ڕێگە نادات نەخۆشییەکە تەشەنە بکات و پێویستی بەوە هەبێت سەردانی نەخۆشخانەکان بکات.

**لەبەر ئەوەی بیمەی تەندروستیمان نییە، ناتوانین خەڵک هان بدەین کە زیاتر بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی ڕوو لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بکەن**

**دەتوانرێت بە ڕێگەی ئەو سیستمە بانکییە قەرز بدرێتە فەرمانبەران بۆ ئەوەی بتوانن بۆ نەشتەرگەری و چارەسەر سوود لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت وەربگرن**

**بۆچی دەبێت بۆ کلنیکی پزیشکی ددان لە کەرتی تایبەت ئاسایی بێت، بەڵام بۆ کەرتی گشتی لە ماوەی شەش مانگدا نەتوانین ئەو کەرەستانە دابین بکەین**

**من سەردانی نەخۆشخانەی ڕۆژئاوام کردووە، ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە ئاست بەرزانەی لەو نەخۆشخانەیەدا پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێن، لە هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری هەولێردا نییە**



## د.سامان بەرزنجی

وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# هیچ تاقیگەیەکی گشتی نەدراوەتە کەرتی تایبەت، تەنیا ئەوەیە پێداویستیی تاقیگەکان دابین دەکات و کەرتی گشتی بەڕێوەی دەبات

د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، دەرچووی کۆلێژی پزیشکیی هەولێرە و، بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراشی لە تەندروستیی کۆمەڵ لە زانکۆی پزیشکی هەولێر وەرگرتووە. ماوەی نزیکەی ٢٥ ساڵە لە کەرتی تەندروستی کار دەکات و، لە چەندین پلە و پۆستی جیاوازیش کاری کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩وە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پۆستی وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، کە بەپێی بەرنامەی گفتوگۆکە وا دانرابوو، لە دەسپێکدا وەزیری تەندروستی قسە لەسەر «خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان» بکات، بەڵام داوای کرد، دوایین کەس بێت و مۆڵەتی پێبدرێت بۆ ئەوەی وەڵامی کۆی گفتوگۆکە بداتەوە، بە ئاکامی ڕاپرسیەکە و ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییەش کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادە کرابوو. بەمجۆرەش ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی گشتی و تایبەت خستەڕوو.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم گفتوگۆیە بە ڕاستی گفتوگۆیەکی دڵخۆشکەر بوو، بۆیە زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەم گفتوگۆ مەزنەی ڕێك خستووە. ئێمە زۆر دڵخۆشین بەم جۆرە کۆڕ و کۆڕبەندانە کە زۆر بە ڕاشکاوی گفتوگۆی جددی لەسەر پرسێکی گرنگی وەك «خزمەتگوزاریی تەندروستی» لەبەردەم میدیا و ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێن، پێشتریش لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەم و لەو کاتانەی کە پەرلەمانی کوردستان کارا بووە، دیسان ئامادەباشیمان هەبووە، بچینە پەرلەمان و وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەینەوە و ڕاستەوخۆش لە ڕێگەی میدیاوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان پەخش کراوە.

ئاراستەی بەرنامەی کابینەی نۆیەم بەو جۆرەیە کە دەبێت هاووڵاتی سەنتەر بێت و ئاگاداری شێوازی هەڵسووڕانی حوکمڕانی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداریی پرۆسەی حوکمڕانی بکات و حکومەتەکە بە حکومەتی خۆی بزانێت.

**ئاراستەی بەرنامەی کابینەی نۆیەم بەو جۆرەیە کە دەبێت هاووڵاتی سەنتەر بێت و ئاگاداری شێوازی هەڵسووڕانی حوکمڕانی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداریی پرۆسەی حوکمڕانی بکات و حکومەتەکە بە حکومەتی خۆی بزانێت**

کە داوام کرد، دوای هەموو بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە قسە بکەم، مەبەستم ئەوە نەبوو، ڕەخنە لە بۆچوونە ڕاشکاوەکانتان بگرم، یان وەڵامی ئەو ڕەخنە و تێبینییانەتان بدەمەوە کە لەسەر «خزمەتگوزاریی تەندروستی» لە هەرێمی کوردستان کە خستانە ڕوو، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو، واقیعی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چۆنە، وەك خۆی بە بێ کەم و زیاد پیشانی هاووڵاتیان بدرێت، ئەوجا بە حوکمی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە لەم کەرتە هەستیارە کاردەکەم، هەر لە پزیشکی بنکەیەکی تەندروستییەوە، تا دەگاتە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر و ئێستاش وەك وەزیری تەندروستی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، مانای وایە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە ئاگاداری ئەم کەرتە هەستیارەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیم، هەروەها زۆر باش ئاگاداری ئەو ڕاستیەم کە سیستەمی تەندروستی تەنیا «خزمەتگوزاریی پزیشکی و چارەسەر» ناگرێتەوە و ماستەر و دکتۆراکەم لەسەر «تەندروستیی کۆمەڵ» واتە سیستەمی تەندروستییە، بەڵام لێرەدا باسی ئەو واقیعە دەکەین کە ئێستا بوونی هەیە.

لەم گفتوگۆیە چەندین پرسی گرنگ ورووژێنران، لەگەڵ ئەوەی هیچ کام لەو ڕەخنانە ڕەت ناکەمەوە، بەڵام بەمجۆرە واقیعەکە چۆنە دەیخەمە ڕوو:

١

## چارەسەرکردنی نەخۆشیی سووتان

باس لەوە کرا «نەخۆشێکی سووتان» لە نەخۆشخانەی کەرتی گشتی بایەخی پێ نەدراوە، بۆیە خێزانەکەی بە ناچاری بردوویەتی بۆ نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت.

ئەوانەی پزیشکن ئەو ڕاستیە دەزانن کە سووتان هەتا ئەگەر گەیشتبێتە ٨٠٪یش، لە ڕۆژی یەکەم و دووەم تەنیا بتوانێت دەم بجووڵێنێت و چاو بکاتەوە، زۆر ئاسایی قسە دەکات و، وەك ئەوەیە هیچی نەبێت، بەڵام دوای ئەو یەك دوو ڕۆژ، بەرە بەرە برینەکەی خراپ دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی بمرێت، بۆیە کە کەسێك دەسووتێ و دەیهێنن بۆ نەخۆشخانە و دوای دوو سێ ڕۆژ بارودۆخی تەندروستی دەگاتە ڕادەیەکی زۆر خراپ، کەسوکاری سووتاوەکە دەڵێن، «نەخۆشەکەمان هیچی نەبوو و لە نەخۆشخانە کوشتیان»، لەم چوارچێوەیەدا دەمەوێت هەندێك زانیاری لەسەر مامەڵەکردنی نەخۆشخانەکان لەگەڵ سووتاوی بخەمەڕوو.

١- بە پلەی یەکەم چارەسەری «سووتان» لە نەخۆشخانە حکوومییەکانی کەرتی گشتی دەکرێت، نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بە هیچ جۆرێك نە سووتاوی وەردەگرن، نە بەرگەی ئەوەش دەگرن، بۆیە ئەو حاڵەتەی کە باس کرا، نەخۆشی سووتاو براوەتە نەخۆشخانەی تایبەت، ئەوە حاڵەتێکی زۆر شازە و دەتوانم بڵێم بە چەند پۆینتێك لە ڕێژەی یەك لەسەد کەمترە.

**چارەسەری «سووتان» لە نەخۆشخانە حکوومییەکانی کەرتی گشتی دەکرێت، نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بە هیچ جۆرێک نە سووتاوی وەردەگرن، نە بەرگەی ئەوەش دەگرن**

٢- بەپێی توێژینەوەیەك کە لەسەر «سووتان» کردوومانە، تێچووی یەك ڕۆژی نەخۆشیی سووتان، لەسەر نەخۆشخانە حکوومییەکان ١٠٠٠ دۆلارە.

٣- تا ١٠ ساڵ پێش ئێستا پزیشکی سووتانمان نەبووە و، پزیشکی نەشتەرگەریی




گشـتی مامەڵـەی لەگـەڵ سـووتان دەكـرد، بـەڵام ئێسـتا خۆشـبەختانە پزیشـكی سـووتان لـە كوردسـتان هەیـە.

٤- هەمـوو توێژینـەوە زانسـتییەكان جەخـت لـەوە دەكەنـەوە كـە سـووتان گەیشـتە پلـەی سـێ یـان ٦٠٪ بەسـەرەوە بێت، ئـەوە ئیرادەی خوایـە و زانسـتی پزیشـكی ناتوانێت چاكـی بكاتـەوە، بـۆ ئـەم پرسـە ئێمـە چەندیـن توێژینـەوەی زانسـتیمان كـرد بـۆ ئـەوەی ڕێـژەی مـردن «mortality» لـە سـووتاندا دیـاری بكەیـن.

٥- ئەوانـەی تیمـی چارەسـەری سـووتانن، كـە ئێسـتا لـە سلێمانی و هەولێر و دهـۆك ئـەو تیمـە پزیشـكییە تایبەتانەمـان هـەن، پێكـەوە كۆبووینـەوە، دیراسـەتی شـێوازی چارەسـەری سـووتان و ڕێـژەی مـردن بـە هـۆی سـووتانمان كـرد، دەركـەوت، ڕێـژەی مـردن بـە هـۆی سـووتاوی، ڕێژەیەكـی بـەرز و مەترسـیدار نییـە، بەڵكـو بەپێـی پێـوەرە زانسـتییەكان لـە ئاسـتێكی باشـدایە.

٢

**بەجێهێشتنی لەفاف لە كاتی نەشتەرگەریدا**

لەگـەڵ ئـەوەی بەپێـی زانسـتی پزیشـكی و «پرەنسـیپی شـوارتز» بـۆ نەشـتەرگەری «Schwartz›s Principles of Surgery» كـە كتێبێكـی گەورەیـە و قوتابیانـی كۆلیـژی پزیشـكیی نەشـتەرگەریی گشـتی لـە زانكـۆكان دەیخوێنـن، ئـەوا بەجێهێشـتنی لەفـاف لـە كاتـی نەشـتەرگەریدا لەنـاو جەسـتەی نەخـۆش، شـتێكی نامـۆ و سـەیر نییـە لـە زانسـتی پزیشـكیدا و لـە پرەنسـیپەكانی شـوارتز بـۆ نەشـتەرگەری بـاس كـراوە و چارەسـەری بـۆ دانـراوە. هـەر بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن لەنـاو هەمـوو لەفافێكـدا خەتێكـی شـین لـە ناوەڕاسـتی لەفافەكـە دانـراوە، ئـەم خەتـە شـینە بـۆ ئەوەیـە ئەگـەر جارێـك لـە كاتـی نەشـتەرگەری لەفـاف لـە جەسـتەی نەخـۆش بەجێمـا، ئـەوا كاتێـك نەخۆشـەكە هەسـت بـە ئـازار دەكات و تیشـكی بـۆ دەگرێت، لەفافەكە

دەردەکەوێت و دەبێت دکتۆرەکە چارەسەری بکات و لەفافەکە دەربهێنێت، بۆیە ئەگەر حاڵەتێکی لەمجۆرە «بەجێهێشتنی لەفاف لە جەستەی نەخۆش» لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کوردستان ڕوو بدات، ئەمە مانای ئەوە نییە، خزمەتگوزاریی تەندروستیی نەخۆشخانەکان و پزیشکەکانی کوردستان کەمتەرخەمن و هیچ نازانن، ئەوانەی شارەزای بواری پزیشکی نین و بەو ئاستە قسە دەکەن، بابچن بزانن، ڕێژەی بە جێمانی لەفاف لەکاتی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی «ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا» چەندە و لە نەخۆشخانەکانی کوردستان چەندن، بە ڕاستی ئێستا لە کوردستان ئەم دیاردەیە بۆ دەگمەن و چەندین ساڵیشە گوێبیستی ئەوە نەبووین دیاردەی لەم شێوەیە لە نەخۆشخانەکانی کوردستان ڕوویان دابێت.

٣

## جیاوازیی بۆچوونی پزیشکان لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا

بوونی جیاوازی لە بۆچوونی پزیشکەکاندا لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکی دیاریکراودا ئاساییە و، جیاوازە لە «هەڵەی کوشندە - fatal mistake»، بۆیە ئاساییە دوو پزیشك کە هەردووکیان لەیەك زانکۆی بەکالۆریس و بۆردیان لە لقێکی پزیشکی تەواو کردبێت، نەخۆشێك بچێتە لای هەر دووکیان و دوو بۆچوونی جیاوازی گوێ لێ بێت. هەر بۆیە لە بواری پزیشکی هەفتانە کەیسی نەخۆشی دەخرێتە بەردەستی کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆڕ بۆ ئەوەی پێکەوە بڕیار بدەن، نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لەمەش زیاتر جاری وا هەیە ئەو کۆمەڵە پزیشکە پسپۆڕەش ناگەنە ئەو ئاکامەی نەخۆشییەکە وەك خۆی دەستنیشان بکەن، بۆیە بڕیار دەدەن ئەوەی لە زانستی پزیشکی پێی دەگوترێت «open and see» واتە نەشتەرگەرییەکە بکە، برینەکە ببینە ئەوجا لە کاتی نەشتەرگەریەکە بڕیار بدە و نەخۆشییەکە دەستنیشان بکە، بۆیە جیاوازی لە بۆچوونی پزیشکەکان بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی زۆر ئاساییە. من خۆم ئێستا نەخۆشیی بڕگەکانی پشتم هەیە، سەردانی چەندین دکتۆرم کردووە، هەندێك دەڵێن، نەشتەرگەری بکە پێویستە، هەندێکی دیکەیان دەڵێن، نەشتەرگەری پێویست نییە، ئەمە دیاردەیەکی زۆر ئاساییە لەناو هەموو پزیشك و نەخۆشخانەکانی جیهانیشدا بوونی هەیە.

٤

## ڕاپرسییەکەی بازنەی گفتوگۆ وەك پێویست ئامانجەکەی نەپێکاوە

ئەو ڕاپرسییەی بازنەی گفتوگۆ بۆ هەڵسەنگاندنی «خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت» بۆ ئەم گفتۆگۆیە کردوویەتی و، پاشان شرۆڤەی داتا و ئاماری ڕاپرسییەکە کراوە، وەك نیمچە توێژینەوەیەکی لێ کراوە و لەسەر سکرین پیشانی داین و گوێمان لێگرت. هیوام دەخواست ئەو شرۆڤەی بۆ داتا و ئاماری ڕاپرسییەکە کراوە، تێر و تەسەلتر بوایە، بۆیە ئەگەر هەماهەنگییەکتان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بکردایە، ئێمە هاوکاریمان دەکردن و پاشان بۆ ئێمەش دەبووە سەرچاوەیەك و بەدواداچوونی وردمان لەسەر دەکرد.

ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر هەر پرسێك بکرێت، ئاسان نییە، ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشەی ئەو داتایانەمان دەکرد کە لە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق کە لە هاووڵاتیان کۆدەکرێتەوە، بۆیە کاتێك پرۆسەی ڕاپرسییەکە لە هاووڵاتیان دەپرسێت «ئایا جلشۆر، یان گسکی کارەبایی، یان بەفرگر و .. هەتانە؟ ئەم پرسیارە هەروا لە خۆڕا دانەنراوە، بەڵکو لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین توێژینەوەی لەسەر کراوە و چەندین پسپۆڕ بەشدارییان لە دانانی ئەو پرسیارە کردووە، هەر بۆیە کاتێك سەیری پرسیارەکانی ناو ڕاپرسییەکەی بازنەی گفتوگۆ دەکەین، هەست دەکەین، ئەو ئامانجگەلەی «target group» ئەم ڕاپرسییە مەبەستی بووە پێی بگات، کەموکورتی تێدایە، ئەمەش ئەوەیە ناکرێت بە تەنیا هاووڵاتی ببێتە هەڵسەنگێنەر بۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت»، لەمەش زیاتر تایتڵی ڕاپرسییەکە جۆرێك لە ناڕوونی تێدایە، وەك ئەوەی بەو جۆرە بەراورد بکرێت، کە کەرتی تەندروستیی گشتی و کەرتی تەندروستیی تایبەت دوولایەنی دژ بەیەکن، یان

**بەپێی توێژینەوەیەک کە لەسەر «سووتان» کردوومانە، تێچووی یەک ڕۆژی نەخۆشیی سووتان، لەسەر نەخۆشخانە حکوومییەکان ١٠٠٠ دۆلارە**

**کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت تەواوکاری یەکترین و هەردووکیان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و بڕیارەکانی وەزارەتی تەندروستی کاردەکەن**

**ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین ڕێنمایی دابنێین، بۆ ئەوەی لە کەرتی تایبەتیشدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەبێت**

**کەرتی تایبەت لەچاو کەرتی گشتی کوا ئەمبولانسی هەیە؟ چەند ئەمبولانسیان لەبەردەمی نەخۆشخانە ئەهلییەکان ڕاگرتووە و بە پارەیەکی زۆر هاووڵاتیی نەخۆش دەگوازنەوە، چۆن لەگەڵ کەرتی گشتی بەراورد دەکرێت؟**

**بە بەرپرسیاریەتییەوە دەڵێم: کوالێتیی ئەو ماددانەی بۆ خاوێنکردنەوە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتیی دەهێنرێن (هەم لەسەر ئاستی کوالێتی و هەم براندەکەی) بە هیچ جۆرێک بەو ئاستی کوالێتییە بەرزە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بەکار ناهێنرێن**

**ئەو واقیعە تاڵەی لەسەر کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دروست کراوە، بەپلەی یەکەم هۆکارەکەی میدیا و سۆشیال میدیایە**

ئەمیان ڕەوایە و ئەوی دیکەیان نارەوایە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کەرتی تەندروستیی تایبەت هەرگیز چاوەڕێی ئەوە ناکەن، من بەمجۆرە قسە بکەم، بەڵام ناکرێت من بەرگری لە کەرتی تەندروستیی تایبەت نەکەم، لەبەر ئەوەی کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت تەواوکاری یەکترین و هەردووکیان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و بڕیارەکانی وەزارەتی تەندروستی کاردەکەن و لە هەردووکیان بەرپرسە.

من لەگەڵ ئەوەم کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستی جیاواز بن لە سەرچاوەی مرۆیی «پزیشك و کارمەندانی تەندروستی»، واتە پزیشکی کەرتی گشتی لە کەرتی تایبەت کار نەکات، بەڵام لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەبێت تێکەڵ ببنەوە و پێکەوە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن.

زۆر گرنگە تێڕوانینی ئێستامان بۆ کەرتی تایبەت بگۆڕین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر کەرتی تایبەت بەهێز بوو، مانای ئەوەیە حکومەت لاوازە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەو وڵاتانەی بە پێشکەتوو لە قەڵەم دەدرێن، ئەو وڵاتانەن کە کەرتی تایبەتەکەیان زۆر زۆر بەهێزە، هەر بۆ زانیاریی ئێوە، وەزیری تەندروستیی ئەمریکا یەك نەخۆشخانەی نییە و هەمووی کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات. کاری وەزارەتی تەندروستی ئەوەیە سیاسەتی گشتیی تەندروستی دادەڕێژێت، سەرپەرشتی و چاودێری دەکات و بەرنامەی بۆ دادەنێت.

بۆیە ئامانجگەلی «target group» ڕاپرسییەکە دەبێت ئەو خەڵکانە بن کە خزمەتگوزاریی تەندروستییان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت وەرگرتووە. لەم ڕاپرسیە باس لەوە کراوە کە ٤٤٪ی هاووڵاتیان بۆ حاڵەتی فریاکەوتن پەنا بۆ کەرتی تەندروستیی تایبەت دەبەن، ئەمە لە کاتێکدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە کەرتی تایبەت بوونی نییە، کەسێك تۆزێك جەستەی بریندار دەبێت، دەچێتە نەخۆشخانەی تایبەت، ئەوە پێی ناگوترێت «فریاکەوتن»، نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەرپرسیارە بۆ ڕزگارکردنی ژیان «life sav-ing»، سیاسەتی تەندروستییەکەی ئەمانە هەموویان جیاوازن و لە هیچ نەخۆشخانەیەکی کەرتی تایبەت بوونی نییە هەتا پێی بگوترێت «نەخۆشخانەی فریاکەوتن»، ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین ڕێنمایی دابنێین، بۆ ئەوەی لە کەرتی تایبەتیشدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەبێت.

- لە ڕاپرسییەکە باس لە ئەمبولانس کراوە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بەڕاستی بەلامەوە سەیرە لە سەرووی ٩٠٪ی ئەمبولانسەکان هی کەرتی گشتین، پەیوەندی بە ژمارە « ١٢٢" دەکەیت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەمبولانس دەگاتە لای هاووڵاتی و دەیگەیەنێتە نەخۆشخانەکان، کەرتی تایبەت لەچاو کەرتی گشتی کوا ئەمبولانسی هەیە؟ چەند ئەمبولانسیان لەبەردەمی نەخۆشخانە ئەهلییەکان ڕاگرتووە و بە پارەیەکی زۆر هاووڵاتیی نەخۆش دەگوازنەوە، چۆن لەگەڵ کەرتی گشتی بەراورد دەکرێت؟ بەڵام لەم ڕاپرسیەدا هاتووە کە ٦٤٪ی هاووڵاتیان ئەمبولانسی کەرتی تایبەت بەکار دەهێنن و ٤٤٪ ئەمبولانسی کەرتی گشتی بەکار دەهێنن. بە ڕاستی غەدرە هەوڵ و ماندووبوونی کارمەندانی ١٢٢ بەو جۆرە پیشان بدرێت، کە یەکێکە لە دامەزراوە زۆر سەرکەوتووەکانی تەندروستی، ڕاستە پێرفێکت نییە و بەردەوام لە هەوڵداین بەرەو پێشتری ببەین، بەڵام ناکرێت ئەو بەراوردەش بکرێت.

- باس لەو ماددە خاوێنکەرەوانە هاتووە کە لە هۆڵەکانی نەشتەرگەریی کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت بەکار دەهێنرێن. من لەم گفتوگۆیە کە خەڵکانێك دانیشتوون کار لە کەرتی تەندروستیی تایبەت دەکەن، بە بەرپرسیاریەتییەوە دەڵێم: کوالێتیی ئەو ماددانەی بۆ خاوێنکردنەوە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتیی دەهێنرێن (هەم لەسەر ئاستی کوالێتی و هەم براندەکەی) بە هیچ جۆرێك بەو ئاستی کوالێتییە بەرزە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بەکار ناهێنرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەرتی تەندروستی لەناو سیستمەمێك کار دەکات، حکومەت نەخۆشی بۆ دابین ناکات، بۆیە ناچارە بچێت بگەڕێت کە هەرزانترین ماددەی خاوێنکەرەوە بدۆزێتەوە و بیکڕێت، هەرزانترین پلێت و برغووی بازرگانیی



نەشتەرگەری بدۆزێتەوە، کەی نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت «پلاتۆنیۆمی» ئەڵمانی بەکار دەهێنن؟ کام لێژنەی کڕینی نەخۆشخانە حکومییەکان دەتوانن شتێکی براند نزمی تورکی و ئێرانی و میسری بکڕن؟ ئەم دکتۆرە بەڕێزانە لێرەن، ئایا هەموو لێژنەکانی کڕینی براندنی جیهانیی بەرز ناکڕن؟ با نموونەیەك لەسەر هەر دوو نەخۆشخانەی «هیوا و نانەکەلی»ی خۆمان باس بکەم. کەسێکی ناسیاوی ئێمە ماوەی ساڵ و نیوێکە هەموو ٢١ ڕۆژ جارێك دایکی دەباتە تورکیا بۆ وەرگرتنی چارەسەری شێرپەنجە، لە دوایین چوونیان بۆ تورکیا دکتۆرەکەی پێی گوتبوو، ئەمجارە من دێمە کوردستان بۆ ئەوەی سیستەمی تەندروستیی کوردستان ببینم، ئێوە مەیەن بۆ تورکیا، لەگەڵ خۆی ئەو دەرمانە دەهێنێت کە «ئاڤاستین- Avastin»ـە و دەیداتە نەخۆشەکە کە براندە تورکییەکەیەتی بە ١،٧٠٠ دۆلار لە تورکیا دەفرۆشرێت، بەڵام ئەو ئاڤاستینەی لە نەخۆشخانەی هیوا و نانەکەلی دەدرێتە نەخۆش براندە ئەسڵەکەی سویسرایە و بە ٢٠٠ دۆلاریش دەدرێتە نەخۆش، ئەوجا ئەگەر نەخۆش جیاوازی لە نێوان براندی ئەسڵی و دروستکراوە لەسەر «generic» نەکات، بە بەرپرسیاریەتییەوە دەڵێم: لە هیچ نەخۆشخانەیەکی شێرپەنجەی کوردستان دەرمانی «دروستکراوە -generic» بەکار نایەت، ئەوەی بەکار دەهێنرێت، هەموو براندە ئەسڵییەکەیە، بەڵام کێ بەوە بڕوا دەکات، ئەوەی کوردستان براندی ئەسڵیە و ئەوەی تورکیا دروستکراوە و جێنریکە؟

٥

## پیادەکردنی میکانیزمی کرانەوەی زیاتر بۆ پیشاندانی سیستمی تەندروستی لە بەردەم ڕای گشتیدا

ئەو واقیعە تاڵەی لەسەر کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دروست کراوە، بەپلەی یەکەم هۆکارەکەی میدیا و سۆشیال میدیایە، زۆر گرنگە واقیعی کەرتی تەندروستی و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا چۆنە وەك خۆی بەبێ ئەوەی پیایدا هەڵبگوترێت، یان کەموکورتییەکان بشارێنەوە، بخرێتە بەردەم ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستمان بەوەیە میکانیزمێکی کراوەی زیاتر پیدا بکەین و دەیان گفتوگۆی هاوشێوەی ئەم گفتوگۆیەی ئێستا لەبەشی ڕۆشنبیری

و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوانە دەیکەن، دەبێت بە هاوشێوەی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ «هەموو کەناڵ و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، نوێنەری پارت و لایەنە سیاسیەکان، یەکێتیی زانایانی ئیسلامی و پیاوانی ئایینی و ئایینەکانی دیکەی کوردستان و...هتد» ڕێك بخەین، بۆ ئەوەی واقیعەکە چۆنە خەڵکی وەك خۆی ببینن. ئەو ئیرهابە فیکرییە چەواشەکارییەی ئێستا لەسەر کەرتی تەندروستی بەڕێوە دەچێت، دەبێت هەموو پێکەوە بەرپەرچی بدەینەوە. ئێمە ناڵێین بەرگری لە کەرتی تەندروستی بکرێت، بەڵکو پێداگریی ئەوە دەکەین، چۆنە وەك خۆی بخرێتە بەردەمی ڕای گشتی.

سەرنج بدەن، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دەنگۆی ئەوە لە میدیاکان بڵاو کرایەوە، بەوەی گوایە وەزارەتی تەندروستی هەموو تاقیگە گشتییەکانی داوەتە کەرتی تایبەت، لە وەڵامی ئەم چەواشەکارییە، لە ماوەی یەك هەفتەدا دووجار کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیم گرێ داوە و ڕاگەیەنراوە ئەو هەواڵە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە، بەڵام هەر لەناو ئەم هۆڵە پیرۆزە و لەناو ئەم گفتوگۆیە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێکخراوی تالاسیمای کوردستان کە لە تەنیشتم دانیشتووە، پێم دەڵێت: «ئەگەر تاقیگە گشتییەکانتان دران بە کەرتی تایبەت، حیسابێکی تایبەت بۆ سەنتەری تالاسیما بکەن». بێگومان ئەمیش ناهەقی نییە، لەبەر ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە ئاستێك چەواشەکارییان دروست کردووە، هەقیەتی سەری لێ تێك بچێت و بڕوا بەو چەواشەکارییە بکات و بڕوا بە وەزیری تەندروستیی حکومەتەکەی خۆی نەکات.

حکومەت هەر هەنگاوێك هەڵبگرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی، هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی چەواشەی بکەن، هەر بۆ نموونە لە پێناوی پاراستنی سەلامەتیی گیانی هاووڵاتیان بڕیار درا کامێرای «پۆینت تو پۆینت» دابنرێت، هەڵمەتێکی چەواشەکارییان دەستپێکرد، دەیانگوت هەمووتان دەبنە کڕێچیی ئەو کامێرانە، بەڵام ئێستا وەك دەبینین خەڵك پابەندە بە خێرایی دیاریکراو و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن، کەمینەیەکی هەر زۆر کەمن، ئەم چەواشەکارییە لەسەر پرۆژەی هەژماری من، کارەبای ٢٤ کاتژمێریش درێژەی هەبوو، بەڵام واقیعەکە پێمان دەڵێت، هەمووی لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانە و دەستێك، یان لایەنێك دەیەوێت چەواشەی بکات و سەر لە خەڵکی تێك بدات.

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی، دوای تەواوبوونی نەخۆشخانەی فێرکاری لە شاری سلێمانی، لەگەڵ کاك قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران چووین بۆ سلێمانی، بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکە دوای تەواوبوونی نۆژەنکردنەوەکەی بکەینەوە. لەو مەراسیمە، پێش ئەوەی قردێلەکە بقرتێنین، د.سەباح ڕووی کردە ڕۆژنامەنووسان و پێی گوتن: «ئەمە ئەو نەخۆشخانەیەیە کە ساڵی پار ئەم کاتە هەموو دەتانگوت، فرۆشراوە، ئەوا ئێستا دەکرێتەوە و دەخرێتە خزمەتی هاووڵاتیانەوە». بۆیە بارودۆخەکەیان وا شێواندووە دەبێت هەموومان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین و ئەو ئیرهابی فیکرییە و ئەو چەواشەکارییانە بڕەوێنینەوە.

هەر لەسەر پرسی نەخۆشخانە، شێخ باز خاوەنی کۆمپانیاکانی کار گروپ، نەخۆشخانەیەکی بە بڕی ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ دروست کردووین، هەموو کەلوپەل و کەرەستەکەشی لە ئیتاڵیاوە هێناوە، بەڵام هەر لەناو نەخۆشخانەی ڕاپەرین هات و هاواریان دەکرد و دەیانگوت نەخۆشخانەکە فرۆشراوە.

٦

## ئامێری پزیشکی ئێکسپایەر، دەرمانی بێ کوالێتی مۆنۆپۆڵکردنی کەرتی تەندروستی

دیاردەی مۆنۆپۆڵکردنی کەرتی تەندروستی بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەیە، تا ڕاددەیەکیش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتی تەندروستی بەجێ هێشتووە، ئەم پرسە پێویستی بەوە هەیە، بە ڕێگەی سیستم چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

- سەبارەت بە ئامێری پزیشکیی ئێکسپایەر کە لەوانەیە بە نەرێنی بۆ کەرتی تەندروستیی گشتییش بگەڕێتەوە، بەڵێ، ئامێری ئێکسپایەر بوونی هەیە، خەڵك هەیە ئەو ئامێرە ئێکسپایەرانەی لە دەرەوە هێناوە و لە کوردستان

**ئەو ئیرهابە فیکرییە چەواشەکارییەی ئێستا لەسەر کەرتی تەندروستی بەڕێوە دەچێت، دەبێت هەموو پێکەوە بەرپەرچی بدەینەوە**

**شێخ باز خاوەنی کۆمپانیاکانی کار گروپ، نەخۆشخانەیەکی بە بڕی ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ دروست کردووین، هەموو کەلوپەل و کەرەستەکەشی لە ئیتاڵیاوە هێناوە**

**لە ئێستادا بوودجەی ساڵێکی وەزارەتی تەندروستی بە «مووچە، دەرمان، پاککردنەوە، کڕینی خواردن و.. هتد» تەنیا ٨٨٠ ملیار دینار بووە**




ساخی کردووەتەوە. هەر بۆ نموونە ئامێرێکی تیشکی (ئێم ئای ئار) نرخی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلارە، خەڵك هەیە ئەم ئامێرەی بە ئێکسپایەری بە تەنیا ١٠٠ هەزار دۆلار کڕیوە، ئێستا لە کوردستان داینـاوە و تیشکێکی (ئێم ئای ئار) بە ٣٠ هەزار دەکات، لە بەرانبەردا هاووڵاتی چووزانێت ئەو ئامێرە ئیکسپایەرە و ڕەجەتەکە پارچەیەك کاغەزە و وەری دەگرێت، ئەم چرە پشکنینی تیشکانە لە هەموو جیهان ڕەت دەکرێتەوە و کاری پێناکرێت، بۆیە دەبێت ئەم مۆنۆپۆلەش لابرێت، دەبێت بە هاوشێوەی نەخۆشخانە حکوومیەکان براندی جیهانی وەك «جی ئی، سیمس، فلیپس» بکڕن و ساڵانەش هەر لەو کۆمپانییانەی کڕیویانە ئەبدەیتی بکەنەوە.

- سەبارەت بە دەرمان، کەرتی دەرمان ڕیفۆرمی باشی تێدا کراوە. ڕاستە هەموو جۆرێکی دەرمان نییە، بەڵام دیسان هەندێك پزیشك خۆیان هەندێك دەرمانی براندی بازرگانی بۆ نەخۆش دەنووسن، کە دەکرێت بەدیلەکەی بۆ بنووسێت، بەڵێ لە بواری دەرمانیش ئەم جۆرە یاریکردنە هەیە، بەڵام بە تەواوەتی کەم بووەتەوە.

## ٧
## هەوڵی بەردەوام
## بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە سیستمی تەندروستی

کاتێك باسی سیستمی تەندروستی دەکەین، باسی کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت دەکەین و بە تەواوکاری یەکتریان سەیر دەکەین، هەروەها باسی هەموو ئەو تەوەرانەش دەکەین کە د.عەبدولفەتاح هەورامی لە پرێزەنتەیشنکەی خستیە ڕوو.

ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی کار لەسەر ١٢ دۆسیە دەکەین، سوودێکی زۆرمان لە ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی و ئەو میتۆدی ڕیفۆرمەی لە تورکیا کراوە، وەرگرتووە، بەڵام بناغەی چاکسازی بریتییە لە سێ کۆڵەگەی سەرەکی، کە بریتین لە:

• دەرچوواندنی یاسای تازە، هەر بۆ نموونە ئێستا خواستی من ئەوەیە ئەو پزیشکانەی لە کەرتی گشتی کار دەکەن، لە کەرتی تایبەت کار نەکەن، بەپێچەوانەشەوە، بەڵام ئەم پرسە پێویستی بەوە هەیە، یاسایەکی بۆ دەربچێت، بۆ ئەوەی ڕێك بخرێت.

• پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەی پێویستە، لە ئێستادا بوودجەی ساڵێکی

**دڵنیاتان دەکەمەوە، هەتا ئێستا ٧٠٪ی کۆی ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆ هاووڵاتیان دەکرێن لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە نەخۆشخانە حکوومییەکان دەکرێن**

**لە ماوەی یەک ساڵ ٣١٩،٤٦٢ نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکوومییەکانی کوردستان بۆ هاووڵاتیان کراون**

**لە ساڵێکدا یەک ملیۆن و ٩٩٤ هەزار تیشک وەک « ئێم ئای ئار، سیتی سکان، ئێکس ڕەی، سۆنەر، دۆبلەر، ڤۆلدەر» کراون**

وەزارەتی تەندروستی بە «مووچە، دەرمان، پاککردنەوە، کڕینی خواردن و.. هتد» تەنیا ٨٨٠ ملیار دینار بووە، ئەمەش واتە هەموو بوودجەی کەرتی تەندروستی نەگەیشتووەتە یەك ملیار دۆلار، بەڵام لە بەریتانیای مەزن بوودجەی ساڵانەی کەرتی تەندروستییەکەی ٢٢٥ ملیار پاوەندە، کە دەکاتە زیاتر لە ٢٥٠ ملیار دۆلار، لیستی چاوەڕوانییەکەی بۆ یەك نەشتەرگەری دەگاتە ٣ ساڵ، پشکنینێکی سۆنەری ٣ مانگە، یەك تیشکی ئێم ئای ئاڕ ٦ مانگە هەتا بۆی دەکرێت.

بەڵام بە داخەوە خەڵکی ئێمە بەو جۆرە تێنەگەیەنراوە، ڕۆژێك بە ڕێکەوت یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان دەچێتە کلینیکی یەکێك لە پزیشکەکانی کوردستان، دەبینێت یەکێك لە نەخۆشەکان بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ دکتۆرەکە قسە دەکات، ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێت: دکتۆر تۆ نەشتەرگەریت بۆ ئەو خانمە کردووە؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ، لەبەر ئەوەی لە بەریتانیا ٣ ساڵ سەرەیان بۆ دانابوو، هات بۆ ئێرە و من دوو نەشتەرگەریم بۆ کردووە. ئەوە بوو ئەو ڕۆژنامەنووسە ڤیدیۆیەکی لەسەر کرد و بڵاوی کردەوە. لەم نموونەیە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بودجەی بەردەستی ئێمە هەندێك زیاتر بێت و بگاتە ئاستی پێویست، گۆڕانکارییەکی جۆری بەسەر هەموو خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دێت.

• خاڵی هەرە گرنگ بۆ ڕیفۆرمی سیستمی تەندروستی، پشتگیریی سیاسییە «Political Support» سوپاس بۆ خوا لە هەرێمی کوردستان، پشتگیریی سیاسی بۆ ڕیفۆرمەکە هەیە، بەڵام بەبێ دوو کۆڵەگەکەی دیکە ناچێتە بواری کردارییەوە.

- خاڵێکی دیکەی پڕۆژەکەمان دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای پزیشکییە «General Medical Council»، پڕۆژە یاسای ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە پەسەند بکرێت و بکرێتە یاسا، ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لە «خوێندنی باڵا، پسپۆڕان، ڕاوێژکارانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی تەندروستی، سەندیکاکان»، کە دەبێتە دەستەیەکی باڵا بۆ ئەوەی بڕیار بدات، دەبێت فڵان کار لێرەدا کۆتایی بێت و، ناکرێت بە تەنیا وەزارەتی تەندروستی لەم پرسە بەرپرسیار بێت.

- خاڵێکی دیکەی پڕۆژەکەمان پڕۆژەی «دڵنیایی تەندروستی - Health insurance»، ئەم پڕۆژەیە زۆر گرنگە لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و هیوادارین لە پەرلەمانیش دەنگی لەسەر بدرێت و ببتە یاسا، ئەم پڕۆژەیە دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان بەشدار بن لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، هەورەها ئەم پڕۆژەیە چەند ئامانجگەلێك لەخۆی دەگرێت، لەوانە «بەشداریی هاووڵاتی، پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی، دادپەوەریی کۆمەڵایەتی، کێبڕکێ بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان لە نێوان نەخۆشخانەکاندا»، بەمجۆرە بە ڕێگەی پڕۆژەی « دڵنیایی تەندروستی» نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتیش وەك نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی لەلایەن حکومەتەوە ئاراستە دەکرێن و سەرپەرشتی دەکرێن.

- لە وەزارەتی تەندروستی پەیڕەوێکمان بۆ نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت داناوە، ئەم پەیڕەوە کە ماوەی دووساڵ کاری لەسەر کراوە، ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بڕیارە لەو ماوەیە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجومەن بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەم پەیڕەوە دەبێتە دەستوورێك بۆ ئەوەی بەپێی ئەو دەستوورە نەخۆشخانەکانی تایبەت کار بکەن.

- سەبارەت بە تاقیگەکان، بێگومان ئەو پڕۆژەیەی جێبەجێ کراوە، دەبێت ئاکامەکەی دەری بخات چەند گرنگە، وەڵامی ئەو کەموکورتییانە دەداتەوە کە نەخۆشخانەکانی حکومەت نەیدەتوانی هەموو جۆرە پشکنینێك بکات، ڕۆژانە لە چەندین پشکنین بەهەدەردان هەبوو، یان نەخۆش نەدەهات ئاکامی پشکنینەکەی وەربگرێتەوە.

ئێستا ئێمە وەك پڕۆژەی «شووشتنی گورچیلە - dialysis»مان لێکردووە، هەتا ١٠-١٢ ساڵ نەخۆشیی «سستیی گورچیلە - renal

failure» مانگی ڕۆژێکی بەرنەدەکەوت بچێت گورچیلەکانی بۆ بشۆرێت، لەمەش زیاتر ئەم ئامێرە تەنیا لە سەنتەری شارە گەورەکان (هەولێر، سلێمانی و دهۆك) هەبوون، بەڵام ئێستا لە هەموو قەزا و ناحیەکانیش نەماوە کە گورچیلەی لێ نەشۆرێت. ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی عێراق کە پێی دەڵێن «کرینی خزمەتگوزاری» نەخۆشەکان دەنێرین بۆ سەنتەرەکان و سەری مانگ چەکێکی بانکی دەنێرین بۆ بەغدا و پارەکەی خەرج دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەش چارەسەر بکات.

مەسەلەی تاقیگە گشتییەکانیش بە هەمان شێوە بوو، سیستمێکی چاودێریی ئەلکترۆنی نەبوو، لێرەدا لەبەر کورتیی ماوە ناتوانم تەواوی پرۆژەکە باس بکەم، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە، هیچ تاقیگەیەکی گشتی نەدراوەتە کەرتی تایبەت، تەنیا ئەوەیە پێداویستیی تاقیگەکان دابین دەکات و کەرتی گشتی بەڕێوەی دەبات. ئەم پرۆژەیە زۆر بە وردی دیراسەت کراوە و خەرجی پشکنینەکان هەم لەسەر هاووڵاتی و هەم لەسەر حکومەتیش کەمتر ڕادەوەستێت. نرخی زۆربەی ئەو پشکنینانەی لە تاقیگە گشتییەکان دەکرێن، تەنیا ٥٠٠ دیناری عێراقییە و تاك و تەرا پشکنینی تێدایە بگاتە ١٠٠٠ دیناری عێراقی، بەڵام کەمترین نرخی پشکنین لە کەرتی تایبەت ٦-٧ هەزار دینارە، هەوڵەکانی وەزارەتی تەندروستی بەو ئاراستەیەیە کە هەردوو کەرتی تەندروستی «گشتی و تایبەت» ڕێك بخرێنەوە و هیچ لایەکیان لەسەر حیسابی لایەکەی دیکە نەبێت.

**خزمەتگوزاریی کەرتی گشتی بە زمانی ژمارە**

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، غەدرێکی گەورە دەکرێت، ئەگەر ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی کەرتی گشتی، یان نەخۆشخانە حکومییەکان پێشکەشی دەکەن، بە کەرتی تایبەت، یان نەخۆشخانە تایبەتەکان بەراورد بکرێت.

- هەتا ئێستا ٧٠٪ی کۆی ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆ هاووڵاتیان دەکرێن لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە نەخۆشخانە حکومییەکان دەکرێن.
- لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر ڕۆژانە ١٠٠-١٢٠ نەشتەرگەری دەکرێت.
- لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی ٧٠-٨٠ نەشتەرگەری دەکرێت.
- لە نەخۆشخانەی ئازادی دهۆك ٥٠-٦٠ نەشتەرگەری دەکرێت.
- لە ماوەی یەك ساڵ ٣١٩،٤٦٢ نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومییەکانی کوردستان بۆ هاووڵاتیان کراون.
- لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ نەشتەرگەری دەکرێت.



- تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٣ لەبەر ئەوەی ئێستا ئاماری پارم لەبەر دەست نییە، بەڵام نزیکەی ١٥ ملیۆن جار هاووڵاتیان سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانیان کردووە.
- ١٨ ملیۆن پشکنین لە تاقیگە گشتییەکان لەیەك ساڵدا کراون و خۆتان دەزانن هەر نەخۆشێك چەندین پشکنینی جیاوازی پێکەوە بۆ دەکرێت.
- لە ساڵێکدا یەك ملیۆن و ٩٩٤ هەزار تیشك وەك « ئێم ئای ئار، سیتی سکان، ئێکس ڕەی، سۆنەر، دۆبلەر، فۆلدەر» کراون.



**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە. بۆ گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ، بە هۆی ئەوەی بە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشان کرابوو، نەیتوانی ئامادەی گفتوگۆکە بێت، بەڵام زۆر بەرێکوپێکی سەرپەرشتیی ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی کردبوو، لە هەمان کاتدا لەکاتی هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

## شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# تێچووی مانەوەی یەک شەوی نەخۆشێک لە نەخۆشخانە گەورەکان ٣٠٠ دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت

لە کاتی سەرپەرشتیی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی ئەمجارەی «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، لێدوانی بەشداربووان هەر لە زاخۆ هەتا گەرمیان جۆرێك لە هاوشێوەیی پێوە دیار بوو، هەمووشیان بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەخنەیان لە خزمەتگوزاریی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت هەبوو، پاشانیش کە لە ژووری مۆنتاژی تەلەفزیۆنی قەڵات لەگەڵ مۆنتێری ئەو تەلەفزیۆنە خەریکی بڕینی قسەکان بووین بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی پوخت و کورتی لێ دروست بکەین و، وەك هەموو جارێك پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە لەسەر سکرین پیشانی ئامادەبووانی بدەین، هەروەها ئاگاداری ئامار و ڕاپۆرتی ئەو ڕاپرسییەش بووم کە هەڤاڵ دکتۆر جەلال ئەحمەد شرۆڤەی بۆ کردبوو، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتێکدا خەڵك لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، بەتایبەتیش خزمەتگوزاری تەندروستی، ناڕازییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ناتوانرێت بودجەی پێویست بەو ئاستە بەرزە تەرخان بکرێت کە هەموو هاوڵاتیان ڕازی بکات. لەمەش زیاتر کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی ١٠ساڵ زیاترە گەمارۆیەکی توندی ئابووریی لەلایەن بەغداوە بەسەردا سەپێندراوە و تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانیشی بەو شێوەیە بۆ

دەنێرێت کە دەبینین، بۆ ئەوە چووین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیبێت بوودجەیەکیش بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی دابین بکات، بەڵام کاتێك دووبارە بە تەواوەتی سەیری گفتوگۆکەمان بە ڤیدیۆ کردەوە، بەراستی داتا و ژمارەی زۆر سەرنجراکێشمان بەرگوێ کەوت، وەك:

١- تێچووی مانەوەی یەك شەوی نەخۆشێك لە نەخۆشخانە گەورەکانی وەك «ئازادی – دهۆك، فریاکەوتنی سلێمانی – ڕزگاریی هەولێر» ٣٠٠ دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت، تەنیا ئەم سێ نەخۆشخانەیە ١٢٠٠ قەرەوێڵەن.

٢- تێچووی یەك پشکنینی سۆنەر و تیشکی ئێکس ڕای و ئێم ئار ئای و سی تی سکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان لەسەر حکومەت ١٠٠-٢٠٠ دۆلار دەکەوێت، وەزیری تەندروستیش بە ئامار خستوویەتە ڕوو کە نزیکەی دوو ملیۆن لەو پشکنینانە لە ساڵێکدا ئەنجام دراون، جێگەی سەرسوڕمان بوون.

٣-سەرۆکی ئەنجومەنی تالاسیما لە کوردستان بە ئامار دەڵێت «٣٦٠٠-٤٠٠٠» تووشبووی نەخۆشی تالاسیما لە هەرێمی کوردستان هەن و خەرجی هەر یەکێك لەم نەخۆشە لە یەك مانگدا ١٠٠٠ دۆلارە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا هیچ کەموکورتییەکیان نییە و تەنیا داوای خزمەتگوزاریی زیاتر دەکەن.

٤- هەموو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی حکومەت لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو لەناو قەیرانی داراییش لە کارکردن بەردەوام بوون و هیچ کاتێك ڕانەوەستاون.

بێگومان ڕاپۆرتەکە کە لە ژمارەی ئەمجارەی گۆڤاری گوڵاندا بڵاو کراوەتەوە، زۆر زانیاریی زیاتر لەسەر کەرتی تەندروستی و هەنگاوەکان بۆ ڕیفۆرمی فراوانی ئەم کەرتەی لەخۆ گرتووە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین وێڕای ئەو پارە زۆرەی کە من لە چەند خاڵێکدا ئاماژەم پێ کرد و بەڕێز وەزیری تەندروستی هەرێم بە ئاماری زۆر ورد لەم ڕاپۆرتە خستوویەتە ڕوو، بەڵام کە سەیری هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان دەکەین بۆ کەرتی تەندروستی، بەڕاستی دەگەیتە ئەو قەناعەتەی هیچ نەکراوە.

هۆکاری ڕازی نەبوونی خەڵك لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە و بەرپرسیارانە لەم ڕاپۆرتەدا دەستنیشان کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵك بەشدار نییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا، بەڵام وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی زۆر گرنگی «دڵنیایی تەندروستی (Health Insurance)» ئامادە کردووە و لەلایەن ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەم دەست بەکار بێت، بۆ ئەوەی بنێردرێت بۆ پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت و ببێتە یاسا. ئەم یاسایە کە «دڵنیایی تەندروستی» بۆ هەر هاوڵاتییەکی کوردستان دابین دەکات، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕێژەیەك لە داهاتی تاك (کە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت) تەرخان دەکرێت بۆ «دڵنیایی تەندروستی»، ئەمەش جیا لەوەی دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ کەرتی تەندروستی، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئەو جیاوازییە گەورەیە نامێنێت کە ئێستا وەك واقیع دەبینین، کەسێکی دەوڵەمەند هەر سەری ژان بکات، دەچێتە نەخۆشخانەکانی ئەورووپا، خەڵکە هەژار و کەمدەرامەتەکەش دەبێت چەند مانگێك سەرە بگرێت هەتا کاتێکی بۆ دیاری دەکرێت نەشتەرگەرییەکی بۆ بکرێت، لەمەش زیاتر ئەم یاسایە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێبڕکێیەکی دروست لە نێوان نەخۆشخانەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی دروست ببێت، بە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و تایبەتەوە، هەردوو لاش، (کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت) بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن و لەژێر چاودێریی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبن.

لە دواییدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەم و وەك خاڵێکی جێگەی ئومێد لە ڕیفۆرمی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان سەیر دەکرێت، ئەوەیە هیچ ڕیفۆرمێکی سیستمی تەندروستی بەبێ پشتگیریی بەهێزی سیاسی سەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی خۆی بە شەخسی و وەك بەشێك لە پرۆگرامی «کوردستانێکی بەهێز» پشتگیریی دەکات، کە ئێستا ئەو پرۆگرامە هێڵە سەرەکییەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە کابینەی دەیەمدا زیاتر درێژەی دەبێت و ئەنجامەکانی باشتر دەبینین.

**تێچووی یەک پشکنینی سۆنەر و تیشکی ئێکس ڕای و ئێم ئار ئای و سی تی سکان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان لەسەر حکومەت ١٠٠-٢٠٠ دۆلار دەکەوێت**

**سەرۆکی ئەنجومەنی تالاسیما لە کوردستان بە ئامار دەڵێت «٣٦٠٠-٤٠٠٠» تووشبووی نەخۆشی تالاسیما لە هەرێمی کوردستان هەن و خەرجی هەر یەکێک لەم نەخۆشە لە یەک مانگدا ١٠٠٠ دۆلارە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**هەموو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی حکومەت لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو لەناو قەیرانی داراییش لە کارکردن بەردەوام بوون و هیچ کاتێک ڕانەوەستاون**

**کەسێکی دەوڵەمەند هەر سەری ژان بکات، دەچێتە نەخۆشخانەکانی ئەورووپا، خەڵکە هەژار و کەمدەرامەتەکەش دەبێت چەند مانگێک سەرە بگرێت هەتا کاتێکی بۆ دیاری دەکرێت نەشتەرگەرییەکی بۆ بکرێت**



### پ.د. نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرسی خزمەتگوزاریی تەندروستی تەنیا وەزارەتێک لێی بەرپرس نییە

پ.د. نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردیش گلۆبە کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت، لەهەمان کاتدا مامۆستایە لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفنوگۆ «خزمەتگوزاری تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا»، بەم جۆرە دید و تێڕوانی خۆی خستە ڕوو:

خزمەتگوزاریی تەندروستی باسێکی فرەڕەهەندە و لە یەك قۆناغدا ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکو پێش نەخۆشکەوتنی کەسەکە دەست پێدەکات، تا دوای نەخۆشکەوتن و وەرگرتنی چارەسەر و چاودێریی دوای چاکبوونەوەش، بۆ ئەوەی کەسەکە تووش نەبێتەوە و بە تەندروستی بمێنێتەوە. واتە پەیوەستە بە تەندروستیی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی، کە چەندە ژینگەکەی تەندروستە لە سیستمی خۆراکی، دابینکردنی سەرچاوەکانی پێویستیی

ژیانی، سیستمی پەروەردە تا کەلتوور و باوەڕی کۆمەڵگەش لە خۆپاراستن لە نەخۆشییەوە بگرە، تا شێوازی بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەر. هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن. بە نموونە کاتێك ژینگەی کۆمەڵگەیەك لە ڕووی ئاو و هەوا، بەرهەمهێنانی خۆراك و دروستکردنی ئارامیی دەروونیی تاکەکاندا تەندروست نییە، خەڵکانێکی زۆر نەخۆش دەکەون، ئەمانەش پێویستیان بە چارەسەرە، واتە فشار و ئەرکی زۆرتر دەکەوێتە سەر نەخۆشخانەکان و کەرتی تەندروستی. لەلایەکی دیکەوە هۆشیاریی تاك ڕەگەزێکی گرنگی تووشبوون، یان تووش نەبوون بە زۆرێك لە نەخۆشییەکانە، کە چۆن کەسەکە خۆی بپارێزێت و نەخۆش نەکەوێت، چۆن و کەی سەردانی پزیشك بکات و چۆن چارەسەر بەکار بهێنێت. لە کاتێکدا ئەمانە دەبێت ڕاگەیاندن و پەروەردە و دەزگا ئایینییەکان و خێزان و کەلتووری کۆمەڵگە بەشدار بن لەو هۆشیارکردنەوەیەدا، تاکو هاوکار بن و ئەرکی کەرتی تەندروستی ئاسان بکەن.

سیستمی خوێندن و پەروەردە دەبێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لەو بوارەدا، چونکە خوێندن و پەروەردە سەرچاوەی دروستکردنی ناسنامەی تاکە کە چۆن ڕەفتار بکات، چۆن خواردن بخوات، سیستمی خۆراکی تەندروست کامەیە و چۆن وەرزش بکات، چۆن خۆی بپارێزێت لە تووشبوون بە نەخۆشی.

ڕاگەیاندن ئامرازی هەرە کاریگەری دروستکردنی ناسنامەی تاکە، بەتایبەتی لەمڕۆدا کە میدیای نوێ لە بەردەست هەموو کەسێکە، بابەتی دیکەی وەك بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و دراما و ڕێنمایی جۆراوجۆر لە بەرنامەکانی منداڵانەوە بگرە تا بۆ گەورەکان کە چۆن هۆشیاریی تەندروستییان هەبێت.

خێزان دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پەروەردەی تەندروستی ڕاست بۆ منداڵان و دابینکردنی خۆراك و ژینگەی تەندروست بۆیان تاکو نەخۆش نەکەون. ئەمانە هەموو بەشدار دەبن لە خزمەتگوزاریی تەندروستی بە ئیزافەی ئەو ئەرکەی کە حکومەت هەیەتی لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە. کەرتی تەندروستی «بە گشتی و تایبەتەوە» خۆی پشکی سەرەکیی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستیی تاك لە پێش نەخۆشکەوتن تاکاتی چارەسەر و تا دوای چاکبوونەوە و چاودێریکردنی. کەرتی تەندروستی دەبێت خۆی ڕاگەیاندنی هەبێت کە ڕێنمایی و هۆشیارییە تەندروستییەکان بدات بە هاووڵاتیان، دەبێت هەماهەنگ بێت و پرۆژەی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ ئەو سێکتەرانەی دیکەی وەك پەروەردە و ڕاگەیاندن لە هۆشیاریی تەندروستیدا. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا لەبەر ئەوەی ژینگەیەکی پۆپۆلیزمی ڕاگەیاندنمان هەیە، بەدوای کەموکورتیی بچووکی تەندروستیدا دەگەڕێن و وەك هەڵەیەکی دکتۆرێك یان کەمیی خزمەتگوزارییەك لە نەخۆشخانەیەکدا، و دەیکەنە هەڵا و موزایەدەی سیاسیی خۆیان. واتە کەرتی تەندروستی بووەتە قوربانیی ئەو ئیریهابە فیکرییەی ڕاگەیاندنی چەواشە کە لەم هەرێمەدا هەیە. پرۆسەکە کە پرۆسەیەکی گشتگیری فرەڕەهەندە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بچووکیان کردووەتەوە لە کەموکووڕییەکی بچووك و گەورەی دەکەن لەبری ئەوەی ڕۆڵ ببینن وەك ڕاگەیاندنێك لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستیی تاك و پاراستنی لە تووشبوون و فەراهەمکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست بۆ هەمووان. سەرباری ئەوەش ساڵانێکی زۆرە هەرێمی کوردستان قەیرانێکی قورسی یەك لەدوای یەکی ئابووری لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە بەسەردا سەپێندراوە، کە هەموو ئەمانە نەك هۆکارن بە تەنیا بۆ کەمبوونەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نەخۆشخانەکاندا، بەڵکو نەخۆشخستنی کۆمەڵگە و هەژاربوونی خێزان و هاوڵاتییانە کە سەرچاوەی تووشبوونن بە نەخۆشی. بۆیە دەبێ هۆشیاریی تەندروستی ببێتە ئەرکێك لەم هەرێمەدا کە پابەندی کۆمەڵێك سیستمی دیکەی وەك پەروەردە و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی خۆراك بکات، کە هاوکار بن لەگەڵ کەرتی تەندروستیدا تاکو کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنین.

**هۆشیاریی تاك ڕەگەزێکی گرنگی تووشبوون، یان تووش نەبوون بە زۆرێك لە نەخۆشییەکانە، کە چۆن کەسەکە خۆی بپارێزێت و نەخۆش نەکەوێت**

**خوێندن و پەروەردە سەرچاوەی دروستکردنی ناسنامەی تاکە کە چۆن ڕەفتار بکات، چۆن خواردن بخوات، سیستمی خۆراکی تەندروست کامەیە و چۆن وەرزش بکات**

**خێزان دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پەروەردەی تەندروستی ڕاست بۆ منداڵان و دابینکردنی خۆراك و ژینگەی تەندروست بۆیان تاکو نەخۆش نەکەون**

**کەرتی تەندروستی بووەتە قوربانیی ئەو ئیریهابە فیکرییەی ڕاگەیاندنی چەواشە کە لەم هەرێمەدا هەیە**



## د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# ئەگەر کەرتی تەندروستی کەموکووڕیی نەبوایە، ئەو هەموو نەخۆشخانە ئەهلییانە دروست نەدەکران و کەرتی تەندروستی نەدەبووە بوارێک بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارییەکی بێ پلان و لێوانلێو لە چڵێسی

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستای کۆمەڵناسیی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێرە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی یازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا» بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

لە سەردەمێکدا دەژین، کە خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و پلاتفۆڕمەکانی لە ململانێی سیاسیدا، ڕەنگدانەوەی خراپیان بەسەر دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕەوشی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و، بواری تەندروستی بەتایبەت هەبووە، هەرچەندەش سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن تا ڕاددەیەکی باش ڕۆڵی چاودێر و جووڵاندنی ڕای گشتیشییان بینیوە، بە جۆرێك کە زۆر جار بوونی کەموکووڕی و گلەیی خەڵکیان لە ئاست و جۆری خزمەتگوزاریی تەندروستی، بە ڕای گشتی و ناوەندەکانی بڕیار گەیاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا زەقکردنەوەی ڕووداوێك، یا بوونی کەموکووڕی و ئاستەنگێك زیاد لە پێویست و قەبارەی خۆی، لە دوو لایەنەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە، لە لایەکەوە وێنەیەکی ناشیرینی کەرتی تەندروستیی حکوومی نیشان دەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی متمانەی هاووڵاتیان بەو کەرتە و، سەرەنجام زۆربەیان ڕوو دەکەنە کەرتی تەندروستیی تایبەت، بەو هۆیەشەوە ئەم بوارە دەبێتە گۆڕەپانێکی باش بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لەسەر حیسابی گیرفانی خەڵك. لە لایەکی دیکەوە متمانەی هاووڵاتیانش بە حکومەت زۆر لاواز دەکات، لە کاتێکدا تەندروستی بە یەکێك لە ڕایەڵە سەرەکییەکانی پەیوەندیی هاووڵاتی بە حکومەت دادەنرێت. کەواتە ئەدایەکی باشی حکومەت لە بواری کەرتی تەندروستیدا ڕۆڵی کاریگەری لە هەبوونی متمانەیەکی ئاست بەرزی هاووڵاتیان بە حکومەت هەیە. بەو واتایەش هەر کاتێك حکومەت لەم بوارانەدا وەك پێویست بە ئەرکی خۆی ڕانەبوو، با چاوەڕوانی ئەوە نەکات، پێگەیەکی باشی لای هاووڵاتیان هەبێت، بەتایبەت لە بەکوالێتیکردنی خزمەتگوازی و چاودێریی تەندروستیدا، بێگومان بۆ ئەمەش پێوەری تایبەت هەن و دەبێ خودی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێریی تەندروستیدا ڕەچاویان بکات:

- دەستبەرکردنی کەفائەت و لێهاتوویی پزیشکیی پزیشك و کارمەندەکانی کەرتی تەندروستی.

- بەکوالێتیکردن و تەندروستبوونی ئەو دەرمان و چارەسەرییانەی پێشکەش دەکرێن.

- دابینکردنی جێگە و ڕێگەی پێویست و شیاو و پاکوخاوێن.

- مرۆڤدۆستی و گیانی هاوکاری و خۆبەخشی پێش لەبەرچاوگرتنی سوود و بەرژەوەندیی ماددی.

- ئاسانکاری و بەردەستبوون و بەیەکسانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێریی تەندروستی بە هەموو چین و توێژەکان.

- دانانی کەمترین نرخ و تێچوون و دابینکردنی دەستەبەرییەکی تەندروستیی گشتی.

- خۆنەدزینەوە و بەدەنگەوەچوونی دەستبەجێی هەر ڕووداو و پێشهاتێکی لەناکاوی تەندروستی.

- پەرەپێدانی بەردەوامی سەرمایەی مرۆیی بە گشتی و کەرتی تەندروستی بە شێوەیەکی تایبەت.

- بنیادنان و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانە و هەموو ناوەندەکانی تایبەت بەو کەرتە.

- پاڵپشتیکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت لە بواری پزیشکیدا.

- بیرکردنەوە لە هەر ئەگەر و پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو و خۆئامادەکردن بۆیان.

- پاراستن و ڕێزگرتن لە خزمەت و گیانی ئەوانەی لەو کەرتەدا کار دەکەن.

- بە یاساییکردنی کەرتەکە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان و بوونی هەر کەموکوڕی، یا خراپ بەکارهێنانێکی خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتە.

- سزادانی هەر کەسێك، کە زیان بە تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگە بگەیەنێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێیە و لە چ پلە و پۆستێکدایە.

ئەمانە و چەندان پێوەری دیکە لە بواری خزمەتگوزاری و چاودێریی تەندروستیدا، ڕۆڵی کارا دەبینن لە دیاریکردنی ئاستی متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەت. بەتایبەت کە هێشتا لەم ناوچەیەدا ئەو قسەیە ڕەواجی خۆی لەدەست نەداوە، کە دەڵێت حکومەت باوکی میللەتە!

ناحەقییە ئەگەر بڵێین، حکومەت هیچ کام لەم پێوەرانەی بۆ بەکوالێتیکردنی خزمەتگوزاری و چاودێرییەکانی بواری کەرتی تەندروستی ڕەچاو نەکردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە وەك پێویست لەو بوارەدا کاری کردووە و کەموکووڕی نەبووە.

ئەگەر کەرتی تەندروستی کەموکووڕیی نەبوایە، ئەو هەموو نەخۆشخانە ئەهلییانە دروست نەدەکران و کەرتی تەندروستی بەو شێوەیە نەدەبووە بوارێك بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارییەکی بێ پلان و لێوانلێو لە چڵێسی! ئێستا کە پێ دەنێیتە ناو نەخۆشخانە و نۆڕینگە حکوومییەکان، زیاتر خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێدەرەتانت بەرچاو دەکەوێ، کە تا چاو بڕ دەکات نۆرەیان تەنیا بۆ بینینی دکتۆرێك گرتووە، دەزانن بۆ؟ لەبەرئەوەی هەرچەندە هەر یەك لەو نەخۆشخانە و نۆڕینگانە ژمارەی پێویست لە میلاکیان هەیە، بەڵام زۆربەی پزیشکان لە هەمان کاتدا لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیشدا دەوام دەکەن، مووچەی حکوومییان زامنە، پارووی نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش چەورە! بۆیە پێویستە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی هەر هیچ نەبێ، یاسایەك دەر بکات، کە هەر کەسێك لە نەخۆشخانەی حکوومی دامەزراوی هەمیشەیی بێت، بۆی نەبێت لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا دەوام و بزنێس بکات، بەمەرجێك ژیانێکی شایستە و شایستە داراییەکانیان بۆ دابین بکات.

حکومەت لە دوو لایەنەوە باری خەڵکی قورس کردووە، لە لایەکەوە کێشەی دارایی و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران، کە سەرەڕای سەختکردنی بژێوی مووچەخۆران، بازاڕیشیان سست و پەك خستووە، لە لایەکی تریشەوە دەستنەکەوتنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێویست لە نەخۆشخانە و نۆڕینگە حکوومییەکاندا، ناچاری کردوون ڕوو لە کەرتی تەندروستیی تایبەت بکەن، کە لەم کەرتەشدا لە ژمارەیەکی کەم نەخۆشخانە و نۆڕینگەدا نەبێت، تا ئێستا بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕەچاوی باری گوزەرانی خەڵك نەکراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠١٩، بارگرانیی خزمەتگوزاری و چاودێریی تەندروستی بە ڕێژەی ٦٪ی خێزانەکانی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی کیشوەری ئەوروپادا بەرەو هەژاری پەلکێش کردووە، لە بەشێکی زۆر لە وڵاتاندا گرانی و دەرەقەت نەهاتنی خەرجیی تەندروستی وای کردووە، هاووڵاتیان وەك پێویست نەتوانن پیداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان دابین بکەن، جا ئەگەر دۆخەکە لە وڵاتانێکی بەناو پێشکەوتوو و ڕێچکەشکێن لە ڕووی سانسۆر و سەروەریی یاسا بەوجۆرە بێت، دەبێ چی بەسەر ڕەوشی ژیانی هاووڵاتیانی وڵاتێکدا بهێنێ، کە تا ئێستا هەنگاوی پێویستی نەناوە، تەنانەت لە بواری سەقامگیریی سیاسی و ئابووریدا؟

دوا قسەم دەمەوێ بڵێم، با بە ڕواڵەت هەڵنەخەڵەتێین، قەیرانی دارایی ڕەنگدانەوەیەکی زۆر نەرێنیی بەسەر سایکۆلۆژیای خەڵکەوە هەبووە، خەڵك لە سترێسدا دەژین، سترێسیش هۆکاری زۆرێك لەو نەخۆشیانەیە کە تووشی مرۆڤ دەبن. خۆشگوزەرانی بە ڕواڵەت نییە، بەڵکو بە شێوازی ژیانە، شێوازی ژیانێکی تەندروستیش بەرهەمی پەیڕەوکردنی ئەجێندایەکی هەمەلایەنە و دوورمەودای سەرتاپاگیرە، ئەو ئەجێندایەش دەبێ لە پەروەردە و پێگەیاندنێکی شیاو و تەندروستەوە دەست پێ بکات، بەداخەوە ئەو دوو کەرتەش وەك پێویست نین و ئاسۆیەکی ئەوتۆیان لێ بەدی ناکرێت.

**ناحەقییە ئەگەر بڵێین، حکومەت هیچ کام لەم پێوەرانەی بۆ بەکوالێتیکردنی خزمەتگوزاری و چاودێرییەکانی بواری کەرتی تەندروستی ڕەچاو نەکردووە**

**ئێستا کە پێ دەنێیتە ناو نەخۆشخانە و نۆڕینگە حکوومییەکان، زیاتر خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێدەرەتانت بەرچاو دەکەوێ، کە تا چاو بڕ دەکات نۆرەیان تەنیا بۆ بینینی دکتۆرێک گرتووە**

**زۆربەی پزیشکان لە هەمان کاتدا لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیشدا دەوام دەکەن، مووچەی حکوومییان زامنە، پارووی نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش چەورە**

**پێویستە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی هەر هیچ نەبێ، یاسایەک دەر بکات، کە هەر کەسێک لە نەخۆشخانەی حکوومی دامەزراوی هەمیشەیی بێت، بۆی نەبێت لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا دەوام و بزنێس بکات، بەمەرجێک ژیانێکی شایستە و شایستە داراییەکانیان بۆ دابین بکات**

## فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# هەتا حزبە سیاسییەکان بەرنامە و تێڕوانینیان بۆ سیستمی تەندروستی گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ڕیفۆرمی تەندروستی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت



**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، کە هەر لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە بەشێکی گرنگی ئەم گۆڤارە فایلی «تەندروستی»یە و بایەخدان بووە بە تەندروستیی گشتی و پزیشکێکیش بەرپرسیاری ئەو فایلەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا» بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی خستە ڕوو.**

پێوەرێکی سەرەکی کە دەبێتە مەحەك بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانیی وڵات، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی فرەحزبین و پێکهاتنی حکومەتەکانیان بەرئەنجامی هاوپەیمانیی حزبە سیاسییەکانە، دید و تێڕوانینی حزبە سیاسییەکانە بە «حزبەکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆن»یشەوە، سەبارەت بە بایەخدانیان بە کەرتی تەندروستی و شێوازی بەرنامە و بیرکردنەوەیان بۆ پشتگیریی حکومەت لە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی تەندروستی و ڕێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی بەپێی پێوەرەکانی «ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی- WHO»، ئەوجا ئەگەر حزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە ئاستی بیرکردنەوە و بەرنامەکانیان بۆ تەندروستی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ئەوا ڕیفۆرمی تەندروستی و ڕێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی کارێکی ئاسان دەبێت و بە ئاسانی لە وڵاتدا سەرکەوتوو دەبێت و حوکمڕانییش ڕێچکەی حوکمڕانیی باش دەگرێت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، ئەوا ڕیفۆرمی تەندروستی ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، دەگاتە حاڵەتی نیمچە مەحاڵ و لەو وڵاتەدا سیستمی تەندروستی نابێت و، حوکمڕانییش ڕاستەڕێ نابێت، بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ «حوکمڕانیی باش- Good governance» بنێت.

ئەگەر لەناو ئەم پێوەرە گرنگەدا هەڵسەنگاندن بکەین بۆ کەرتی تەندروستی و ئەو خزمەتگوزارییانەی هەردوو کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکەن و، لەگەڵ تێڕوانین

و بەرنامەی حزبە سیاسییەکان بۆ تێگەیشتنیان لە گرنگیی کەرتی تەندروستی، ئەوا دەبێت کەرتی تەندروستیی ئێمە «گشتی و تایبەت» لەو ئاستەدا بێت کە هاووڵاتیان ڕەخنەی لێدەگرن، ڕاشکاوانەتر دەبێت لەو ئاستەدا نەبێت کە شایستەی گەورەیی گەلی کوردستان بێت.

لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «خزمەتگوزاریی تەندروستی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا» پسپۆڕ و تایبەتمەندان لەسەر پرسی تەندروستی گشتی «Public Health» ڕاشکاوانە ئەوەیان پێ ڕاگەیاندین «لە هەرێمی کوردستان هیچ حزبێکی سیاسی نەك هەر بەرنامە و ڤیژنی لەسەر تەندروستیی گشتی نییە، بەڵکو کە لەگەڵیان کۆ دەبینەوە، زۆر بێبەها باس لەم کەرتە گرنگە دەکەن، ئێستا پێمان سەیرە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ئاستە بەرزە بایەخ بە تەندروستیی گشتی دەدات و هەوڵ دەدات میکانیزمی گونجاو بۆ ڕیفۆرمی تەندروستی بەرهەم بهێنێت و، هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی سیستمێکی تەندروستیی ئاست بەرز لەم وڵاتە دابمەزرێت.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەی ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ دید و تێڕوانین و بەرنامەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینەی شارەکان لەساڵی ٢٠٢٠دا، وەك بینیمان حزبە سیاسییەکان «بەوانەی بەشداربوون لە حکومەت و ئەوانەشی ئۆپۆزسیۆن بوون «، نەك هەر پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان نەکرد، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕووی ئەو پەتا جیهانییە ببینەوە، بەڵکو خەریکی چەواشەکاری بوون و بەرنامەکەی حکومەتیان بۆ مەبەستی سیاسی و کۆکردنەوەی دەنگ ناشیرین دەکرد و، هانی خەڵکیان دەدا ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ نەکەن و پابەند نەبن بە کەرەنتینەوە.

ئاکار و هەڵسوکەوتی تاك ڕێژەی ٣٦٪ و باردۆخی کۆمەڵایەتی ڕێژەی ٢٤٪ و ٧٪ ژینگەی فیزیکیی سیستمی تەندروستیی هەر وڵاتێك پێك دەهێنن و، پێکەوەیش دەکاتە ی٦٧٪ سیستمی تەندروستیی هەر کۆمەڵگەیەك و، ئێستا وەك هەموومان دەیبینین و هەستی پێدەکەین ئەم ٦٠٪ی سیستمی تەندروستییەی ئێمە لە ژێر ڕەحمەتی بیرکردنەوە و بەرنامەی حزبە سیاسییەکاندایە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ «یاریکردن بە پارەی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەن و مەترسیدارەکان، پیسکردنی ژینگە، هێنانی خواردنی ماوەبەسەرچوو، دەرمانی خراپ و ئێکسپایەر، دروستکردن و قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر و بڵاوکردنەوەی لە کۆمەڵگەدا، بڵاوکردنەوەی ڕەشبینی و چەواشەکاری لەلایەن میدیای حزبەکانەوە بۆ ناشیرینکردنی کەرتی تەندروستی و پیشاندانی توانای پزیشك و کارمەندانی تەندروستی خۆماڵی بە لاواز و کەم ئەزموون و...هتد». شتێکی شاراوە ناڵێین، ئەگەر ڕاشکاوانە بڵێین بەشی شێری هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکان کە ڕووبەڕووی تەندروستیی گشتیی ئێمە دەبێتەوە، لە ئەستۆی حزبە سیاسییەکاندایە.

بەڕێز وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قسەکانیدا ئاماژەی بە دوو پڕۆژەی وەزارەتی تەندروستی لە کابینەی نۆیەم کرد، کە بریتین لە «دڵنیایی تەندروستی (Public Health)، ئەوی دیکەشیان دامەزراندنی «ئەنجومەنی باڵای پزیشکی (General Medical Council). دوو پرۆژەی هێجگار گرنگن و دەبنە نەخشەڕێگە بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرمێکی زۆر باش و ستاندارد لە کەرتی تەندروستی و ڕێکخستنەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا و، هەتا ئێستا قۆناغی باشی بڕیوە و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە و چاوەڕێی ئەوە دەکرێت پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤ دەست بە کار بێت و دەست بە پرۆسەی یاسادانان بکاتەوە، ئەوجا ئەم دوو پرۆژەیە بنێردرێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و ببێتە یاسا، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: «لە کاتێکدا کەرتی تەندروستی بازاڕێکی باش بێت بۆ بزنێسی حزبە سیاسییەکان، ئایا ڕێگە دەدەن ئەم دوو پڕۆژەیە ببێتە دوو دامەزراوەی جیاوازی خزمەتگوزاریی تەندروستی و گوشار لەسەر هاووڵاتیان نەمێنێت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگەیەدا بێتە ئاراوە؟ ئەگەر لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بەرنامەی حزبە سیاسییەکانەوە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین، ئەوا ناگەینە وەڵامێکی گەشبینانە، بۆیە دەبێت چاوەڕێ بکەین، بزانین دوای دەست بەکاربوونەوەی پەرلەمان، فراکسیۆنی حزبە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو پڕۆژە گرنگەدا دەکەن.

**ئەگەر حزبە سیاسییەکانی هەر وڵاتێک بیرکردنەوە و بەرنامەکانیان بۆ تەندروستی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ریفۆرمی تەندروستی کارێکی ئاسان دەبێت**

**لە هەرێمی کوردستان هیچ حزبێکی سیاسی نەک هەر بەرنامە و ڤیژنی لەسەر تەندروستیی گشتی نییە، بەڵکو کە لەگەڵیان کۆ دەبینەوە، زۆر بێبەها باس لەم کەرتە گرنگە دەکەن**

**بەشی شێری هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکان کە ڕووبەڕووی تەندروستیی گشتیی ئێمە دەبێتەوە، لە ئەستۆی حزبە سیاسییەکاندایە**

# پزیشکان جەخت لەوە دەکەنەوە دەستنیشانکردنی شێرپەنجە لە قۆناغی سەرەتاییدا چارەسەر ئاسانتر دەکات

**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایگەیاند، ساڵانە نزیکەی ٢٠ ملیۆن حاڵەتی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجە تۆمار دەکرێت و نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس بەو نەخۆشییە دەمرن پێشبینیش دەکرێت، ژمارەکە لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر بێت. ڕۆژی ٤ی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجە دیاری کراوە و بە دەرفەتێکی گرنگ بۆ بەگژداچوونەوەی شێرپەنجە لە جیهان دادەندرێت. لەم ڕۆژەدا چالاکیی جۆراوجۆر و بەرفراوان بۆ وشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە نەخوشیی شێرپەنجە و مەترسییەکانی و چۆنیەتی خۆپاراستن لێی ئەنجام دەدرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ٢ ی شوباتی ٢٠٢٤ ڕایگەیاند، لە ساڵی ٢٠٢٣، لە هەرێمی کوردستان تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە ٩٩١١ کەس بوون، لە پارێزگای هەولێر، ٥٤٥٦ کەس کە دەکاتە ٥٥٪، لە سلێمانی ٣٢٧٥ تووشبوو کە دەکاتە٣٣٪، لە دهۆکیش ١١٨٠ تووشبوو کە دەکاتە ١٢٪. لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ١٤٧ منداڵ لە پارێزگای هەولێر و لە سلێمانی ٢٠٣ منداڵ و لە پارێزگای دهۆکیش ٦٩ منداڵ تووشی شێرپەنجە بوون. بەراورد بە ساڵی پێشوو تر ڕێژەی شێرپەنجە بەرزبووەتەوە، کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ٩٠٦١ تووش بوو هەبووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٣ دا بۆ ٩٩١١ بەرز بووەوە.

«پێنج ساڵ پێش ئێستا لە پزیشکەکەمم بیست تووشی شێرپەنجە بووم، ئەو هەواڵە بۆ من هێدمەیەکی زۆر گەورە بوو، دواجار ڕۆیشتنی هاوسەرەکەم ئازارەکانی زیاتر کردم.»

ئەمە قسەی دیمەن نادر بوو، ئەو ئافرەتە تەمەن ٤٢ ساڵەیە کە وەك خۆی باسیکرد، ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە دەجەنگێت و لەمبارەیەوە دەڵێت:« لەگەڵ هاوسەرەکەم ١٨ ساڵ پێش ئێستا بڕیاری هاوسەرگیریماندا، دوای ماوەیەك ناوماڵ و زێڕ و سەیارە و ئەوەی هەمانبوو، کردمانە پارە و بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوتین. دواتر ئیقامەمان وەرگرت. خوای گەورە دوو منداڵی دیکەشی پێداین، ئیتر سێ منداڵی جوانمان لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەورە کرد، ساڵانێکی زۆر تاڵی و سوێری ژیانم چەشت، گیرفانم لە هاوسەرم

جیا نەبوو، شان بەشانی ئەو کارم دەکرد، ئەوەی لە داهاتی خۆمان کۆمان کردبووەوە، لە کوردستان خانوو و زەویمان پێ کڕی، هەمووشی بەناوی هاوسەرم بوو، چونکە ئەوم لە گیانی خۆم خۆشتر دەویست، هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو بە ناوی کامیان بێت. پێنج ساڵ پێش ئێستا لە پزیشکەکەمم بیست تووشی شێرپەنجەی مەمک بووم، چارەسەرەکەم بە جوانی دەڕۆیشت و بە قسەی پزیشکەکان قۆناغێکی سەختم تێپەڕاند، بەڵام هاوسەرەکەم تەنیا دوو ساڵ بەرگەی نەخۆشی منی گرت، دوای ئەوە مامەڵەی لەگەڵم گۆڕا، زوو زوو سەفەری کوردستانی دەکرد، زۆر شتی لێم دەشاردەوە. دواتر زانیم لە کوردستان هاوسەرگیری لەگەڵ کچە خاڵەکەی کردووە، بەڕاستی ئەو دۆخە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیشم دروست کرد و چارەسەرییەکانی دواخستم، ئێستا زۆر تەنیام تاکە دڵخۆشیم منداڵەکانمە و لە پێناو ئەوان حەز بە مانەوە لە ژیان دەکەم، لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە تەندروستیم باش بێتەوە و بۆ منداڵەکانم هەم دایک بم هەم باوک، بۆیە بە ورەی بەرز و پشتیوانیی خوا و عەشقی منداڵەکانم لە پێناو مانەوە دەجەنگم و تا ئێستا توانیومە بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵ بم».

سەبارەت بە هەمان پرس د. سەرکەوت مەجید خۆشناو پزیشکی ڕاوێژکار بۆ چارەسەری گرێ و نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، باس لە هۆکارە بۆماوەیی و ژینگەییەکانی شێرپەنجە دەکات و دەڵێت: شێرپەنجە بریتییە لە نەخۆشکەوتنی جینەکان. خانەکانی لەشی مرۆڤ بە سیستەمێك بەڕێوە دەچن، کە لەلایەن جینەکانەوە دیاری دەکرێت. بۆیە ئەگەر هەڵە لە کاری جینەکان دروست بوو، ئەوا هەڵە لە سیستەمی بەڕێوەچوونی خانەکان دروست دەبێت. لە دوای شێرپەنجەی سییەکان شێرپەنجەی مەمك باوترین جۆری شێرپەنجەیە. چەند هۆکارێکی بۆماوەیی و ژینگەیی بە یەکەوە دەچنە پاڵ یەك و دەبنە هۆی دروستبوونی بازدان لە جینەکان، کە دیارترینیان ئەمانەن:

هەتا تەمەن زیاتر بێت، ئەگەری ڕووداوی هەڵە لە کاری جینەکان زیاتر دەبێت، چونکە لە ناو خانەکانی لەش سیستەمی ڕێگریکردن لە ڕووداوی هەڵەی جینەکان هەیە، ئەو سیستەمە لەگەڵ زیادبوونی تەمەن بەرەو لاوازی دەڕوات، بە ڕێژەی ٨٠٪ شێرپەنجەی مەمك لەو ئافرەتانە روو دەدات کە تەمەنیان لە پەنجا ساڵ زیاترە، هەروەها قەڵەوی دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك دوو جار زیاتر دەکات.

- **هۆکارە هۆرمۆنییەکان:**

دەستپێکردنی سووڕی مانگانە لە تەمەنێکی بچووک و ڕاوەستانی لە تەمەنێکی گەورە، شیرنەدان، منداڵ نەبوون و بەکارهێنانی هۆرمۆنی ژنانە.

د. سەرکەوت خۆشناو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «تێبینی کراوە ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام وەرزش دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان بە ڕێژەی ١٠٪ کەمترە. هەر خواردنێکیش کە دەوڵەمەند بێت بە سەوزە و میوە، ماسی و ڕۆنی زەیتوون ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە کەم دەکاتەوە.

- **هۆکارە هەڵسوکەوتییەکان:**

خواردنەوەی کحول، جگەرە کێشان، کارکردن بە شەوان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات، وەرگرتنی چارەسەری تیشکی بۆ گرێ لیمفاوییەکانی سینگ (بۆ نموونە بۆ چارەسەری لیمفۆما).

- **هۆکارە بۆماوەییەکان:**

ئەو ژنانەی کە کەسێکی نزیکیان تووشی شێرپەنجەی مەمك بووە، ئەگەری تووشبوونیان زیاترە. بەڵکو شێرپەنجەی هێلکەدانیش لە کەسێکی نزیك ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات .

(لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەری تووشبوونیان زیاترە لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە)، بەڵام بەشێکی ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون، هیچ کەسێکی نزیکیان پێشتر تووش نەبووە.

توێژینەوەیەکی نوێ کە زیاتر لە ١٥٠٠ ئافرەت بەشدارییان تێدا کردبوو، پیشانیدا کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان شێرپەنجەی مەمك و لەبەرکردنی ستیاندا نییە.

هاوکات بەپێی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستا کراون، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بەکارهێنانی حەبی ڕێگری لە سکپڕی و شێرپەنجەی مەمك تێبینی نەکراوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پشکنینی پێشوەختە ڕێژەی مردن کەم دەکاتەوە و شێرپەنجە بە هەموو جۆرەکانییەوە کە لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی دەستنیشان دەکرێت چارەسەری ئاسانتر دەبێت، زۆربەی جار شێرپەنجە لە دوو ساڵی یەکەمی دوای چارەسەر دەگەڕێتەوە، بۆیە لەو ماوەیە پێویستە سێ مانگ جارێك سەردانی پزیشك بکرێتەوە».

**بەراورد بە ساڵی پێشوو تر ڕێژەی شێرپەنجە بەرزبووەتەوە، کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ٩٠٦١ تووش بوو هەبووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٣ دا ٩٩١١ کەس بوون**

**توێژینەوەیەکی نوێ کە زیاتر لە ١٥٠٠ ئافرەت بەشدارییان تێدا کردبوو، پیشانیدا کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان شێرپەنجەی مەمک و لەبەرکردنی ستیاندا نییە.**



## ئەڤین سەڵاح:

# خانمان دەتوانن سەربەرزانە بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، بێ ئەوەی کەس بوێریی ئەوە بکات پەنجەیان بۆ ڕابکێشێت

ئەڤین سەڵاح خانمە بلۆگەرێکی گەنج و بە سەلیقەی شاری سلێمانییە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەهرە و تواناکانی پیشانی هەوادارەکانی دەدات، هەروەك خۆی باسی دەکات سەرەتا چەند کارێکی دیکەی کردووە و پاشان بڕیاری داوە بە شێوەیەکی جیاواز دەست بە کاری ڕیکلام بکات، ڕیکلامەکانیش بە جلوبەرگی کوردی و لە سرووشتە جوانەکەی کوردستان ئەنجام دەدات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئەڤین سەڵاح تەمەنی ٣٥ ساڵە دەرچووی قۆناغی ئامادەییە خێزاندارە و دایکی سێ کچە. لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە شێوازی ڕێکلامەکان و ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.

«جۆری کارەکەم بریتییە لە ڕیکلام و ناساندنی بزنسە موعتەبەرەکان لە ڕێی سۆشیاڵ میدیاوە، سەرەتا پەیجی ئۆنلاینم هەبوو، کە تایبەت بوو بە باڵەی شووشەواتی ئەورووپی و بۆ ناساندنی کارەکەم شێوازی تایبەت بە خۆمم هەبوو، تا وای لێهات لە سەرتاسەری کوردستان کارەکەم ناسرا و خەڵکێکی زۆر دەستخۆشیان لێدەکردم، بەشێکیش لە خاوەنکارەکان داوای ڕێکلامیان لێ دەکردم، لە ئاکامدا بڕیارمدا بە شێوەیەکی جیاواز دەست بە کاری ڕێکلام بکەم، واتا هەر کارێك ڕەزامەندی دیین و کۆمەڵگە و تەندروستی لەسەر بێت و سوود بە تاك و کۆمەڵ بگەیەنێت ناساندنی بۆ بکەم. ستایلی ڕێکلامەکانیشم جیاوازە، چونکە بە جلوبەرگی کوردی و لە سرووشتی کوردستاندا ئەنجامیان دەدەم».

ئەڤین سەڵاح سەبارەت بە ئامانجی لە کارکردن دەڵێت: «ئامانجم ئەوەیە هەم خۆم پێبگەینم هەم لە ڕێگەی پۆستەکانم خانمان فێری ئەوە بن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، سەربەرزانە بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، بێ ئەوەی کەس بوێری ئەوە بکات پەنجەیان بۆ ڕابکێشێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا کارکردن بۆ ئافرەتێك بەم شێوەیە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کار و هاوسەرداری و دایکایەتی سەخت نییە؟ ئەو گوتی: «ئافرەت بە گشتی ماڵ بەڕێوەدەبات و منداڵ پەروەردە دەکات، کارکردنیشی لە دەرەوەی ماڵ زۆر زۆر سەخت دەبێت، بەتایبەتی بۆ من کە خاوەنی سێ کچم لە سێ تەمەنی جیاواز کە هەرسێکیان دەخوێنن، ئەگەرچی هەموو هەوڵ و ماندووبونێکم بۆ ئەوانیشە بەڵام نەمهێشتووە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بێ کەم و کوڕی بن، چونکە بە پشتیوانی خوای گەورە هیچ ڕۆژێکم بەبێ بەرنامە داڕشتن تێناپەڕێت، بۆیە توانیومە ئەو هاوسەنگییە تا ئاستێکی باش ڕابگرم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە کارەکەمدا هاوسەرم هاندەر و پاڵپشتمە تەنانەت بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆکانم لەگەڵمدایە و هەموو دەرچوونێکمان بەیەکەوەیە».

ئەڤین سەڵاح لە بارەی بەربەست و ڕێگرییەکانی سەر ڕێگەی دەرکەوتنی دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە هەرکاتێك خانمان دەست بدەنە هەر کارێك بەربەست دێتە سەر ڕێگەیان، جا بەپێی کەسوکار جیاوازە جیاوازی من ئەوەیە کە لەگەڵ خانمانی دیکە ئەوەیە کە کاتێك بڕیاری کارێکی دروست دەدەم کە هەم سوودی بۆ خۆم و هەم بۆ خێزانەکەم هەیە، ئامادە نیم لە دەرەوەی خێزانەکەی خۆم گوێ لە هیچ پێشنیار و ڕەخنەیەك بگرم، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە کەمتر ئاستەنگ بۆ من دروست بووە، باوکم و هاوسەرم و براکانم تەواوی باوەڕ و متمانەیان پێ بەخشیووم، خوا یار بێت تا لە ژیاندام لە ئاست متمانەیاندا دەبم».

**ستایلی ڕێکلامەکانم جیاوازە چونکە بە جلوبەرگی کوردی و لە سرووشتی کوردستاندا ئەنجامیان دەدەم**

**ئافرەت بە گشتی ماڵ بەڕێوەدەبات و منداڵ پەروەردە دەکات، کارکردنیشی لە دەرەوەی ماڵ زۆر زۆر سەخت دەبێت**

**هاوسەرم هاندەر و پاڵپشتمە تەنانەت بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆکانم لەگەڵمدایە و هەموو دەرچوونێکمان بەیەکەوەیە**

کانی کامەران بۆ گوڵان:

# دەمەوێت تابلۆکەم وەکو چەکێکی قسەکەر بەکار بێنم



**کانی کامەران شێوەکارێکی خەڵکی چۆمانە و ئێستا بۆ خوێندن لە هەولێرە و قوتابی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە قۆناغی چوار، تاکو ئێستا کارەکانی بە شێوازێکی سەردەمیانە پێشکەش کردووە بۆیە بۆتە جێگای سەرنج و خواستی خەڵك، سەبارەت بە کارەکانی گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کرد.**

*** هەر هونەرمەندێك شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە شێوازی کارکردنی تۆ چۆنە؟**

- من لە ئێستادا لەنێو ئەزموونی تاقی کردنەوەی شتەکانم بەڵام رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆژەو تابلۆی و شێوازی تایبەت بە خۆم هەبێت.

*** لەنێوان بەهرە و ئەزمون خۆت لە کامیاندا دەدۆزیتەوە ؟**

- بێگومان بەهرە گرنگە، بەڵام من وای دەبینم مرۆڤ بە ئەزموون زێدەتر پێش دەکەوێت زۆرجار بینیومە ئەوانەی بەهرەیان هەبووە پەرەیان پێ نەداوە لەگەڵ کەسێکدا کە رۆژانە ئەزموونی شتەکان دەکات جیاوازی زۆری هەیە، من پێم وایە بەهرە بەبێ ئەزموون و راهێنانی ڕۆژانە وەک پێویست نابێت، ئەزموون باشترین مامۆستا بووە، بۆیە خۆم لە ئەزموندا دەبینمەوە کەمتر لە بەهرە.

*** چۆن دەتوانیت لە رێگەی هونەرەوە گوزارشت لە ئافرەت بکەیت ؟**

- بێگومان ئافرەت لە هەموو سەردەمەکان و تاکو ئێستاش پێگەی گرینگی خۆی هەبووە بە خۆشحاڵییەوە من توێژینەوەکەم دەربارەی ئافرەتە، هەر هونەرمەندێك بەشێواز و ئایدیالی خۆی گوزارشت لە ئافرەت دەکات لە هونەردا بەتایبەتی هونەری شێوەکاری ئافرەت چ وەك دایك یاخود پەناگە نیشتیمان خوشك یاخود وەکوو نوێنەرایەتی کردنی کەسێکی جوان و لێهاتوو دەتوانی هەموو ئەو رۆڵانە بگێریت لە تابلۆدا بێگومان ئەوە دەکەوێتەوە سەر هونەرمەندەکە کە چۆن گوزارشت لە ئافرەت دەکات.

***ئەو بابەتانە چین کە لەرێگەی تابلۆکانتەو کە دەتەوێت تیشکیان بخەیتە سەر؟**

- پێش هەرشتێکەوە دەمەوێت تابلۆکەم وەکو چەکێکی قسەکەر بەکار بێنم بۆ ئەو بارودۆخانەی لە کۆمەڵگادا هەیە کاریگەریشی لەسەر من دەبێت و ئەمەیە دواجا وادەکات من تابلۆ بکێشم پەیامی خۆم لە رێگای هونەری شێوەکاری دەرببرم بێگومان ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گەر خەیال و خۆشەویستی خەم خۆریت زۆر بوو دەتوانیت ئەم کارە بکەیت و خۆشەویستی و راهێنانی بەردەوام بۆ هونەر وادەکات بگەیت بەو ئامانجەی کە لە تابلۆکەتدا هەیە

*** تاچەند هونەری شێوەکار پەیوەندی بە هونەرەکانی دیکەوە هەیە بۆ نموونە شانۆ و سینەما و موزیك؟**

-هونەر لەهەر بوارێکی تایبەتی دابێت دواجار هەموویان بەیەکەوە جوانن وەك دەتوانن بەیەکەوە کار بکەن و ئێمە گەر بمانەوێت شانۆ بکەین بەبێ موزیك و تابلۆ رەنگە ئەوە ناکرێت گەر شێوەکاری نەتوانێت لە خزمەت دەربڕینی پەیامێکی ئەدەبی یاخود دیمەنێکی موزیکدابێت کەم دەهێنێت و بۆیە دەبینم گەر هەر بوارێك لەخۆیدا قول بکەینەوە دەتوانین بە تەنیاش کاربکات، بەڵام دواجار هەموویان لە شوێنێك بەیەکەوە دەبەستنەوە و نمایشێکی هونەری دەکەن جا ئەمە لە شێوەکاری یاخود شانۆ و سینەما و موزیك هەربوارێکی تردا بێت.

*** ماوەیەکە سەرقالی کاری هونەری دیوار بەندیت دەکرێت ئاماژە بەو بیرۆکەیە بکەیت؟**

- بەڵێ من جیا لەوەی کە قوتابی بەشی هونەریم لە دەرەوەی ئەمەشدا گەر کاری هونەری دیوار بەندی هەبێت وەری دەگرم ئەمە بەپێی داواکاری خەڵکە کە تا چەند گرنگی بەم لایەنە دەدەن بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا کاری دیوار بەندی گرینگی زیاتری پێدەدرێت وەك لە پێشتردا بیرۆکەی وەرگرتنی کارەکە بەم جۆرەیە کە خاوەن کارەکە داوای دیوار بەندی دەکات جا ئەمە بۆ جوانکاری شوێنەکەیە یاخود دەرخستنی پەیام و بیرۆکەیە بۆیە لەم ماوەیەدا چەند کارێکی دیوار بەندی بەیەکەوە بوون و وای کرد زیاتر لەو بوارەدا دەربکەوم و هەروەها ئەزمونی جوانتر بکەم

*** لەئێستادا زانکۆکان لە چ ئاستێکدا دەبینیت سەبارەت بە بواری هونەری؟**

- بەپێی ئەو ئەزمونەی کە وەکوو قوتابییەک لە کۆلێژدا پەیدام کردووە ئاگاداری کۆلێژەکانم زانکۆکان لە قۆناغی یەکەوە چەند قوتابییەک لای خۆیان دیاری دەکەن بۆ ئەوەی پلەی یەکەمی پێ بدەن وەکو کێبرکێ کردنی نێوان قوتابیان ئەمەش هەنگاوێکی بێسودە، چونکە ئەو سیستەمەی کە زانکۆ پەیرەوی دەکات دوورە لە دیاری کردنی لێهاتوویی قوتابی بەداخەوە ئەوەندەی کار لەسەر لایەنی سیاسی و خۆنمایش کردنی قوتابیان گرنگی پێدەدرێت، هێندە گرنگی بە سەلیقە و لێهاتوویی نادرێت زانکۆ چەندین ساڵە بەو سیستەمە کاردەکات لە قۆناغی یەکەوە کار لەسەر قوتابی دەکات کە بێ دەنگ بێت، هیوادارم ئەم سیستەمە بگۆرێت و لەهەرشتێك زیاتر گرنگی بە لێهاتوویی بدرێت و کار لەسەر ئەمە بکەن تاوەکوو لە دوارۆژدا نەوەیەکی چاوکراوەمان هەبێت.







مەستی سەمیر

یاریزانی ی یانەی سیروانی هەڵەبجە:

# کۆمەڵگا پێویستی بە هۆشیاری وەرزشی زیاتر هەیە

لە دەڤەری هەڵەبجەی شەهید و شارەزوور گرنگییەکی زۆر بە یارییەکانی تۆپی باڵەی کچان دەدرێت و کچانی ئەم دەڤەرە ڕوو لە سەرجەم وەرزشە جیاجیاکان دەکەن. یانەی سیروانی هەڵەبجە یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە بەردەوام بەشداردی کێبڕکێیەکان دەکات، چ لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و هەمیش لەسەر ئاستی کوردستان. یانەکە پلانی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت. یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە دوا ڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی دەکات، کچە یاریزان «مەستی سەمیر»ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ پارێزگای هەڵەبجەیە. لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**• چۆن بوو بڕیارت دا یاریی باڵە هەڵبژێریت؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەوەم هەبووە کە ببمە یاریزانێکی باش لە یاریی باڵەدا، لەگەڵ گەورەبوونمدا توانیومە تواناکانم بەگەڕ بخەم و بگەم بەوەی کە مەبەستمە.

**• چ هەستێکت هەیە یارییەکی زەحمەت ئەنجام دەدەیت؟**

- بۆ من هەستێکی زۆر تایبەتە، چونکە ئەوە خولیای من بووە، ئەمەش وای کردووە کە لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا بە زەحمەت نەیبینم.

**• چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- بۆ پێشخستنی ئاستی تۆپی باڵەی کچانی کوردستان، پێویستییە سەرەتاییەکانی ئەو یارییە لە تۆپ و گۆڕەپانی باڵەی پێشکەوتوو، هەروەها درێس و پێڵاو بۆ یاریزانەکان فەراهەم بکرێت، ئیڤێنت و ڕووبەڕووبوونەوەی تیمە ناوخۆییەکان ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەی یاریزانی کچانی کورد تاقیکردنەوە و ستراتیژی باشی لە کاتی پاڵەوانییەتییە دەرەکییەکاندا هەبێت.

**• گرفتەکانی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

کێشە و گرفتەکانی ئەم یارییە، خۆی لە کەمیی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردی و ڕێگریی خێزانەکان لە بەشداریی کچان لەم یارییەدا و کەمیی گۆڕەپان و پێویستییەکانی دیکەدا دەبینێتەوە.

**• ئەم یارییە لە چ ئاستێکە لە شارەکانی کوردستان؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستاندا جیاوازە تا ڕادەیەك کە زۆر هۆکاری لێ دەکەوێتەوە.

**• بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەك یاریزانێك؟**

- من وەك کچە یاریزانێك هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوونێکی باش دەدەم لە یاریی تۆپی باڵەدا.

**• گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانەوە؟**

- تا ئێستا چەند پێشنیارێکم بۆ هاتووە.

**• هۆکاری چییە ئافرەتان بەکەمی ڕوو لە وەرزش دەکەن؟**

- گرفتی ئافرەتان لە کوردستاندا کەمیی هۆشیاریی و کۆمەڵگەی کوردییە لە ڕووی وەرزشییەوە، هەروەها نەبوونی لایەنی مادییەك بۆ بەشداربوون و بەردەوام بوون.

**• داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- ئایندەی تۆپی باڵە دەمێنێتە سەر هۆکار و پشتگیریی لایەنی پەیوەندیدار و خێزان و کۆمەڵگەی کوردی، بە ڕێگری نەکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم یارییە، چونکە گەنج و لاوی کورد بەهێزن و توانای تەواویان هەیە بۆ گەیشتنە ئاستی لوتکەی ئەم یارییە.

**• خەونی وەرزشیت چییە وەك وەرزشوانێك؟**

- خەونی من ئەوەیە بتوانم بەردەوام بم و ئاستی وەرزشیم بەرەوپێش ببەم.

**• پلانت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- لە ئێستادا نادیارە.

**• پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- پاڵەوان بوون لەم بوارەی کە مەبەستە زۆر گرنگە، هاندەرێکە بۆ دەرخستنی تواناکانی هەر تاکێك کە ئامانجی گەورەی هەیە.

**• بەهیوای ئەوە نیت کە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش ببیتە یاریزانی تیپەکە؟**

-بە دڵنیاییەوە ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە.

**•ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خەمخۆرییان بۆ وەرزشی ناوخۆ و ناساندنی یاریزانان.





# یانەی هەندرێن خۆی بەهێز دەکات

یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەم وەرزە بە ئاست و ئەنجامێکی خراپەوە دەڕوات، هەرچەندە کارگێڕیی یانەکە بە هیوایەکی زۆرەوە هاتبووە نێو خولی پلە نایابەکانی کوردستان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە. لە چواردە یاریی ڕابردوودا یانەکە تەنیا ١٣ خاڵی بەدەست هێناوە و لە پلەی دوازدەهەمی خولەکە دێت، ئەم ئەنجامەش بۆ یانەی هەندرێن وەك پێویست نییە. هەر بۆیە کارگێڕیی یانەکە بڕیاری دا ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی بەهێز بکات بە هێنانی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرز، بۆ ئەوەی بتوانێت لە کێبڕکێکانی خولەکەدا ئاست و ئەنجامی بەرزتر بەدەست بهێنێت و، بتوانێت بگەڕێتەوە خانەکانی پێشەوە و ئەنجامەکانی شایستەتر بکات لە خولەکە. بۆ ئەم مەبەستە یانەکە گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان «ئالان سەعدوڵڵا لە یانەی پیشەسازی و سلێمان ڕەشۆ و محەمەد عیسا یاریزانانی پیشەگەری سووری و حوسێن خالید سامەڕایی» کرد، بۆ ئەوەی بتوانێت بەم چوار گرێبەستە و هێنانی یاریزانی دیکە لە قۆناغی دووەم، تیپەکە بەرەو قۆناغێکی باشتر ببات.

# تایکواندۆی
# یانەی زانکۆی جیهان دەچێتە ئیمارات

تیپی تایکواندۆی کوڕانی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان لە وڵاتی ئیمارات بەشداریی پاڵەوانێتیی تایکواندۆی نێودەوڵەتیی «فوجەیرە» دەکەن، کە بڕیارە لە ٩ی مانگی داهاتوو یارییەکانی دەست پێ بکات و ماوەی چوار ڕۆژ بخایەنێت. بۆ ئەم پاڵەوانێتییەش کوڕانی زانکۆی جیهان لە ئاستە جیاوازەکان هەموویان خاوەنی ئاستێکی بەرزی یاریکردنن و خاوەن مەدالیای جۆراوجۆرن لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەش. لەم پاڵەوانێتییەشدا چاویان لەوەیە بە ئاست و ئەنجامی گەورەوە بگەڕێنەوە شاری هەولێر و سەری هەولێری پایتەخت بەرز بکەنەوە. یانەکە بە پێنج یاریزان لە پێنج کێشی جیاواز بەشداریی کێبڕکێکانی خولەکە دەکات و دەیەوێت ئەنجامەکانی لەسەر ئاستی پاڵەوانێتییەکەش جێگەی دڵخۆشی بێت. لەم بارەیەوە «مامۆستا عەلی سەرکەوت» ڕاهێنەری تیپی تایکواندۆی کوڕانی زانکۆی جیهان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست و ئەنجاممان هەبێت لەم پاڵەوانێتییەدا، بۆ ئێمە کارێکی باشە بتوانین خۆمان بسەلمێنین کە ئێمەی کوردیش دەتوانین بەشداریی پاڵەوانێتییەکان بکەین و ئەنجامی دڵخۆشکەرمان هەبێت. بە پێنج یاریزانی لاو بەشدار دەبین و چاومان لەوەیە کێبڕکێ بکەین. هیچ گرفتێکمان نییە و یاریزانانی تیپەکەمان بەردەوامن لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان.»




# مەحمود شاكر دەچێتە بەغدا

ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گەیشتن بە تیپی یەکەمی خولی عێراقی، بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی کوردی شاری دووزخورماتوو «مەحمود شاكر» مۆركرد، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە تواناكانی ئەم یاریزانە كوردە وەربگرن. بەڵام بە ڕەزامەندیی هەردوو لا گرێبەستەكەی لەگەڵ یانەی هەولێر هەڵوەشایەوە و، ڕووی لە یانەیەكی شاری بەغدا كرد. لەبارەی هۆكاری جێهێشتنی ڕیزی یانەی هەولێر، مەحمود شاكر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من سەرەتا بە هیوایەكی زۆرەوە هاتم بۆ یانەی هەولێر، بەڵام پێچەوانە دەرچوو، هەمــوو دەزانن كە من شایستەی ئەوەم بە شێوەیەكی سەرەكی یاری بكەم.

هۆكارێكی دیكەیش ئەوە بوو كە یاریزانان بە چاوێكی كەم سەیری یاریزانانی خولی كوردستان دەكەن، منیش وام هەست دەكرد لە شوێنێكی غەریبم و لە هەولێر نیم، مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە وەك یاریزانە پیشەگەرەكان نەبوو، هیچ هەلێكم پێ نەدرا بۆ یاریكردن. هاتنیشم بۆ ڕیزی یانەی هەولێر هەڵبژاردنێكی هەڵە بوو كە من ئەنجامم دا. سوپاسی هاندەرانی یانەی هەولێریش دەكەم كە پشتگیریی زۆریان كردم. بەر لە هاتنم بۆ ڕیزی یانەی هەولێریش سێ گرێبەستی خولی عێراقیم هەبوو، بەڵام من هەولێرم هەڵبژارد. ئێستا لەگەڵ یانەی ئەمانە گرێبەستم كردووە و چاوەكان زیاتر لەسەر ئەو یانەیەیە و بۆ من زۆر باشترە، لە ئێستادا ئامادە نیم بگەڕێمەوە خولەكانی كوردستان. بۆ من لە ئێستادا كاتی ئەوەیە لە خولی عێراقی یاری بكەم، هەرچەندە زۆربەی یانەكانی خولی نایابی كوردستان داوای گرێبەستیان لێ كردم، بەڵام من دەمەوێت لە ڕێگەی خولی عێراقییەوە پەرە بە تواناكانی خۆم بدەم.»





# درۆن و ئۆتۆمبیل پێکەوە

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا، ئۆتۆمبێلێك بەناوی Land Aircraft Carrier سەرنجی بەشداربووانی پێشانگاکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئۆتۆمبێلەکە بەرهەمی کۆمپانیای Aero HT چینییە. لە جۆری نیوە پاسە و شەش کەس هەڵدەگرێت. خاڵی سەرنجی لەوە دایە کە لەگەڵ شەش کەسەکە درۆنێکی تایبەت بەناوی eVTOL لە پشتەوەی دایە و دەرگای پشتەوە دەکرێتەوە و درۆنەکە دێتەدەر و کەسانی ناو ئۆتۆمبێلەکە سواری دەبن و وەك کۆپتەرێك بە ئاسماندا دەفرێت. دوو ئامێرن لە پاڵ یەکدا. ئۆتۆمبێلەکە خۆی کارەباییە. دیارە ئۆتۆمبێلەکە تەنیا نموونەیەك نەبوو بۆ نیشاندان بەڵکو لە پێشانگاکەدا زیاتر لە سێ هەزار کەس داوایان کرد و بڕیار وایە لە ساڵی ٢٠٢٦دا بگاتە دەستیان. هەم درۆنەکە و هەم ئۆتۆمبێلەکە دەکرێت بەبێ شۆفێریش لە ڕێگای ژیریی دەستکردەوە بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆن.



# کامێرایەکی زیرەک تایبەت بە گوڵ و گیا

لە پێشانگای ئەمساڵی CES2025دا کامێرایەکی چاودێری تایبەت بە گوڵ وگیا بەناوی (Petal) بەرهەم هاتووە، کامێراکە بەمەبەستی چاودێری ژینگە و گیاناسی و زیندەوەرناسی بەرهەم هاتووە. کامێراکە زیاتر بۆ پسپۆران و زانایانی بواری ژینگە بۆ توێژینەوەکانیان لە بواری زانستیدا سوودی لێوەردەگیرێت. دیزاین و ستایلی کامێراکەش وەك گوڵ دەچێت و پێویستی بە شەحنکردنەوەش نییە و لە تیشکی خۆر سوود وەردەگرێت.

تایبەتمەندییەکی نوێی کامێراکە ئەوەیە کە ناسینی جۆرەکانی گیا و زیندەوەرانە. کامێراکە بە سوود وەرگرتن لە ژیریی دەستکرد و وا دەکات زانیاریی ورد لەبارەی گیاوگوڵ و زیندەوەرەکان بزاندرێت.







# چاویلکە و ژیریی دەستکرد

لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا چاویلکەیەك خرایە ڕوو دەکرێت بڵێین تا ئێستا لە ڕیزی پێشکەوتووترین ئەو چاویلکانە دێت کە سوود لە ژیریی دەستکرد وەردەگرن.

چاویلکەی جۆری Halliday glasses جامی چاویلکەکان شاشەیەکی تایبەتن کە هەموو زانیارییەك لە مەودای ٣,٥ ئینجی بۆ بەکارهێنەر نیشان دەدەن. لەبەر تیشکی خۆرەتاویش هیچ کێشەیەکی نییە. تەواو پاڵپشتە بە ژیریی دەستکرد و وەڵامدانەوەی پرسیارە دژوارەکان و کورتکردنەوەی باسەکانی کۆڕو فیستیڤاڵەکان بەشێکن لە تایبەتمەندی چاویلکەکە.

چاویلکە کاری وەرگێڕان بۆ چل زمان دەکات، دەنگ دەکاتە دەق، نیشاندانی دەقی ئەو گۆرانیانەی کە گوێیان لێدەگیری، وەڵامدانەوەی پەیامەکان. کێشی چاویلکەکە ٣٥ گرامە و هەتا هەشت کاتژمێر پێویست بە شەحنکردنەوە نییە.



# ڕۆبۆت یا مێزێکی بچووک

لە پێشانگای CES2025دا چەندین ڕۆبۆت نمایش کران، یەکێك لەو ڕۆبۆتانە ڕۆبۆتی Mi-MO بوو کە لە شێوەی مێزێکی بچووك دەچێت، ڕۆبۆتەکە شەش قاچی هەیە و زیاتر وەك گڵۆپی خەو دەچێت. ڕۆبۆتەکە بەرهەمی کۆمپانیایەکی ژاپۆنییە. ڕۆبۆتەکە کامێرا و مایکێکی تایبەتی هەیە و لە دەوروبەردا دەسووڕێتەوە و وەڵامی ویستی بەکارهێنەرانی دەداتەوە. لە زۆربەی زمانەکان دەگات و توانای ناسینی دەنگ و وێنەی هەیە. ڕۆبۆتەکە بەمەبەستی چاودێری منداڵان دروستکراوە، چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە و لە کاتی تووش بوون بە مەترسی بەخێوکەرانی منداڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. لە داهاتوودا نوێ دەکرێتەوەو ئەرکی وەك هێنانی قاوە و چای بۆ بەکارهێنەرانیشی ئەنجام دەدات.


# ژیریی دەستکردی گوگڵ و خزمەتی زمانی کوردی


لەوکاتەوە ژیریی دەستکرد هاتە ناو راگەیاندنەکانەوەو بۆتە رۆژەڤ، بەردەوام چاوەڕێی ژیریی دەستکردی نوێین و بزانین کامەیان لە خزمەتی زمانی کوردی دایە.. خزمەتگوزاری claude یەکەم هەنگاوی ژیریی دەستکرد بوو بۆ خزمەتی زمانی کوردی و ناسینی ئەو زمانە. لەم دواییەش گوگڵ گەورەترین دیاری پێشکەشی زمان و راگەیاندنی کوردی کرد. ژیریی دەستکردی Google AI Studio لە ناو ریزبەندی ژیرە دەستکردەکان بۆ زمانی کوردی لە پلەی یەکەمدایە. ئەو ژیریی دەستکردە زمانزان، هەڵەچن،



نووسەر، یاریدەدەرێکی زۆر باشی زمانی کوردییە. لەمەولا نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد بۆ تایپکردنی نووسینەکانی پێویستی بەوە نییە بە پەنجە تایبی بکات، بەڵکو بە دەنگی خۆی بۆ ژیریی دەستکردی ئاماژەکراو دەیخوێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەنگ دەکاتە دەق و هەڵەچنی رێنووس و رێزمانیش دەکات. خزمەتگوزاریی دیکەش OCRی کوردییە. نووسەری کورد دەتوانێ بە دەستخەتی خۆی و وێنەی بگرێ و ئەویش بۆی دەکاتە دەقی دیجیتالی.. ئەم ژیریی دەستکردە دەیان خزمەتگوزاری دیکەشی تێدایە.







## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێک دەپرسێت: چۆن دەتوانم پارێزگاری لە زانیارییە کەسییەکانی خۆم بکەم لە کاتی بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز پێویستە ئەم ڕێکارانە بگریە بەر. بەکارهێنانی پاسۆردی بەهێز و جیاواز بۆ هەموو هەژمارەکانت. سیستەمی کارپێکردن و بەرنامەکانت بەردەوام نوێ بکەرەوە. تەنها بەرنامەکان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو دابگرە. بەرنامەی دژەڤایرۆس دابمەزرێنە و بەردەوام نوێی بکەرەوە. پێش دابەزاندنی هەر بەرنامەیەک ڕێگەپێدانەکانی بخوێنەرەوە. بەکارهێنانی تۆڕی تایبەتیی مەجازی (VPN): بۆ پاراستنی داتا لە تۆڕە گشتییەکان. ئاگاداربوون لە هەوڵەکانی فێڵ و هاك کردن. بۆ نموونە ئیمەیڵ و نامە گوماناوییەکان مەکەوە.




# تەبلێتە ناواز و سەرسوڕهێنەرەکەی سامسۆنگ

سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی CESدا یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکانی پێشکەش کرد، کە نازاندرێ چ ناوێکی بۆ دابندرێ،تەبلێت یا لاپتۆپ. تەبلێتەکە لە ناوەندەوە دەنوشتێتەوە و دەبێتە لاپتۆپێک و وەک لاپتۆپێک سوودی لێوەردەگیرێ و بەکارهێنەر بە حەزی خۆی دەتوانێ بەشێک لە تەبلێتەکە وەک کیبۆردێکی مەجازی بۆ لاپتۆپەکەی بەکار بێنێ. تەبلێت لاپتۆپەکان سێ جۆر بوون Flex Solo و Slidable Flex Duet و Slidable Flex Vertical کە هەرکام تایبەتمەندی خۆی هەبوو، جیاوازی سەرەکیان لە قەبارەی پانێڵەکان دابوو.

جۆری Slidable Flex Duet بۆ هەردوولا دەنوشتایەوە و لە تەبلێتێکی ١٢,٤ ئینجییەوە دەبوو بە لاپتۆپێکی بچووکی ٨ ئینجی.

جۆری Slidable Flex Solo دەکرێ وەک لاپتۆپێکی ١٣ ئینجی سوودی لێوەربگیردرێت و دەبوو بە تەبلێتێکی ١٧,٣ ئینجی. جۆری Sl-idable Flex Vertical زۆر بچووک و لە نێوان مۆبایل و تەبلێتدا بوو، لەکاتی کردنەوەی وەک تەبلێتێکی ٦,٧ ئینجی سوودی لێوەردەگیردرا و لەکاتی نوشتانەوەی وەک مۆبایلێکی ئاسایی بەکار دەهات.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ خوێندنەوە

لە ماڵپەڕی ئامازۆندا بە ملیۆنان کتێبی تێدایە، هەر ڕۆژش دەیان کتێبی نوێی پێوە زیاد دەبێت، کتێبەکان بە زۆربەی زمانەکانن. ئەگەر تۆ یەکێکی لە ئۆگرانی خوێندنەوە بەڵام ئەو کتێبانەی لە ئامازۆندان ناتوانی بیانخوێنیەوە، کێشە نییە، لەسەردەمی ژیریی دەستکردا هیچ شتێك کێشە نییە. سەر لە ماڵپەڕی https://sobrief.com/ بدە و لە بۆکسێك دا ئەدرەسی واتە لینکی کتێبی مەبەستت بدە بە ماڵپەڕەکە و زمانی دیاریکراوی خۆت هەڵبژێرە، ماڵپەڕەکە زانیاری ناو کتێبەکەت بە زمانی مەبەستی خۆت بۆ کورت دەکاتەوە و تەنانەت بەدەنگیش دەیخوێنێتەوە. بەڵام ژیریی دەستکردەکە بە خۆڕایی نییە و دەبێ هەژمارێکی خۆت هەبێ و مانگانە تێچوویەك بدەی.

## بە کەمتر لە کاتژمێرێک خانوو دروست بکە

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا یەکێک لەو تەکنەلۆژییە نوێیانە کە سەرنجی بەشداربوان و هەموو ئۆگرانی تەکنەلۆژیای نوێی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، نمایش کردنی خانوویەکی زیرەك بووک. خانوویەك کە پێوستی بە وەستا و کەسانی پسپۆڕ نییەو لە کاتژمێرکدا دروست دەبێت.

خانووی زیرەکی جۆری microhaus Pro خانوویەکە بۆ دوو کەس دەگونجێت و لە هەر شوێنێك لە جیهاندا بی دەتوانی لەگەڵ خۆتی ببەی، گواستنەوەی زۆر ئاسانە. خانوویەکە ١١ مەترە و کێشەکەی چوار تەن دەبێت. بەڵام بە ئاسانی بە ئۆتۆمبیلێك هەڵدەگیردرێت.

کارەبای خۆی لەگەڵدایە و هەتا چوار ڕۆژ پێویستی بە شەحن کردنەوە نییە، بەهۆی تیشکی خۆرەوە شەحن دەبێتەوە. خانووەکە پێکهاتووە، لە چێشتخانە، ژووری نوستن، هۆڵێك و حەمام و دەستشۆر... هەموو کەلوپەلەکانیشی لەگەڵ خۆیدایە. لە ئاست بەهێزترین بومەلەرزەدا خۆراگرە و لە هەموو کەشوایەك گونجاوە، لە هاوینێکی گەرم و زستانێکی ساردیش دا هیچ کێشەیەکی نییە. تەنانەت دەتوانێت ئاویش لە شێی هەوا بەدەست بێنێت. خانووەکە تەنیا بۆ دوو کەس دەبێت.



# ڕۆتینی ڕۆژانەی تەواو بۆ ئەوەی لێوەکانت بە نەرمی بمێننەوە



لێوەکان بەهۆی سەرما و وشکیی کەشوهەواوە تووشی چەندین ئالنگاری دەبن، بۆیە بەرهەمە شێدارکەرەوەکانی لێو دەبێتە پێویستییەك لە ڕۆتینی چاودێریی پێستدا.

ئەم بەرهەمانە فۆرمولەی دەوڵەمەند بە مادده خۆراکییەکانی وەك کەرەی شیا و زەیتی گوێزی هیندی و ترشی هیالۆرۆنیکیان تێدایە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر لێوەکان شێدار دەکەن و خۆراکیان پێ دەدەن. ئەمەش بەشدارە لە دوورکەوتنەوە لە قلێشان بێزارکەر. سەرەڕای ئەوەش، زۆرێك لەم بەرهەمانە سوودی زیاتر وەك پاراستن لە تیشکی سەروو وەنەوشەیی دەبەخشن، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە هەڵبژاردەیەکی دڵخواز بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییە سەختەکانی زستاندا.

**کەرەی شیا و زەیتی بادەمی شیرین بۆ لێو:**

پێکهاتەکانی: کەوچکێکی چێشت کەرەی شیا، نیو کەوچك زەیتی بادەمی شیرین.

چۆنیەتیی ئامادەکردن:

کەرەی شیاکە بە ئارامی لە ناو دەفرێدا بتوێنەوە تاوەکو نەرم دەبێت، دواتر زەیتی بادەمی شیرینی تێبکە و پێکهاتەکانی بە باشی تێکەڵ بکە.

تێکەڵەکە بگوازەرەوە بۆ دەفرێکی بچووك و با سارد بێتەوە تا دەگاتە پلەی گەرمیی ژوورەکەت.

تێکەڵەکە وەکو بەڵسمی لێو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەکار بهێنە.



# وشككردنەوەی گوڵەبەڕۆژە لە ماڵەوە و بە ئاسانی


بۆ وشككردنەوەی گوڵ، ئاسانترین ڕێگە بریتییە لە گەرمكردنی فڕنێك بۆ ١٨٠ پلە، گوڵەكان بخەرە سەر سینیيەك و لە فڕنەكەدا دایبنێ بۆ ماوەی دە خولەك بۆ ئەوەی باشتر وشك ببێتەوە، بە جوانی گەڵا و گوڵەكانی بپشكنە و پاش وشكبوونەوە لە فڕنەكە دەری بهێنە.

لە لایەكی یكەوە دەتوانرێت گوڵ بە هەوا وشك بكرێتەوە، بە ڕێكخستنی گوڵەكان بۆ چەپكە گوڵێكی جوان پێش وشكبوونەوە، دەتوانن لقەكانیان ببڕن (نەك بەتەواوی)، لە بنەوە بە لاستیكێك بەیەكەوە ببەسترێنەنەوە و لە شوێنێكی فێنك و تاریكدا بە تەنا فێكدا هەڵیانواسە. لەم چوارچێوەیەدا لاستیكەكە بە دەوری چەپكە گوڵەكاندا دەپێچرێت بۆ ماوەی ٢-٣ هەفتە، كاتێك گوڵەكان وشك دەبنەوە، دەشكێن، بۆیە پێویستە بە سپرای قژ بیرشێنرێت بۆ بەهێزكردنی و پاراستنی لە زیان، پێویستە سپرای قژی بێ بۆن بەكار بهێنیت و لەسەر گوڵەكان بە نەرمی بپرژێنیت بۆ ئەوەی ئەو گوڵانەی وشكت كردووەتەوە تەڕ نەبن.



**ئامادە كردنی: شیلان عەلی**

# ئایكۆنی هەشتاكان دەگەڕێتەوە نێو جیهانی زێڕینگەری





جیهانی زێڕینگەری لە ئێستادا پڕە لە ستایلی ئیلهامبەخش لە ئێستاشدا، ڕۆحی زیندوو لە جیهانی زێڕینگەریی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو گەڕانەوەیەكی سەرسوڕهێنەر بۆ جیهانی زێڕینگەری دەكات، كە ڕەنگی تێر و دیزاینی قەبارە گەورە و كۆمەڵێك ناوازەیی تێدایە، زێڕینگەرییەكان جەوهەری دە ساڵێك دەگرێتەوە لە گوارەی گەورە تا ملوانكەی درێژ، زیندووكردنەوەی ئەم پارچە ئایكۆنانە بانگهێشتی شەپۆلێكی نوێی نۆستالژیا دەكات.

زێڕینگەرییەكان كە لە مار و پەلەوەرەوە ئیلهامیان وەرگرتووە كە دەخزێنە ناو ڕوناكییەكانەوە، تێكەڵەیەكی سەرنجڕاكێشی جوانی سرووشتی و وردبینی پێشكەش دەكەن. بە بەكارهێنانی نەخشە ئاڵۆزەكان و ڕەنگە زیندووەكان و پێكهاتە ناوازەكانی ئەم بوونەوەرە ناوازانە، دیزاینەران پارچەیەك دروست دەكەن كە ڕەنگینی و سەرنجڕاكێشی بەرجەستە دەكەن، لە ملوانكەی شۆڕەوە كە بە شێوەیەكی ڕەسەن لە مل دەكرێت، تا گوارەی قەڵەمی كە لە تەرازوو دەچێت، ئەم دیزاینانە لە شێوازی خشۆك و باڵندەكان بانگهێشتی لەبەركەر دەكات بۆ ئەوەی هێزی ناوەوەی خۆی بە جوانییەكی تەواو بنوێنێت.







# خانووەک تەمەنی نزیکەی ١٤٠ ساڵە


ئاگرە گەورەکەی لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکا یەکێك لە بەناوبانگترین ماڵە مێژووییەکانی شارەکەی وێران کرد و کردییە خۆڵەمێش، ئەویش ماڵی ئەندرۆ مەکنیلی بوو کە لە ساڵی ١٨٨٧ دروست کراوە. یەکێك لە جوانترین قوربانییەکان بوو. ئەم خانووە سەرنجڕاکێش و مێژووییە چەندین ژووری لەخۆگرتبوو، لە نێویاندا ژوورێکی تورکی بوو، کە بە نووسین و زەخرەفەی عەرەبی جوان نەخشێندرابوو، جوانترین دیزاینی سەرنجڕاکێشی هەبوو کە بە یەکێك لە خانووە جوانەکانی ئەو شارە دادەنرا.



# یاسا


**مارەیی پێشەکی و پاشەکی**

لە هەرێمی کوردستان کە مارەیی پێشەکی یان پاشەکی ژن بە زیاتر لە ١٩ مسقاڵ زێڕی عەیار ٢١ دادەنرێت، دوو پاڵنەر ئەمەی دروست کردووە، ئەوانیش عورف و پرسی دانی زەکاتە لە بڕی زێڕە، لە چوارچێوەی شەریعەی ئیسلامدا. لەلایەنی عورفەوە، گەلێك جار هاوژینان چاو لە کەسانی پێش خۆیان یان و دەوروبەریان دەکەن و پێیان کاریگەر دەبن کە ئەمەیان کردووە، بەو پێیەی کە ئەمە ڕاستە و دەبێت وا بکرێت، بۆیە ئەوانیش هەمان شت پیادە دەکەن. سەبارەت بە دان یان لێکەوتنی زەکاتیش لە مارەییەك کە بڕەکەی زیاتر بێت لە ١٩ مسقاڵ زێڕی عەیار ٢١، کە پاڵنەری سەرەکییە بۆ دانانی مارەیی ژن بەم بڕە، ئەمەیان سەرچاوەکەی شەریعەی ئیسلامە کە هەر بڕە زێڕێك کێشی بگاتە ٨٥ گرام، ئەوا گەیشتووەتە ڕێژەی (نیساب)ی شەرعی و پێویست بەوە دەکات کە ساڵانە زەکاتی لێ بدرێت، چونکە زەکات یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام و دانی واجبە لەسەر کەسی موسوڵمانی خاوەن سامان. ئەم ٨٥ گرامە بەگوێرەی حیساب لێك دراوەتەوە، کە بە نزیکەیی دەکاتە ١٩ مسقاڵ زێڕی عەیار ٢١ و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زێڕی عەیار ٢١ بەراورد بە زێڕی عەیار ٢٤زێڕێکی بێگەرد و تەواو پاك نییە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ئازادی و خۆبەستنەوە بە هەر بابەت و ڕابردوویەکەوە دەکات، کە ئەو بەستنەوەیە دەبێتە مایەی وەستان لە ژیان و لە هەر هەنگاوێکدا.



## دیمەنە سەیرەکان

**پەیکەری ئازادی**

کارکردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پەیکەری ئازادی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە پرۆژە نوێیەکانت جێبەجێ دەکەیت و هەنگاو بەرەو ئامانجەکانت دەنێیت، هەندێك ناکۆکی لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا ڕوو دەدات، بەهۆی دەستوەردانی کەسانی دیکەوە، لەپێناو پاراستنی جەستەتدا سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەرەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە سوود لە تاقیکردنەوەکانی کەسانی پسپۆڕ وەربگرە، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باش بنیاد بنێیت، واز لە غیرەکردنی زۆر بهێنە، دەنا زیان بە پەیوەندیی سۆزداریت دەگەیەنیت، وەرزشکردن باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە کرژبونی ماسوولکەکانی جەستەت ڕزگارت ببێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کارەکەتدا برۆ و هەوڵ بدە خۆت بگونجێنیت، غیرەکردنی زۆری خۆشەویستەکەت بەرامبەر بەتۆ وا دەکات کەمێك بێزار بیت، دەبێ بوێرانە ڕووبەڕووی بیتەوە و ڕاستییەکانی تێبگەیەنیت، هەوڵ بدە یەکسانی لە خواردنەکانتدا پەیڕەو بکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هێندە هەڵەکان دوبارە مەکەرەوە و سوود لە ڕابردو وەربگرە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕووبەڕوو هەندێك کێشە و گرفت دەبیتەوە، هەوڵ بدە پێداچونەوە بۆ تەواوی گرفتەکانتان بکەن و هەوڵی چارەسەری بدەن، خواردنی تەندروست باشترین هەنگاوە بۆ تەندروستییەکی باش.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەرگیز لەگەك هاوپیشەکانت گفتوگۆ لەسەر بابەتی بێمانا مەکە و نهێنیی ژیانت مەدرکێنە، هەست بە ئاسوودەی دەکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت و هەنگاوی نوێ دەنێن، پێویستە ئاگاداری جۆری خواردنەکانت بیت.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویست ناکات لە هەمو کارێکدا سەرجەم هاوپیشەکانت هاوبەشی پێ بکەیت، هەمیشە هەوڵ بدە نهێنیی کارکردنت هەبێت، کەشێکی نەرێنی کاریگەری دەخاتە سەر پەیوەندیی سۆزداریت، دەبێ زۆر بە ئاگا بیت و چارەسەر بدۆزیتەوە، هەوڵ بدە پەیوەست بیت بە ژەمی خواردنی تەندروستەوە.

بۆ زانیاریت

## دووانەی لە لایەنی زانستیدا

لەدایکبوونی دووانە، دیاردەیەکە لە ناو مرۆڤەکان و هەندێك لە ئاژەڵە شیردەرەکانی تریشدا. تەنیا بە ڕێژەیەکی ٣٪ی مرۆڤەکان منداڵی دووانەیان دەبێت. پێشتر وا دادەنرا کە دیاردەی لەدایکبوونی دووانە، شتێکی دەگمەنە، لەبەر ئەوەی لە ڕەچەڵەکدا ئەو دیاردەیە لە دیاردەی (یەك دانە بێچوو خستنەوە) هاتووە. بەڵام، وەك لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی نوێدا دەرکەوتووە، ڕاستییەکەی شتەکە بە پێچەوانەوەیە، واتە وەختی خۆی زۆربەی زۆری شیردەرەکان زیاتر دووانەیان دەبوو وەك لە خستنەوە یەك دانە. لەناو شیردەرەکاندا دیاردەی (یەك بێچوو خستنەوە)، لە دوا ٦٠ ملیۆن ساڵ بەملاوە زیادی کردووە. ئاژەڵە شیردەرەکان بە یەك ڕێژەی هاوبەش بێچوو ناخەنەوە. هەر بۆ نموونە، زۆربەی زۆری پرایمەتەکان (مەیموون و ئەیپ و ئاسك و هتد) زیاتر یەك بێچوو دەخەنەوە، بەڵام چەندین ئاژەڵی دیکەی شیردەرە وەك (سەگ و گورگ و ڕێوی و چەقەڵ (بە گشتی ئەوانەی بە canids ناسراون)، لەگەڵ پشیلەکان (felids) و هتد) چەندین بێچوو دەخەنەوە لە هەر کاتێکدا. گرنگە ئاگادار بن، لەگەڵ ئەوەشدا کە پرایمەتەکان زیاتر یەك بێچوو دەخەنەوە لە هەر جارێکدا، بەڵام چەندین جۆری پرایمەتەکانی وەك lorises، lemurs و galagos و هەموو جۆرەکانی marmosets و tamarins هەن کە دووانەیی دەخەنەوە. لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییە فایلۆجێنیتیکییەکان و بەراوردکردنی هەلومەرجی ئاژەڵە شیردەرەکانی ئەمڕۆ و ئەژدادەکانیان، دەرکەوت (یەك بێچوو خستنەوە) تا ئاستێك دیاردەیەکی نوێیە و لە شێوازی خستنەوەی دووانەییەوە هاتووە. دەرکەوت نزیکەی ٦٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر زۆربەی زۆری شیردەرەکان بە شێوازی دووانەیی بێچوویان دەخستەوە.




فیلم

## گزی خۆشەویستی - The Love Scam




فیلمێکی کۆمیدی و ڕۆمانسییە، لە سەرەتای سەری ساڵەوە لە سینەماکان نمایش کرا، باس لە دوو برا دەکات دەیانەوێت بەیەکەوە خانوو دروست بکەن، کە پێشتر بڕە پارەیەکیان لە کارکردندا دەست کەوتبوو، دواتر تووشی داوی خۆشەویستی دەبن و پارەکانیان سەرف دەکەن. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە دەرهێنانی ئەمبێرتۆ کارتێنی، لە نووسینی سیرۆ زیکا، کاترینا سالڤادۆری، لە نواندنی: لاورا ئەدریانی، ئەنتۆنیۆ فۆلیتۆ، فینسینزۆ نیمۆلاتۆ، لۆریس دی لونا، ڕۆبێرتۆ دی فرانسیسکۆ.



## پەند و وتە

نووسەری کتێبە ڕۆمانسی و ڕۆمانەکان «ڕۆزالی ماجیو» لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ ی شاری تێکساسە لە ئەمریکا و لە ساڵی ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەڵچوونی مرۆڤ دەڵێ: «کاتێك بە هەر هۆکارێك هەڵچوونێکت پێوە دیار دەبێت، خەڵك وا هەست دەکەن کەسایەتیت وایە و بەخراپە لەسەر دەشکێتەوە، کاتێکیش وڕەت دەبێت ئەوانیش لەگەڵت وڕەیان دەبێت، بەڵام کاتێك هەست بە بێزاری دەکەیت، ئەوان هەست بە دڵخۆشی دەکەن».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا مانگ و ڕۆژێك هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بزانیت مانگەکە یان ڕۆژەکە ڕاستە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە سەرەتا پێویستییەکانت دیاری بکە و کارەکانت ڕێك بخەرەوە، پێش ئەوەی باس لە هەر بابەتێك بکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت دەبێ بزانیت کەشەکە گونجاوە بۆ گفتوگۆ یان نا، وەرزشکردن باشترین یارمەتیدەرە بۆ تەندروستییەکی گونجاو.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە سوود لە کێشە ئاڵۆزەکان و بەربەستە قورسەکان وەربگرە و هەوڵ بدە لێیانەوە فێربیت، تا زیاتر هەنگاو بنێیت، بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێ بۆ کێشەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، لەلایەنی جەستەییەوە پشوو دەدەیت و ئاسوودە دەبیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

تێگەیشتن و ڕێککەوتنت لەگەڵ هاوپیشەکانت و شێوازی کارەکەت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زیاتر ماندوو ببیت، هەمیشە لە پەیوەندیی سۆزداریدا بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێ کە ڕۆتین لەناو ببات، ڕۆژەکانی پشوو بقۆزرەوە و باشترە کەمێك بحەوێیتەوە و گرنگی بە خەو بدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانت پارێزگاری لە تواناکانی خۆت بکە لە کارەکەتدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەبن بەهۆی ڕەفتارەکانی خۆتەوە، ئەم چەند ڕۆژە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، گوێگرتن لە میوزیکێکی ئارام دەروونت ئارام دەکاتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هاوپیشەکانت هەوڵ دەدەن هاوکاریت بکەن، تۆش دەبێ لێیانەوە فێربیت و زانیاریی نوێ وەربگریت و ئەم هەلە بقۆزیتەوە، خۆشەویستەکەت فەرامۆش مەکە، چونکە دەبێت بایەخی پێ بدەیت و سۆز و خۆشەویستیی بدەیتێ، چونکەئەم ماوەیە پێویستی بەتۆ هەیە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانتدا پێویستە زیاتر ماندوبیت، بەپێی توانا هەوڵ بدە خۆت بەدوور بگرە لە گومان، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندی سۆزداریت دەبێت، سەرەڕای بونی کێشەیەکی زۆر، تەندروستیت باش دەبێت لەلایەنی جەستەیی و دەروونییەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media





# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan January 27, 2025 Issue,No.1448

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـــ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

